# ٧ رۆژنامە

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.548 Tue 22/ 9/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 548 سێشەممە 22/ 9/ 2009




## نەوت، سومعەی هەرێمی رووشاند

٢-٣

# جەوهەر نامیق: یەکلیستی بۆ قۆرغکردنی دەسەڵاتو رەتکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنە

**رۆژنامە**

جەوهەر نامیق سالم پێیوایە، ترسی لەیەکترازاندنو پەرتکردنی ماڵی کورد لە فرەلیستیدا نییە، بەڵکو لە تاکڕەوییو یەکلیستییە، ئەمەش وەک وەڵامێک بۆ ئەو پاساوانەی پارتیو یەکێتی دەیهێننەوە «بۆ پێویستی یەکلیستی» بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

لەوبارەیەوە ئەو سیاسەتمەدارەی کورد دەڵێت: بەپێچەوانەی یەکلیستی، فرەلیستی دەبێتە مایەی دروستکردنی متمانەو دیاریکردنی قەبارەو بەرپرسیارێتیو حەسمکردنی دەسەڵات، نەک وەکو ئێستا کە زۆر لە شکستیەکانی کورد لە ناوەندو لە هەرێم لەنێوان لوتکەی یەکێتیو پارتی بزرەو هەندێکجار هەر یەک دەیخاتە پاڵ ئەوی دیکە، هەروەک پێشیوایە، سووربوون لەسەر (یەکلیست)ی بۆ قۆرغکردنی دەسەڵاتو تۆقاندنی شەقامی کوردستانییە، بە مەترسییە دەرەکییەکانو پرسە چارەنووسسازەکانو رەتکردنەوەو ئیحتیوای ئۆپۆزسیۆنە.

بە بڕوای جەوهەر نامیق، «بوونی لیستی جیاجیا بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکوک، ئەگەر لە بوونی فرەلیستی هەڵبژاردنەکانی هەرێم گرنگتر نەبێت، کەمترنییە».

لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا کە دەقەکەی لەلاپەڕە(٤و٥)دابڵاوکراوەتەوە، جەوهەر نامیق رەخنەی ئەوە لە حیزبە دەسەڵاتبەدەستەکان دەگرێت «هێندەی لەسەر وەرگرتنی پۆستەکانی بەغدا سوورن، هێندە لەسەر مافەکانی کورد سوورنینو ئەوەندە سەرقاڵی موجامەلەکردنو بایەخدانن بە ئەجێندای هێزو لایەنەکانی غەیرە کوردو پۆستو دەستکەوتی رۆژبوون، ئەوەندە پێیان دانەگرتووە لەسەر خاڵە سەرەکییەکانی پرسی کورد». هەروەها نوێنەرەکانی کورد لە بەغدا بەوە تۆمەتبار دەکات کە «زیاتر سەرقاڵی پلەوپایەو بەشو پارەبوون، وەک هاوڵاتییەکی عێراقی تەماشای (رزگاری)و (داگیرکردن)و دەسەڵاتیان کردووە، نەک وەکو نوێنەری نەتەوەیەکی خاوەن کێشەو پرسێکی پێناسەکراو. ئەودۆخەی ئەمڕۆ دەرئەنجامی خۆشباوەڕیو کورتبینیی لوتکەی دەسەڵاتی پارتیو یەکێتییەو ئێستا خۆیانو ئۆپۆزسیۆنو خەڵکی کوردستان باجەکەی دەدەنەوە».



**٢** دانیشتن لەسەر کورسییەکانی ریزی پێشەوەی پەرلەمان قەدەغەکرا

**٣** کورد پۆستێکی گرنگی لە بەغدا پڕنەکردووەتەوە

# بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی لابرا

**رۆژنامە**

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە رۆژنامەی راگەیاند، چەند رۆژێکە عەمید فەرەیدون عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی، پۆستەکەی لێسەندراوەتەوەو نێردراوەتەوە بۆ ماڵەوەو براکەشی گواستراوەتەوە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیەی رۆژنامە، هۆکاری لێسەندنەوەی ئەو پۆستە لە عەمید فەرەیدون عومەر لەلایەن یەکێتییەوە پەیوەندیی بەوەوە هەبووە، کە پێیانوایە عەمید فەرەیدون سەر بە لیستی گۆڕانە.

سەرچاوەکە زیاتر باسیلەوەشکرد، لە چەند رۆژی رابردوودا موقەدەم سەرکەوت عومەری برای عەمید فەرەیدون، کە پۆستی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنانی هەبووە، لە پۆستەکەی گواستراوەتەوە بۆ قەزای هەڵەبجە.

# نەوشیروان مستەفا: ئێمە لە یەکێتی جیانەبووینەتەوە


**رۆژنامە**

نەوشیروان مستەفا دووپاتیکردەوە، کە بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی جیانەبووەتەوە، بەو پێیەی بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە بزووتنەوەی گۆڕاندا کۆبوونەتەوە، ئەسڵەن یەکێتی نەبوون، ئەگەر یەکێتیش بوون لە یەکێتی هاتوونەتە دەرەوەو لەو بارەیەوە وتی: «ئێمە خۆمان بە مونشەقو بە جیابووەوە نازانین، یەکێتیمان بۆ خاوەنەکانی خۆی بەجێهێشتووە».

لە میانی بەرنامەی (رووبەڕوو لەگەڵ نەوشیروان مستەفا)دا لە کەناڵی تەلەفزیۆنی (KNN)، کە شەوی دووشەممەی رابردوو پەخشکرا، نەوشیروان مستەفا رەتیکردەوە بزووتنەوەی گۆڕان بخرێتە فۆرمی پارتێکی سیاسیی دیاریکراو، لەو رووەوە وتی: «بە هیچ جۆرێک ئەزموونی حیزبە ستالینییەکان دووبارە ناکەینەوەو ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە تۆ هەوڵبدەیت لەسەر شێوەی سوپایەک حیزبێکی سیاسی دروست بکەیت، لە هەموو کونو قوژبنو کۆڵانێکدا بارەگات هەبێتو لەشکرێک لە مووچەخۆری بێئیش لەناو بارەگاکانی خۆتدا کۆبکەیتەوە، ئێمە ئومێدمان وایە کە ئەزموونێکی تازە بهێنینە ناو کوردستانی عێراقەوە، خەڵک کاری سیاسیش بکاتو لە هەمانکاتدا پیشەی تایبەتیو سەرچاوەی ژیانی تایبەتی خۆی هەبێت».

هەر لەو دیدارەدا نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بە هەوڵەکانی فراکسیۆنو بزووتنەوەی گۆڕان کرد بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئەو کەسانەی لەسەر کارکردن بۆ لیستی گۆڕانو دەنگدانیان بەو لیستە نانبڕاوکراونو لەو رووەوە وتی: «ئێمە هەموو رێوشوێنێکی یاساییو مەدەنیی دەگرینەبەرو هەر کارێک پێمانبکرێت دەیگرینە بەر».

**دەقی چاوپێکەوتنەکە لە لاپەڕەکانی (٦و٧)دا بڵاوکراوەتەوە**



**١٧** کنێر عەبدوڵڵا: سیستمی (کۆتا) فریای ژنان کەوتووە



**٢٣** حکومەتی سێبەرو حکومەتی بەر سێبەر

ئاودێر شێخ عومەر

**١٤** ئەنجومەنی ئابووریش شکستی هێنا

# ــــــزی پێشەوەی پەرلەمان، قەدەغەکرا

ناوەکانیان لە شوێنەکانی خۆیان دانیشتبوون لیستەکانی دیکە نا».

ئاسۆ کەریم وتیشی: «هێندەی من ئاگام لێبێت سەرۆکایەتی لیستی کوردستانی داوای لە سکرتێری پەرلەمان کردووە لە ڕیزی پێشەوە سەرۆکی لیستەکەو جێگرەکەیو (٣) پەرلەمەنتاری دیکە دابنیشن

## کەوتووەتە نێوان لیستەکانەوە



فۆتۆ: سامان بەشارەتی

بۆ ئەوەی سەرۆکی تەواوی فراکسیۆنو لیستەکانی دیکە لە پێشەوە لە ملاو ئەولای لیستی کوردستانی جێگەی خۆیان بگرن، بەو مانایە ڕیزی پێشەوە بە (نسبەو تناسب) نەبێت، ئەوەش بە قازانجی لیستەکانی دیکە».

سەرۆکی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیی پێیوایە، ناکرێت شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان بکرێتە ئیمتیاز بۆ لیستی دیاریکراو لیستەکانی دیکە پەراوێزبخرێن، دەڵـێـت: «ئـەگـەر شـێـوازی دابەشکردنەکە بکرێتە ئیمتیازێک بۆ لیستێکی دیـاریـکـراو، ئێمە ڕەخنەی لێدەگرینو داوادەکەین کە دابەشکردنی کورسییەکانی هۆڵی کۆبوونەوە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بێتو حیساب بۆ هەموو لیستەکان بکرێت، نەک تەنیا بۆ لیستێکی دیاریکراو تائێستا بڕیاری کۆتایی نەدراوە لەسەر شێوە دانیشتنەکە، بەڵام پێشنیازەکە بەوشێوەیە کە لیستی کوردستانی لە ناوەڕاستو لیستی گۆڕان لەلای ڕاستو لیستی خزمەتگوزاریو لیستەکانی دیکە لـەلای چەپی دەستەی سەرۆکایەتی».

هەندێک لە پەرلەمانتاران ڕەخنە لە هۆڵی پەرلەمان دەگـرن، کە هۆڵەکە نەگونجاوە بۆ کۆبوونەوەی پەرلەمانو بچووکەو شێوازی ڕیزبوونی کورسییەکانیش وەکو پەرلەمانەکانی دیکەی دونیا نییە.

عەدنان عوسمان لەوبارەیەوە وتـی: «هۆڵی پەرلەمان هۆڵێکی نەشیاو و بچووکەو بۆ پەرلەمان نەکراوە، پێویستە لەکاتی هاتنی مـیـوان شوێنێکی تایبەتی بۆ دیاریبکرێت، هۆڵی پەرلەمان هۆڵێکی ئاساییە لە وڵاتان شێوازی دابەشبوونی کورسییەکان سێ ڕیـزی هـەیـە، لای ڕاسـتو لای چەپو ناوەڕاست، بەڵام پەرلەمانی کوردستان بەو شێوەیە نییە». عەدنان وتیشی: «دانانی ڕیزی پێشەوەی کورسییەکان بۆ میوان کارێکی نا ئوسوڵییە».

# پەرلەمانتارو شەقام

**عەدنان عوسمان**

بەشداریکردنی بەشێک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی گۆڕان لە خۆپیشاندانی کۆمەڵێک مامۆستای سلێمانی لە(٢٠٠٩/٩/١٤)دا بوو بە مایەی کۆمەڵێک ڕەخنە لە هەندێک میدیای حیزبییەوە، گوایە ئەوە کۆبوونەوەیەکی حیزبی بووە بەو دەلیلەی ئێمە وەک فراکسیۆن بەشداربووینو وتارمان داوە.

لە هەموو ئەمانە سەیرتر قسەو باسی بەڕێزێک بوو لە یەکێک لە تەلەفزیۆنەکان لەو بارەوە.

نایشارمەوە وتەکانی ئەو بەڕێزە بۆ من مایەی سەرسوڕمان بوو، بەتایبەت کاتێک وتی: ئاخر ئەوە کەی ئیشی ئەندام پەرلەمانە بەشداریی لە خۆپیشاندان بکات، شوێنی ئەو پەرلەمانو کاری ئەو یاسادانانە.

پێموانییە ئەو برادەرە نەزانێت کاری ئەندام پەرلەمان تەنیا یاسادانان نییەو شوێنیشی تەنیا هۆڵی پەرلەمان نییە، بەڵام پێدەچێت ئەوە بەشێک بێت لە شێوازی بیرکردنەوەو تێڕوانینیی ئەوان بۆ ئەرکو بەرپرسیارێتیو سنووری کارکردنی ئەندامانی پەرلەمان.

بەڵا پەرلەمانتار پێویستەو گرنگیشە بەشداریی خۆپیشاندان، مانگرتن، ناڕەزایەتی جەماوەریی، ئیمزاکۆکردنەوە، بەیاننامە دەرکردنو هەر جۆرێکی دیکە لە خۆدەربڕینی جەماوەریی بکاتو تەنانەت پێشڕەویشی بکات وەیا جۆرێک لە لایەنگرێتی بەرامبەریان دەرببڕێت.

ئەم هەڵوێستە نەک هەر لە جێگەو ڕێگەی ئەندامانی پەرلەمان کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەشێکی بناغەیی ئەرکی پەرلەمانتارە کە دەبێت بەشێکی دانەبڕاو بێت لە خەمو ناخۆشیو پێداویستییە ڕۆژانەیی وەیا چارەنووسسازەکانی خەڵکەوە.

میللەت دەنگ بە کەسانێک نادات بۆ ئەوەی بۆ ماوەی چوار ساڵ خۆیان لە بورجی عاج دانیشنو لە هۆڵێکدا خۆیان قەتیس بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە لەگەڵ خەڵکیدا بنو لە ئازارەکانیان تێبگەن، هەستی پێبکەن، لە نارەحەتیەکاندا بەشداربن، بڕۆنە نێو وردەکارییەکانەوە، بکۆڵنەوە، هەڵوێست وەرگرنو بەشێک بن لە ئیرادەو ویژدانی میللەت.

ئەندامی پەرلەمان چ بەهۆی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەردەوامی لەگەڵ ئەو کەسانەی نوێنەرایەتیان دەکات، وە چ بەهۆی ئەو لیژنانەی کاری تێدا دەکاتو چ لە ڕێگەی هۆڵی پەرلەمانەوە، هەوڵدەدات دڵە زیندوو و مێشکە هۆشیارەکەو چاوە هەمیشە کراوەکەی جەماوەر بێت.

یاسادانان چەندە کارێکی گرنگە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکە لە ئەرکە دوولایەنییەکەی پەرلەمانتار: یاسادانانو چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکار، بەڵام ماوەیەکە هەستدەکرێت لە هەندێک میدیاوە تەنیا قسە لەسەر ئەو دیوەی کاری پەرلەمانتار دەکرێتو دیوە هەستیارو گرنگەکەی دیکەی فەرامۆشدەکرێت وەیا لە ژێر لێوەوە باسدەکرێت.

ئەوەش یا نەزانییو بێ ئاگاییە وەیا نموونەی تەماشاکردنی ئەو بەرپرسانەیە بۆ سنووری کارکردنی پەرلەمانو پەرلەمانتاران.

بۆیە لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە فراکسیۆنەکەمان ( وە پێویستە بڵێم هەر ئەندام پەرلەمانێکی دڵسۆزو بە ویژدانو خەمخۆر) بەردەوام لە هەموو بۆنەو ناڕەزایەتی دەربڕینێکی یاساییو ئسوڵیو حەقخوازانە بەشداریی چالاکانە دەکات.

لە کوێرە دێیەکەوە بۆ شارێک، هەر جۆرە ناڕەزایەتییەکی شەرعی هەبێت ئێمە لە وێ دەبینو هاوخەمو هاوخەباتی ئەو خەڵکە عەدالەتخوازو ئازادیخوازو ژیاندۆستە دەبین، ئێمە دەنگی شەقامو ترپەی دڵی ماڵانینو ئەو سەنگەرانە چۆڵ ناکەینو شان بەشانی مامۆستاو خوێندکارو کاسبو سەرجەم مافخوراوان بەشێک دەبین لە خۆپیشاندانەکانیان، ئەوەش بەشێکە لە پەیوەستبوونی ئەخلاقیی ئێمە بە میللەتەوە، پەیوەستبوونی یاساییشمان ئەو کاتەیە، کە داواکارییەکانی خەڵکی دەگەیەنینە پەرلەمانو دەسەڵاتو خەبات بۆ بەجێگەیاندنی دەکەین.

بەشداریکردنی ئێمە لەو خۆپیشاندانەو ڕەخنەی چاودێرانمان، بەشێکی دیکەیە لە زنجیرە لە کۆتایی نەهاتووەکەی: ئێمەو ئەوان ناکۆکییەکانمان لەسەر چین!

# کورد پۆستێکی گرنگی لە بەغدا پڕنەکردووەتەوە

**هەستیار قادر**

یـەکـێـتـیو پـارتـی لـەسـەر پاڵێوراوێک یەکلایی نەبوونەتەوە بۆ پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقو پەرلەمانتارێکی کوردیش ئاماژە بەوە دەکات؛ کە بە بەتاڵی مانەوەی ئەو پۆستە زیانی زیاتر بە کورد دەگەیەنێت.

لـەگـەڵ ئـەوەی لـە مانگی حوزەیرانی ڕابردووەوە د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح پۆستی جێگری سـەرۆک وەزیـرانـی لـە بەغدا بەجێهێشتووەو وەک سەرۆکی لیستی کوردستانی لە هەرێم کاری کردووەو ئێستاش ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هـەرێـم، تائێستا ئـەو پۆستە بەتاڵەو پڕنەکراوەتەوەو بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەش یەکێتی د.فوئاد مەعسومی سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیو پارتیش فازیل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی بۆ ئەو پۆستە پاڵاوتووە.

لەوبارەیەوە پاڵە باوانی ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە؛ کە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بەپێی بنەمای پشکداری (محاصصە) بەر یەکێتی دەکـەوێـتو تائێستا د.فوئاد مەعسوم پاڵێوراوە، بەڵام دەنگۆیەکی نارەسمیی هەیە، ئەگەر یەکێتی تەنازول لەو پۆستە بکات، پارتی فازل میرانی بۆ ئەو پۆستە بپاڵێوێت، بەڵام تائێستا بەڕەسمیی کەس بۆ ئەو پۆستە نەپاڵێوراوە.

هاوکات عەبدوڵڵا ساڵح حیفزوڵڵا ئەندامی پارتی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئاماژەی بـەوەدا؛ کە بەپێی زانیارییە شەخسییەکانی د.فوئاد مەعسوم پاڵێوراوی یەکێتییەو فازل میرانیش پاڵێوراوی پارتییە بۆ ئەو پۆستەو وتیشی: «لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ بەڕێز فازل میرانیدا گفتوگۆم کردو پێناچێت پێی بکرێت پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق وەربگرێت».

لـەلایـەکـی دیـکـەوە، لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش ئاماژە بـەوە دەدات، کە هێشتا هـەردوو لایەنی یەکێتیو پارتی یەکلایی نەبوونەتەوە، کە کێ بپاڵێون بۆ جێگەکەی د.بەرهەم.

فریاد ڕەوانـــدوزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا ئەو مەسەلەیە یەکلایی نەکراوەتەوە ئـــەوەی کـە دەوتـــرێـــت شتی سـەرزارییـەو ئـەو مەسەلەیەش بەڕەسمیی باسی لێوە نەکراوەو بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکداو لەبەر ڕۆشنایی ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوانیان، یەکێتیو پارتی ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکەنەوە».

سەبارەت بە دەنگۆی پاڵاوتنی د.فوئاد مەعسومیش بۆ جێگرتنەوەی د.بەرهەم لە بەغدا وتە بێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان وتی: «نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق پەیوەندیکردووە بە د.فوئادەوەو لێی پرسیەوە، کە ئایا پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران وەردەگرێت؟ لە بەرامبەردا د.فوئاد پێیڕاگەیاندووە، کە ئەوە بەدەست من نییەو لیستی هاوپەیمانی بڕیاری لەسەر دەدات».

بەتاڵبوونی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ ماوەی زیاد لە (٤) مانگ، کە بەشی کوردەو یەکێکە لە پۆستە سیادییە باڵاکانی عێراقو دەزگـای جێبەجێکردن، بەڕای پەرلەمانتارێکی کورد زیان بە کورد دەگەیەنێت.

عومەر بادی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق پۆستێکی زۆر هەستیارو گرنگە بەو پێیەی کەسی سێیەمی جێبەجێکردنە لە عێراقداو بەتاڵبوونی ئەو پۆستە بۆ ئەو ماوە زۆرە زیان بە عێراق دەگەیەنێت، بەڵام زۆرترین زیانی بۆ کورد دەبێت بەو پێیەی ئەو پۆستە بەدەست کوردەوەیە.

# ــــــەی هەرێمی لەکەدار کرد»

نەبوون.

کوێستان محەمەد کە لە خولی دووەمــی پەرلەماندا سەرۆکی فـراکـسـیـۆنـی سـەوز بـوو، لە دیمانەیەکی پێشتریدا بۆ ڕۆژنامە ڕایگەیاندبوو؛ ئەوان ئاگایان لە هیچ یەکێک لەو گرێبەستانە نەبووە، بەپێی وتەکانی کوێستان محەمەد لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر یاسای نـەوتو گـازی هەرێم پێشنیازی ئـەوەیـانـکـردبـوو، کـە دەبـێـت گرێبەستەکان لەبەردەم پەرلەماندا ئیمزا بکرێن، بـەڵام فراکسیۆنی زەرد بە توندیی دژی ئەو پێشنیازە بوونو پێشنیازەکەش لە دەنگداندا شکستی هێنا.

## وەزارەتی سامانە سروشتییەکان:

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان یەکێکە لەو وەزارەتـە نوێیانەی، کە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمدا دروستکراو د.ئاشتی هـەورامـی کـرا بە وەزیـری ئەو وەزارەتـە، کە ئەندازیاری نەوتی لە سکۆتلەندە خوێندووە، بەپێی ڕاپـۆرتـێـکـی ئـاژانـسـی هـەواڵـی ڕۆیتەرز لە کابینەی شەشەمیشدا پـێـدەچـێـت هـەمـان پـۆسـت وەربگرێتەوە، بەوپێیەی تەنیا کەسە کە وردەکاریی هەموو گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم دەزانێتو بەلابردنی ڕەنگە کێشە لەو وەزارەتـە گرنگەی حکومەتدا دروست بێت، کە پارتی بە هەموو توانیایەوە دەیەوێت کۆنترۆڵەکەی لە ژێر دەستی دەرنەچێت.

هەرچەندە جەنگێکی سارد لە نێوان وەزارەتـی نەوتی عێراقو سامانە سروشتییەکانی هەرێمدا هەبوو لەسەر ناشەرعیبوونی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم، بەڵام لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو لەناکاو حکومەتی عێراق ڕازیبوو بە ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم لە هــەردوو کێڵگەی تاوکی، کە کۆمپانیای (DNO) سەرپەرشتی دەکرد، لەگەڵ کێڵگەی تەقتەق، کە کۆمپانیای ئەداکس پەترۆلیۆمی سویسری سەرپەرشتی دەکردو بەم دواییە هەریەکە لە کۆمپانیای سینۆبکی چینیو گەنەل ئینێرژی تورکی کڕییانەوە.

لەگەڵ ناردنە دەرەوەی نەوتدا پشکی کۆمپانیای (DNO) لە بۆرسەی ئۆسلۆ لە (٥) کرۆنەوە بەرزبووەوە بۆ (٨) کرۆن.

ڕۆژی (١٩)ی ئەم مانگە خالید ساڵح ڕاوێژکاری نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند: بوونی ئاشتی هەورامی لە نـێـوان کۆمپانیای (DNO)و گەنەل ئینێرژی بۆ ئەوە بووە، کە کۆمەکی کۆمپانیای (DNO) بکات بۆ فەراهەمکردنی سەرمایەی پێویست بۆ ئیدارەدانی پڕۆژەکانیان لـە هـەرێـمـدا، بـەڵام چـاودێـران پێیانوایە؛ مەسەلەکە بەو ئاسانییە نییە، چونکە ئەو نامەیەی کە ئاشتی هەورامی ناردوویەتی بۆ (DNO)، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بۆرسەی ئۆسلۆ نهێنییەکی ئاشکراکردووە، کە سومعەی حکومەتی هەرێمی لەکەدار کرد.

بەپێی زانیارییەکان یەدەگی نەوتی هەرێم دەگاتە (٤٠ بۆ ٤٥) ملیار بەرمیلو ئەگەر ناوچەکانی دەرەوەی سنووری ئێستای هەرێمی لەسەر حساب بکرێت دەگاتە (٦٥) ملیار بەرمیل.

## دەقی نامەکەی د.ئاشتی هەورامی

**بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای دی ئێن ئۆی نەرویجی لە عێراقو نەرویج**
**بەڕێزان**
**بابەت: لەکەدارکردنێکی جدیی سومعەی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

ئێمە ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسین بـەهـۆی بـڵاوبـوونـەوەی ئـەو ڕاگەیاندراوە نادروستو ناتەواوەی بۆرسەی ئۆسلۆ لـەبـارەی کێشە ناوخۆییەکانیان لەگەڵ کۆمپانیای دی ئێن ئۆ. ڕووماڵکردنی زیاتری مـیـدیـاکـانو کاریگەرییەکانی بووەتە جێگەی سەرسووڕمانی ئێمەو هاوکات لەگەڵ ئەو کورتە بڵاوکراوانە لە ئەنقەستانەی ڕۆژنامە نەرویجییەکان، کە تێکڕا بوونەتە هۆی لەکەدارکردنێکی بێ پاساوی چاوەڕوانەکراو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

هـیـچ کـات پـێـویـسـت نـاکـات حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کێشە ناوخۆییەکانی نێوان دی ئێن ئۆو بۆرسەی ئۆسلۆ تێوەگلێنن لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست.

حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی خۆی لەسەر بنەمایەکی تـەواو شەفافو مـۆدێـرنو بەپێی ستانداردی جیهانی بنیاتناوە، کە بووەتە هۆی ڕاکێشانی زیاتر لە (٣٥) کۆمپانیای بیانی لە (١٦) وڵاتی جیاواز بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.

هەروەک دەزانن ئێمە هەوڵمانداوە بۆ یارمەتیدانی دی ئێن ئۆو هەمیشە وەک پشتگیریکەرێک لە هەوڵەکانتان بووین، سەرەڕای ئەوەی ئێمە بووینەتە بابەتێک لە مامەڵەی نەشیاوە.

ئێمە هیچ کات ڕێگەنادەین سومعەی حکومەتی هەرێم لەکەدار بکرێت بەهۆی کێشەی نێوان بەڵێندەرێک لەگەڵ کۆمپانیاکەی. بۆیە ئێستا بەپێی گەڕانەوەمان بۆ یاسای نەوتو غازو یاساکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیارماندا بە:

١. هەڵپەساردنی گشت کارەکانی کۆمپانیای دی ئێن ئۆو پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانو لەبری ئەوانیش کارەکان دەدەینە پی ئێس دی.

هـەمـوو نـاردنـە دەرەوەیـەکـی نەوتیش دەوەستێنرێتو لەم ماوەیەشدا دی ئێن ئۆ هیچ سودێکی ئابووری دەست ناکەوێت.

لە ماوەی هەڵپەساردنەکەدا کە بۆ ماوەی (٦) هەفتەیەو لەو ماوەیەدا دەبێت کۆمپانیای دی ئێن ئۆ گشت هەوڵەکانی بۆ چاکردنەوەی ئەو برینانەی کە بەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتوون.

هـەروەهـا دەبێت گشت کێشە ناوخۆییەکانی لەگەڵ کەسی سێیەمو بۆرسەی ئۆسلۆ چارەسەر بکات لەگەڵ هەموو ڕێزێک بۆ داواکارییەکانی پی ئێس دی.

٢. ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا دی ئێن ئۆ هەڵنەسێت بەکاری خۆی بە پێی داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئـەوا گشت مافەکانی لێدەسێنرێتەوەو دەدرێتە (پی ئێس سی). لەگەڵ ئەمەشدا هەموو بوونێکی دی ئێن ئۆ لە کوردستان ناهێڵرێت بەهۆی قەرەبووکردنەوە بێت یان نا. هەر قەربووکردنەوەیەکیش بە پێی ئەو لەکەدارکردنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان حیسابی بۆ دەکرێت.

**د.ئاشتی هەورامی**
**وەزیری سامانە سروشتییەکان**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق.**
**کۆپییەک بۆ ئۆفیسی ئەنجومەنی نەوتو غازی سەرۆکی حکومەت**

# دانیشتن لەسەر کورسییەکانی ریـ

ئیبراهیم عەلی

لەسەر شێوازی دانیشتنی ئەندامانی لیستەکان لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا لیستەکانی کوردستانیو گۆڕانو چاکسازیی ناکۆکییان تێدەکەوێتو لە کۆبوونەوەیەکیشدا لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیازی ئەوەی کردووە کە لەکاتی کۆبوونەوەکان کورسییەکانی پەرلەمان بەگوێرەی لیستەکان دابەشبکرێت. پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕان دەڵێت: «ئێمە ئەو شێوەی دابەشکردنە قبوولناکەین».

بەگوێرەی پێشنیازەکەی سەرۆکی پەرلەمان، پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانی لە کورسییەکانی ناوەڕاست بەرامبەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دادەنیشنو لیستی گۆڕان لەلای راستو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازییو لیستەکانی دیکە لەلای چەپی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دادەنیشن.

عەدنان عوسمان، پەرلەمانتار لە فراکسیۆنی گۆڕان، دەڵێت: «لیستی کوردستانی لەوە دەترسێت کە لەکاتی دەنگدان لەسەر پرۆژەیاساکان هەندێک لە ئەندامانی ئەوان لە بەرژەوەندیی لایەنەکانی دیکە دەنگبدەن، ئەم دابەشکردنەش بۆ کۆنترۆڵکردنی پەرلەمانتارەکانی خۆیانە»، ئەو پەرلەمانتارەی لیستی گۆڕان وتیشی: «دابەشکردنەکە بە پیتی ئەبجەدی دابەشبکرێت باشترە، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی زیاتر تێکەڵبوونی ئەندامانی پەرلەمانو باشتربوونی پەیوەندییەکانو تێکەڵبوونی دەنگەکان، لە خولەکانی پێشووتردا دابەشبوونەکە بەگوێرەی پیتی ئەبجەدی بووەو هیچ کێشەیەکی نەبووە».

سەبارەت بە چۆنێتی دابەشکردنی شوێنی دانیشتنی پەرلەمانتاران لەناو هۆڵی کۆبوونەوە، عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیی، وتی: «لە کۆبوونەوەی کوتلەکان لەگەڵ د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمان، ئەو پێشنیازەی کرد، ئێمە پێشنیازی ئەوەمانکرد کە سەرۆکایەتی پەرلەمان دوو تا سێ شێوازی دانیشتن تاوتوێ بکاتو بیخاتە بەردەستی پەرلەمانتارانو لەوێ بڕیاری لێبدرێت، ئێمە داوادەکەین کە لەسەر ئەمە رای هەموو پەرلەمانتاران وەربگیرێت».

ئاسۆ کەریم، وتەبێژی لیستی کوردستانی، وتی: «لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرۆک فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەماندا هێندەی من ئاگاداربم پێشنیازی سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بووە کە پەرلەمانتارانی هەر لیستە بەجیا لەناو پەرلەماندا دابنیشن، دیارە ئەوەش داوایەکی رەوایە، سەرۆکایەتی پەرلەمان بەتایبەت سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدابووە کە لیستەکان چۆنی بەباش دەزانن با ئاوابێت، لەکاتێکدا ئەگەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بێت، ئەوا دەبێت پەرلەمەنتاران بەپێی ئەلفوبێ لەناو هۆڵەکەدا دابنیشن».

عەدنان عوسمان پێیوایە، لیستی کوردستانی لە پەرتبوونی دەنگەکانی دەترسنو وتی: «ئێمە ئەم دابەشکردنە قبوولناکەین، پێویستە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشبکرێت، لیستی کوردستانی کە زۆرینەن دەکرێت لە ریزی پێشەوە کورسییان هەبێت، بەڵام پێویستە لیستەکانی دیکەش کە قورساییان هەیە لە ریزی پێشەوە کورسییان هەبێت».

لەبەرامبەردا پەرلەمانتارەکەی لیستی کوردستانی، سەبارەت بە شێوازی دانیشتنی پەرلەمانتاران لە دانیشتنی رابردوودا دەڵێت: «ئێستا لیستی کوردستانی کە لیستی زۆرینەیە لە ناوەڕاستو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیی لە دەستەڕاستو لیستی گۆڕان لە دەستەچەپدانو رێزی پێشەوەش بە گوێرەی (نسبەو تناسب) لەنێوان لیستەکاندا دابەشکراوە لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤)ی رۆژی (٩/١٦)دا تەنیا پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانی لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا بەگوێرەی ئەلفو بێی

## لەسەر شێوازی دانیشتن کێشە



# سومعەی حکومەتی هەرێم

هێمن لهۆنی

سوپاس بۆ بۆرسەی نەرویجی کە جارێکی دیکە ناشەفافبوونی گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بیر هاوڵاتییانو کاربەدەستان، بەتایبەتی پەرلەمانتارەکانی ئێستاو پێشووی خستەوە.

چەند هەفتەیەک لەمەوبەر رۆژنامەی ناریگیس لیفی نەرویجی لەسەر زاری بۆرسەی ئۆسلۆ ئاشکرایکرد، کە وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی هەیە لە گرێبەستێکی نەوتی نهێنیی ملیۆنەها دۆلاریی نێوان کۆمپانیای دی ئێن ئۆی نەرویجیو گەنەل ئینێرژی تورکی، کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی پاردا ئیمزاکراوە.

بەپێی بۆرسەی ئۆسلۆ، د.ئاشتی هەورامی ئاگاداری ئەو گرێبەستە بووەو لەگەڵ دی ئێن ئۆ بەرپرسیارە لە ئەنجامدانیو شاردنەوەی، ئەمەش بەپێی ستانداردی بۆرسەی جیهانیی شاردنەوەی مافی زانیارییەو پێشێلکارییە.

ئاشتی هەورامیش لە نامەیەکی توندا کە کۆپییەکی لە میدیاکاندا بڵاوبووەتەوە ئاراستەی کۆمپانیا نەرویجییەکەی کردووە بۆ ئەو «زانیارییە هەڵانە»و نووسیویەتی بابەت: «رووشاندنێکی خراپی سومعەی حکومەتی هەرێم».

تێیدا باس لەوەدەکات، کە ئەو راپۆرتە سومعەی هەرێمی رووشاندووەو دەبێت بە زووترین کات کۆمپانیا نەرویجییەکە سومعەکە بگەڕێنێتەوە، ئەگەرنا گشت کارەکانی دەوەستێنرێت لە کوردستان».

لە بەشێکی ئەو نامەیەدا وێڕای هەڕەشەی توند، هەورامی دەنووسێت: «سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان فول شەفافەو بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتییە، ئەمەش بووەتە هۆی راکێشانی (٣٥) کۆمپانیای بیانیی». من نازانم شەفافییەت لای ئەم وەزیرە چاوکراوەیەمان دەبێت چی بێت؟ کوانێ شەفافییەتی سیاسەتی نەوتی کوردستان؟

ئەرێ (١١١) پەرلەمانتاری پێشوو زانییان گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم چی تێدایە، لەکاتێکدا سەرۆکی حکومەت بەڵێنی ئاشکراکردنی پێدابوون؟

ئەرێ هاوڵاتییانی کوردستان هیچ شتێک دەزانن لەبارەی ئەوەی کە چۆن سامانو ماڵی وڵاتەکەیان دەدرێت بەو کۆمپانیا نەوتییانە؟ چەندین پسپۆڕی نەوتی پێیانڕاگەیاندم، کە زۆربەی ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی کە هاتوونە کوردستان، لە دەرەوە نەناسراونو هەندێکیشیان هەر بوونیان نییە. هەر ئەم ناشەفافبوونەش هۆکاری نارەزاییبوونی بەغدایە لە گرێبەستەکان هەروەک حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی بەغدا، چەندینجار رایگەیاندووە.

من روو دەکەمە حکومەتی هەرێمو دەڵێم جەنابی سەرۆکی حکومەتو وەزیری سامانە سروشتییەکان، سومعەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوکاتە لەکەدار دەبێت کە لەناوەوە شەفافو دیموکراتیک نەبێتو خزمەتی خەڵک نەکات، ئەو کاتە سومعەی حکومەتی هەرێم لەکەدار دەبێت کە چەندین پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەبەرچاوتان روودەداتو ئێوە بێدەنگن، بەڵام من چیبکەم کە ئێوە سومعەی حکومەتی هەرێم ئەو کاتە دەبینن کە بەرژەوەندییە شەخسییەکانی گیرفان دەکەوێتە مەترسییەوە. بە کورتیی هەرچۆن سروشی دەسەڵات ئاوایە کە هەرچۆن سیادەی ناوخۆی نەبێت دەرەکیشی نابێت، ئەوا سومعەی ناوخۆیشی نەبێت، ئەوا سومعەی دەرەکیشی مەحاڵە بێتە دی.

هاوڵاتییانی کوردستان نەخۆشی ناشەفافبوونی حکومەتی هەرێمن، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە کە پەرلەمانتارانی نوێ، بەتایبەتی گروپی ئۆپۆزسیۆن کەیسی گرێبەستە نەوتییەکان بکاتەوەو بەرپرسان بانگهێشت بکات، ئەگەرنا دەبێت وەک ئەوانەی پێشوو هەست بە تاوان بکەنو لەگەڵ هاوڵاتییان چاوەڕوانی بۆرسەی وڵاتێکی دیکە بکەن تا ناشەفافبوونی حکومەتەکەمان ئاشکرابکاتو «سومعەی بڕوشێنێت».

hlihony@gmail.com

# پڕکردنەوەی فۆڕمی بەحیزبیکردن بەفەرمانبەرانی حکومەت، بەردەوامە

ڕۆژنامە

ماوەی چەند رۆژێکە رێکخستنەکانی یەکێتی دەستیانکردووە بە دابەشکردنی فۆرمی حیزبی لە فەرمانگە حکومییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانیدا، پەرلەمانتارێکی کوردستانیش پێیوایە، ئەو هەنگاوە دوورە لە بنەماکانی مافی مرۆڤو کۆمەڵگەی مەدەنیو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە.

فۆرمی پڕکردنەوەی ئیمزا بۆ یەکێتی بەسەر فەرمانبەراندا کە لەماوەی رابردوودا لە (زانکۆی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، قوتابخانەو خوێندنگەکان، فەرمانگەی کشتوکاڵ) دابەشکراوە، ئامانج لێی ناچارکردنی فەرمانبەرانە بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگ بەیەکێتی بدەن.

مامۆستایەک کە ئەو فۆرمەی پێپڕکراوەتە وتی: «لە یەکەم رۆژی دەستپێکردنی دەوامەوە کۆمیتەو رێکخستەکانیان دەستیانکرد بە دابەشکردنی فۆرمی حیزبیو زانیاری کۆکردنەوە لە مامۆستایانو ترساندنیان، بەوەش جارێکی دیکە دەستیانخستە ناو کاری پەروەردەو حکومەتەوە.

دابەشکردنی فۆرمی حیزبی لە فەرمانگەکانی حکومەتدا لە درێژەی سیاسەتەکانی یەکێتییە، ئەوەش لە دوای ئەو شکستەوە دێت، کە لە هەڵبژاردنەکانی تەممووزی رابردوودا ئەو حیزبە تووشیهات، بەتایبەت لە سنووری پارێزگای سلێمانی، بەو هۆیەشەوە وەکو تۆڵەکردنەوەیەک لەو کارمەندو فەرمانبەرانەی، کە دەنگیان بە لیستی گۆڕان داوە، لە ماوەی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانو سەربازو ئاسایشو پۆلیسو ئەفسەر رووبەڕووی گواستنەوەو دەرکردن بوونەتەوەو نانبڕاوکراون، هاوکات ئەم هەڵمەتە وەکو خۆئامادەکردنێک دێت بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

هاوکات کاردۆ محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: بە حیزبیکردنی دەزگاکانی حکومەت، دیاردەیەکی زۆر سلبییەو ئەمە تەداخولکردنی حیزبە لە هەموو کایەکانی ژیان».

بەڕای کاردۆ پەنابردنە بەر ئەوکارانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەیانەوێت هەموو کۆمەڵگە بکەنە ئەندامی خۆیانو خۆیان خاوەنی هەموو شتێک بن، ئەم هەنگاوە دوورە لە بنەماکانی مافی مرۆڤو کۆمەڵگەی مەدەنیو لە هەمانکاتدا پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافی مرۆڤە لە ئازادی سیاسیی».

کاردۆ محەمەد، وتیشی: «دەبێت بەشێوەیەکی یاساییانە بەرەنگاری ئەم دیاردەیە ببینەوەو رێگە بگرین لە بە زۆر پڕکردنەوەی فۆرمی حیزبیو دابەشکردنی لە فەرمانگە حکومییەکاندا، ئێمە وەکو لیستی گۆڕان لەم پێناوەدا کاردەکەینو هەوڵدەدەین دەستی حیزب لە کاری حکومەتدا نەهێڵین».

# ناشەفافبوونی گرێبەستە نەوتییەکان «سومعـ

فرمان عەبدولڕەحمان

دوای ئاشکرابوونی فرۆشتنی نزیکەی (٥٪)ی پشکەکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی بە شێوەیەکی نهێنیو تێوەگلانی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم لەو کێشەیەوە، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان رۆژی (٢١)ی ئەم مانگە نامەیەکی توندی ئاراستەی ئیدارەی کۆمپانیای (DNO) کردووەو ناونیشانی بابەتی نامەکەش بریتییە لە (لەکەدارکردنی خراپی سومعەی حکومەتی هەرێم)، کە تیایدا جگە لە رەخنەکردنی بەرپرسانی ئەو کۆمپانیایە بەوەی بۆچی ئەو زانیارییانە دزەیانکردووە، هاوکات ئەوەشی تێدا خراوەتەڕوو، کە حکومەتی هەرێم بڕیاری راگرتنی کارەکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی دەرکرد بۆ ماوەی شەش هەفتە.

## بۆرسەی ئۆسلۆو ئاشکراکردنی فەزیحەکە:

هەفتەی رابردوو رۆژنامەی (نارینگس لیف)ی نەرویجی راپۆرتە هەواڵێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بەوەی، کە (٤,٩٪)ی پشکەکانی کۆمپانیای (DNO)ی نەرویجی لە مانگی تشرینی یەکەمی (٢٠٠٨) بە نهێنی فرۆشراوەو بۆرسەی ئۆسلۆی لێ ئاگادار نەکراوەتەوە، کە نرخی گرێبەستەکە (٣٥) ملیۆن دۆلارە، بۆرسەی ئۆسلۆش بڕیاریدا بە غەرامەکردنی کۆمپانیای (DNO) بە بڕی (٣٦٨) هەزار دۆلار، چونکە بەپێی یاسای کاری بۆرسەی ئۆسلۆ دەبێت هەموو کۆمپانیا پشکدارەکان لە کاتی کڕینو فرۆشتنی پشکەکانیان، بۆرسەی ئۆسلۆ ئاگادار بکەنەوە لە وردەکارییەکان.

هەربۆیە کۆمپانیای (DNO) رایگەیاند: پشکەکانی بە کۆمپانیای گەنەل ئینێرژی تورکی فرۆشتووە لە رێگەی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمەوە، هەروەک بۆرسەی ئۆسلۆشی بەوە تۆمەتبار کرد، کە «نهێنی کاری کۆمپانیاکەی ئاشکرا کردووەو بەوهۆیەوە زیانی زۆری ئابووریی لێداوە».

## دیسانەوە ناشەفافیەتی گرێبەستەکان:

هەرچەندە وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم لەو نامەیەیدا بۆ کۆمپانیای (DNO) باسی لەوە کردووە، کە سیاسەتی نەوتی هەرێم «شەفافانە»یە، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی میدیاکانی نەرویج لە رێگەی بۆرسەی ئۆسلۆوە بڵاویانکردووەتەوە، کێشەی ئەو گرێبەستە لەوەدایە کە کارەکەی بۆ ماوەی ساڵێک بە نهێنی هێشتووەتەوە، کە ئەمەش پرسیار لەسەر شەرعیبوونی ئەو گرێبەستە دروستدەکات.

هەر بەپێی راپۆرتەکەی رۆژنامەی (نارینگس لیف) بۆرسەی ئۆسلۆ بە بەڵگەوە ئەوەی سەلماندووە، کە کۆمپانیای (DNO) زۆر هەوڵی بەنهێنی هێشتنەوەی ئەم کارەی وەزیری نەوتی داوە لە کڕینی ئەو سەهمانە.

لە رووی ناوخۆی هەرێمیشەوە ئەو مەسەلەیە جارێکی دیکە ناشەفافبوونی گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم دەخاتەوە سەر مێزی گفتوگۆ، بەوپێیەی تائێستا حکومەتی هەرێم (٢٧) گرێبەستی لەگەڵ (٣٥) کۆمپانیای بیانی (١٦) دەوڵەتدا ئیمزا کردووە، ناشەفافبوونی ئەو گرێبەستە نەوتیانەی هەرێمیش یەکێکە لەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی لە نێوان هەرێمو ناوەندایەو چەندینجار وەزیری نەوتی عێراق، حسێن شەهرستانی دووپاتیکردووەتەوە؛ کە گرێبەستەکان ناشەفافن، ئەمە سەرباری ئەوەی کە پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمان بە درێژایی چوارساڵی کارکردنیان ئاگاداری وردەکاریی ئەو گرێبەستانە

# ـــــی ناوماڵی کوردە نەک فرەلیستی

# ـــــتی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، ئەگەر گرنگتر نەبێت کەمتر نییە



کورد لە ناوەندو لە هەرێم لەنێوان لوتکەی یەکێتیو پارتی بزرەو هەندێکجار هەر یەک دەیخاتە پاڵ ئەوی دیکە...

پرسی کورد روونە، بەشێکی بە دەق لە دەستووردا تەسبیتکراوەو لایەنەکان وەکو تاکو وەکو هێز ئەو دەستوورەیان قبووڵەو جەختیشی لەسەر دەکەن، یەکخستنی خیتابی کوردستانیی لەمەڕ ئەو پرسانە هەر دەبێت لەو چوارچێوەیەدا بێت چ لایەنێک دژی گەڕانەوەی گشت ناوچە تەعریبکراوەکان بێت یان لەگەڵ هێزە عەرەبییەکان سازشی لەسەرکات یان پرەنسیپی فیدراڵییەتی نەتەوایەتیو جوگرافی خاوکاتەوەو سەودا لەسەر سەروەتو سامانی کوردستانو دەسەڵاتەکانی هەرێم لەگەڵ ناوەند بکات لە پێناوی پلەوپایەو بەرژەوەندیی تایبەتی تاکو گروپ متمانەی خەڵک لە دەست دەدات. کورد کێشەی نەبووە لەگەڵ ناوەند لە سەر پۆستو پارە، لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی عێراق کوردێکی زۆر خزمەتی ئەو دەوڵەتەیان کردووە، زۆربەیان لەناو حکومەت لەمانەی ئێستا بە دەسەڵاتترو بە هەیبەتتر بوون.

**رۆژنامە: سیناریۆی بوونی لیستی جیا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش لە ئارادایە، ئێوە بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن لەو پارێزگایە رەئێتان چییە؟**

* سیاسەتی سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی لەمەڕ پرسی کەرکوک سەرکەوتنی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا، چونکە:

١. لە سەرەتای قۆناغی (رزگاریی) عێراق هەلی حەسمکردنی رزگارییو گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی هەرێمی کوردستانیان لە دەستدا.

٢. لە یاسای بەڕێوەبردنی ئیدارەتی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (٢٠٠٤) گومانیان خستە سەر سنووری (٤٩٪)ی خاکی کوردستانی عێراق (المناتیق المتنازع علیها) ئەمەش یەکەمجار بوو سەرکردایەتی کورد سازشێکی وەها بکاتو لەوەش خراپتر وەکو بەندێکی دەستووریی مافیان دا بە عەرەب، کە ئەویش وەکو کورد داکۆکی لە عائدیەتی ئەو ناوچانە بکاتو فەرزیشیان کرد بەسەر خەڵکی کوردستان کە بە (بەڵێ) دەنگ بەو سازشکارییە بدەن.

٣. بەپێی بڕگەکانی مادەی (٥٣) هەمان یاسای ئاماژەپێکراو یەکەیەکی فیدراڵییەت قەتیسکرا بە (٣) پارێزگاو سەرەڕای ئەوەو بۆ رێگرتن لەسەر هەر ئەگەرێک بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان بە دەقێکی تایبەتی (کەرکوک) نابێت داخیلی هیچ یەکە فیدراڵیەتێک بێت.

٤. لە رێگەی مادەی (٥٨)، کە دواتر بووە (١٤٠) کۆمەڵێک کۆسپو تەگەرەیان خستەسەر رێگەی گەڕانەوەی کەرکوکو ناوچە تەعریبکراوەکانمان.

٥. بە بڕیارێکی میزاجی لوتکەی دەسەڵاتی یەکێتیو پارتیو بەپێچەوانەی دەستووری عێراق، دەستکاریی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیان کرد، بێبەرامبەر دەسەڵاتەکانیان لەسەر پرەنسیپی (٣٢٪) لەنێوان کوردو عەرەبو تورکمان دابەشکرد، کەچی کێشەکە ئاڵۆزتر بوو.

٦. لەماوەی شەش ساڵی نوێی عێراقی (هیواو ئاشتی) لایەنی کوردستانی بۆ کەرکوک یان ناوچە تەعریبکراوەکان بەگشتیی ئیستراتیژییەتێکی تۆکمەیان نەبووە، زیاتر هەڵوێستەکانی بۆ ئیستهلاکی ناخۆو رازیکردنی ئەجێندای غەیرە کوردە، زۆرجار بە میزاج مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکەنو ئەمەش بووەتە لاوازبوونی خیتابی سیاسی کورد بۆ ئەو دەڤەرانەو هەڵسوکەوتی نا مەسئولانەو ئیدای فاشیلی زۆربەی زۆری بەرپرسانی هەردوو حیزبو سەرقاڵبوونیان بە ململانێی لاوەکیو هەڵپەی دەسکەوتی تایبەتیو نەبوونی مەرجەعیەتی پرسو پرسینەوەو هێزی ئۆپۆزسیۆن فاکتەرێکی دیکەی واقیعی ئەم کێشەیەیە.

٧. لە ئەنجامی بێئاگاییو بەرەڵایی زۆر لە نوێنەرانی لایەنی کوردستانی لە بەغدا بە بڕیاری زۆرینەی پەرلەمانی عێراق بە مادەی (٢٤) مادەی(١٤٠)یان ئیفلیجکردو پینەکرا بە مادەی (٢٣) ئەویش مردارکرایەوەو ماوەیەکیشە سەرقاڵی (یوئین)ن، لەکاتێکدا بە فەرمیی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان دژی تەدویلکردنی ناوەڕۆکی مادەی (١٤٠)ن بە کەرکوکیشەوە.

٨. بەپێچەوانەی گرژیو ئیرهابو ناسەقامگیریی ناوچەکانی (موسڵ)و ناوەڕاستو خواروی عێراق، هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان وەک مافێکی دەستووریی ئەنجامدرا، کەچی لە کەرکوکو لە هەرێمی کوردستان دواخرا، هەرچەندە لە رووی یاساییو سەقامگیریی ئەم دوو دەڤەرە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەوانی دیکە، گومان نییە لایەنی فەرمیی کوردستان لەمجۆرە بڕیارانە بێ خەتا نییە.

ئەوە واقیعی کەرکوکە لە سایەی سیاسەتی یەکلیستیو قۆرغکردنی دەسەڵاتو دابەشکردنی کوردستانی باشوور لەنێوان هەردوو حیزبی فەرامانڕەوا بۆ دوو بەش (هەرێمو ناوچە دابڕاوەکان)، وا خەریکن بە خشپە ناوچە دابڕاوەکانیشمان لەت لەت بکەن. بۆ نموونە بێ هیچ پاساوێک (قەزای بەدرەو ناحیەی جەسانو قەزای تەلعەفەریان)، یەک تەرەفە لە خاکو سنووری کوردستانیان سڕییەوە، لەکاتێکدا (٣٥) لایەنی کوردستانی بە دیکۆمێنتو زیاتر لە دوو دانیشتنی پەرلەمان ئیقراری ئەوە کراوە، کە ئەو ناوچانە بەشێک لە کوردستانو لە پڕۆژەی دەستووری هەرێم پەسندکرابوو، تاوەکو (٢٠٠٩/٦/٢٢) بەشێک بوون لە مادەی (٢)، ئەو پڕۆژەیەو لەوەش زیاتر ئەو ناوچانە کرۆکی مادەی (١٤٠)ن، جا ئەوەی ئامادەبێت دەستهەڵگرێت لە (قەزای بەدرەو جەسانو تەلعەفەر..تاد)، کە پانتاییەکانی لە وڵاتێکی وەک (لوبنان) زیاترە، چۆن مەزەندەی ئەوەی لێنەکرێت چارەنووسی کەرکوکو ناوچەکانی دیکەش بە دەردی ئەوان نەبات، سووربوون لەسەر (یەک لیست)ی دەرئەنجامی ئەوسیاسەتەیەو پاساوی هزری گشتگیرییو قۆرغکردنی دەسەڵاتو تۆقاندنی شەقامی کوردستانی بە مەترسییە دەرەکییەکانو پرسە چارەنووسسازەکانەو رەتکردنەوەو ئیحتیوای ئۆپۆزسیۆنە، بۆیە بوونی لیستی جیا جیا بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکوک لە بوونی فرەلیستی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئەگەر گرنگتر نەبێت کەمتر نییە، مەرجی سەرەکیی هەر لیستێک بۆ کەرکوکو ناوچەکانی تەعریبکراوەکانی دیکەمان سازش نەکردنە لەسەر خاکی ئەو ناوچانەو سووربوونە لە کوردستانیەتیانو گەڕانەوەیان بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان.

**رۆژنامە: ئەگەر بە وردیی دەستنیشانی بکەی، بەرای ئێوە بۆچی پارتیو یەکێتی ئەوەندە سوورن لەسەر ئەوەی کە کورد یەک لیستی هەبێت؟ ئەو نەزەرییەیە چییە کە ئەوان پێیانوایە تەنیا خۆیان لایەنو لیستی نیشتمانپەروەرو نەتەوەپەروەری کوردنو لیستەکانی گۆڕانو ئەوانەی دیکە، کە بەجیا دادەبەزن وەک خۆیان نیشتمانپەروەر نەبن؟**

* لە وەڵامی پرسیارەکانی دیکە ئاماژەم بۆ بەشێکی ئەم پرسیارە کرد، ئەم قۆناغە ئەو قۆناغە نییە ئیدی پاوانکردنی ئینتیمای نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەریی بەند بێت بە پارتی یان یەکێتی، چ لەگەڵ ناوەندی بەغداو چ لەگەڵ لایەنی دیکە، لە پرۆسەیەکی دیموکراتیو ئازادو شەفاف، دەستوورو یاساو شەفافیەتی رەفتارو سیاسەتی لایەنەکانو دەنگدەرانی کوردستانو سندوقی دەنگدان، تاکە ئامرازو لایەنی شەرعی بەخشینی ناسنامەی دڵسۆزی نیشتماپەروەرییە.

**رۆژنامە: لیستەکانی گۆڕانو لایەنەکانی تر لە پەرلەمانی عێراقی دەتوانن چۆن بەرگریی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن؟ ئایا لای بەرێزتان مەفهومی بەرگریکردن جگە لە مەسەلەی پێداگرتنی ئەو لیستانە لەسەر مافەکانی کورد، کە بە دەرەجەی یەکەم لە پاراستنی سیستەمی فیدراڵیو جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)و دەستوور خۆی دەبینێتەوە، پێتانوایە چ شتێکی دیکە هەیە کە ئەو لیستانە وەک خاڵی سەرەکیی کاری لەسەر بکەن، بە نموونە لە پەرلەمانی بەغداوە کارو فشار لەسەر دامەزراندنی سیستمێکی حوکمرانی تەندروستبکرێت لە کوردستان؟**

* نەک دەتوانن، بەڵکو ئەرکی سەرکییانەو یەک لە پاساوەکانی بوونیان وەک لیستو لایەن لەسەریانە گۆمەکە بشڵەقێنن، دوور لە سەودای پۆستو دەسکەوتی رۆژ، وەکو پێشتر جەختمان لەسەرکردەوە، ناوەڕۆکی پرسی کورد لە باشووری کوردستان نەهێشتنی تەعریبو سڕینەوەی ئاساوارەکانیەتی، بە حەسمکردنی سنووری جوگرافیو مێژووی باشووری کوردستانو پێناسەو تەسبیتکردنی سیستمی فیدراڵی لەسەر ئەو بنەمایەو مسۆگەرکردنی بە زەماناتی دەستوورییو رەنگدانەوەیان لە رێکەوتننامە پەیوەندارەکانی دەوڵەتی عێراق. تاکو ئەم کێشەیە چارەسەرنەکرێت چ زەمانێک نییە بۆ بنەماکانی دیکەی ئەم پرسە، هەرچەندە چاوەڕواندەکرێت ئەو دوو لیستە کە ئەمڕۆ لە هەرێم بە (ئۆپۆزسیۆن) پێناسەدەکرێن، جۆشو خرۆشێکو نەفسو گیانێکی تازە بە ململانێکانی لایەنی کوردستانیو ناوەند بدەن. بنەوانەی هێزی لایەنی کوردستانی لە ناوەند لە رێکوپێکی ناوماڵی کوردایە، رێکوپێکی ناو ماڵی کوردیش لە دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسیو ئازادو شەفافو یەکخستنی خیتابەکەیەتی لەمەڕ پرسە نیشتمانیو نەتەوایەتییەکان، لەسەر ئەو دوو لایەنەیە بەتایبەتی پرسی کورد رزگار بکەن لە هەڵچوونو داچوونی میزاجیو موجامەلەکردنو ململانێو موزایەداتی حیزبیی تەسکو تەسخیرکردنی بۆ ئەجێندای غەیرە کورد، ئەوەیش بە گۆڕینی ئەو پرسە لە پرسێکی حیزبیی بۆ پرسێکی نەتەوایەتیی، ئەرکی وا مەزن بەرنامەو ئیستراتیژو تاکتیکی تۆکمەی گەرەکەو ئیرادەو پێداگرتنو سووربوون لەسەر جێبەجێکرنی مەرجێکی سەرەکییە بۆ شکاندنی ئەو بەستەڵەکەی کە پرسی کورد لە ناوەند تووشی بووە، نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە ئەم هەرێمە بەپێی دەستووری عێراقو پڕۆژەی دەستووری هەرێم بەشێکە لە عێراق، لە زۆر بواردا دەستووری عێراق ناوەندی بەرپرسیارکردووە لەمەڕ دیموکراتییەتو مافو ئازادییەکانو پاراستنی سنوورو رێگرتن لە دەستێوەردانی دەرەکیی... تاد.

بەندە تەمەننای ئەوە دەکات واقیعی هەرێم بگۆردرێتو بگاتە ئەو ئاستە کە نوێنەرانی کوردستانییەکان لە بەغدا، هەرێم بکەنە نموونەو کارتی فشار بۆ وەدەستهێنانی مافو ئازادییەکان، راستە لەمبارەیەوە ئەزموونەکەمان شکستی هێناوە، وەلێ هێشتا بایی ئەوەندە ماوە ئەو هەڵانە راستبکرێنەوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی لە دایکبوونی ئۆپۆزسیۆنەو یەک لە ئەرکە سەرەکییەکانیەتی لە هەرێمو لە ناوەند.

**رۆژنامە: بە رای بەرێزتان تا چەند چانسی کورد بەهێزە لە نەخشەی سیاسیی داهاتووی عێراقدا ئەو پۆستە سیادییانەی ئێستا هەیەتی بەدەستی بێنێتەوە؟ ئایا بۆ کورد پێ لەسەر ماف دابگرێت یان پۆست؟، کە هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە لەچوار ساڵی رابردوودا ئەو پۆستە سیادیانەی کورد وەریگرتووە نەیتوانیوە کاری پێبکات بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان؟**

* وەکو وتمان ئەم عێراقە هێشتا دەکوڵێتو هەموو پرسەکان قابیلی گفتۆگۆو گۆڕینو گۆڕانکارییە، ئەوە شەش ساڵە نوێنەرانی لیستی کوردستانی لە بەغدا بەشدارن لە دەسەڵات، ناڵێین هیچ نەکراوە، وەلێ وەک دەرئەنجام ئەوەندە سەرقاڵی موجامەلەکردنو بایەخدان بە ئەجێندای هێزو لایەنەکانی غەیرە کوردو پۆستو دەسکەوتی رۆژ بوون، ئەوەندە ئاگایان یان دروستتر پێیان دانەدەگرت لەسەر خاڵە سەرەکییەکانی پرسی کورد، نابێت بوونی کورد لەو پۆستە سیادیانە بەهەند وەرنەگرین، وەلێ خودی ئەو پۆستانە ئامانج نییە، بەڵکو دەرئەنجامە، بە داخەوە لایەنی کوردستانی تائێستا زیاتر لەسەر پۆستەکان سوورن لەوەی لەسەر مافەکان، ئەمەش یەک لە لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو ئەزموونەیە، ئەگەر پێ دانەگرێت لە مافو سەودای لەسەر بکرێت مانەوەی پۆستەکانیش پووچو مەترسیدارە، بوونی کورد لەو پۆستانە لە هەندێک بواردا بووەتە بارگرانیی بۆ مافەکانمان، نەیارانو دۆستانی کورد کە باسی کێشەی کورد دەکەن لە باشووری کوردستان بێ یەکو دوو ئەو پۆستانە دەکەنە پاساو بۆ رەتدانەوەی رەخنەو گلەییو گازندەی کورد لە ناوەند، یەک لە هۆکارەکانی گردبوونەوەی نەیارانی کوردو دیموکراتییەت لە عێراق، بوونی کوردە لەو پۆستانە، لە کاتێکدا ئەو پۆستانە زیاتر رواڵەتیو پرۆتۆکۆڵین.

بەداخەوە لیستی دەسەڵات حیساب بۆ هەلو کات ناکاتو هەلو کاتیش لەسەر کەس راناوەستێت، لە چاوەڕوانی هەلدا هەل لە دەستدەدەنو باجی دواکەوتن پەشیمانییەو بیرکردنەوەی دوای رووداوکان بۆ پەند باشە..!

**نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەداخەوە ئەوەندەی سەرقاڵی پلەوپایەو بەشو پارە بوون، نەیانتوانی هەلەکان بقۆزنەوەو مافەکانی کورد حەسمبکەن**

## جەوهەر نامیق:

# * تاکڕەویی‌و یەکلیستی پارتی‌و یەکێتی، مەترسی لێکترازانە

# * لیستی جیا بۆ هەڵبژاردنی کەرکوک لە بوونی فرەلیستە

سازدانی: سیروان ڕەشید

**سیاسەتمەداری ناسراوی کورد، جەوهەر نامیق سالم، پێیوایە بوونی فرەلیستی لەناو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق حاڵەتێکی زۆر تەندروستو ئیجابییەو بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە پێیوایە بوونی فرەلیستی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان مەترسیی بۆ سەر کورد هەیەو جەوهەر نامیق لەو ڕووەوە دەڵێت: ترسی لە یەکترازاندنو پەرتکردنی ماڵی کورد لە فرەلیستی نییە سەبارەت بە ململانێو کێبڕکێی ئاشتیخوازانەی لایەنەکانو حەسمکردنی پشتیوانو متمانەی دەنگدەرانی کوردستان بەو لایەنانە، بەڵکو لە تاکڕەویی یەک لیستییە.**

**جەوهەر نامیق سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکو دیسانەوە بوونی لیستی جیاش لەو پارێزگایە دەڵێت: ئەوە واقیعی کەرکوکە لە سایەی سیاسەتی یەکلیستی‌و قۆرغکردنی دەسەڵاتو دابەشکردنی کوردستانی باشوور لەنێوان هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا بۆ دوو بەش (هەرێمو ناوچە دابڕاوەکان)، وا خەریکن بە خشپە ناوچە دابڕاوەکانیشمان لەت لەت بکەن، بۆیە بوونی لیستی جیاجیا بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکوک لە بوونی فرەلیستی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئەگەر گرنگتر نەبێت کەمتر نییە.**

**ڕۆژنامە: هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی نزیکبووەتەوە، بەڕێزتان وەک سیاسەتمەدارێک چۆن دەڕواننە ئەو هەڵبژاردنە، پێتانوایە تابلۆی سیاسیی عێراق گۆڕانکاریی جەوهەریی تێدا ڕوویدات؟**

* هێشتا ناوەڕۆکی تابلۆکە بە ڕوونی دەرنەکەوتووەو لە قۆناغی نەخشەو تێکەڵکردنی ڕەنگەکانە، ململانێیەکە تاکو دێت چڕتردەبێتەوە، ئەجێندای ئەکتەرەکانی گۆڕەپانەکە لە گۆڕاندایە، جڵەوی هەندێکیان بەدەستی خەڵکی دیکەیە یان لە دەستیان دەرچووە، ڕۆڵی وڵاتانی ئیقلیمی لەم زۆرانبازییەدا هەستیارە، بڕیاری ئەمریکا بە پلەی یەکەم کاریگەریی گرنگی هەیە لەسەر تابلۆکە چ لەگەڵ ئەکتەرەکانو چ لە سەوداو مامەڵەی لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی پەیوەندار، حەسمیش لای دەنگدەرانە.

گۆڕان سوننەتی ژیانەو گردبوونەوەو لەیەکترازان لە واقیعی ئەمڕۆی عێراقدا، پرۆسەیەکی بەردەوامەو مەزندەکردنی گۆڕانی جەوهەریی زیادەڕەوییە لە گەشبینیی، لە تەک ئەوەی تابلۆکە هێشتا تەماوییەو گۆڕانی (جەوهەریی) لە ئارادا نییە، وەلێ لەم سەروبەندەدا دەکرێت ئاماژە بەچەند دیاردەیەک بکەین لەوانە:

١. بە بەراوردکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، ئەوەی کە دێت گۆڕانکاریی لە ڕیزبەندی‌و گردبوونەوەی لایەنەکانو تەرازوی هێز ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە.

٢. هەرچۆنێک بێت ڕەوتو دەرئەنجامەکانی گردبوونەوەو گۆڕینو گۆڕانکارییەکان، دەسەڵاتی زۆرینە هەر بە دەستی هێزە ئیسلامییە سیاسییە مەزهەبییەکان دەمێنێتەوەو پێشەکی بۆ شیعەکانە.

٣. ڕەوتی مەزهەبی‌و نەژاد پەرستە توندڕەوەکانی نێو هێزکانی زۆرینەو بەرهەڵستکاران زیاد دەکات، یەک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دژایەتیکردنی پرسی کوردە، دینامۆو بنکەی سەرەکیشیان خزانەوەو مانەوەی پاشماوەی حیزبی بەعسی هەڵوشاوەیە چ لەنێو بنکەو لوتکەی لایەنەکان یان لە سیستمی پیرۆگراتی دەوڵەتی عێراق، بەپێچەوانەی هەموو نەخشەو لێکدانەوەو لێدوانەکانی لایەنو کەسانی پەیوەندار.

٤. تاکو ئەمریکا لەم وڵاتە بەمشێوەو شێوازە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکات، ئەگەری سەقامگیریی‌و گۆڕانی جەوهەریی دوورە...!.

**ڕۆژنامە: کورد لەکوێی ئەو گۆڕانکارییەدایە، بە بڕوای ئێوە پێویستە کورد چی بکات کە ڕۆڵو پێگەی بەهێزتر بێت لە پەرلەمانی داهاتوو، ئایا ئەو جیاوازیانە چین کە پێویستە کورد لە خیتابی سیاسیدا بیانگرێتە بەرو هەڵەکانی ڕابردووی دووبارە نەکاتەوە؟**

* ئەمە پرسیارێکی هەستیارو خاسەو پێویستە هەندێک وردبین‌و بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پرۆسەی دامەزراندنەوەی عێراقی (هیواو ئاشتی) لە پاش (ڕزگاریی)و (داگیرکردن)ی لەلایەن ئەمریکاوە، چونکە هەر ئەودەم لایەنی کوردستانی بە تەحدید لوتکەی دەسەڵاتی یەکێتی‌و پارتی کورتیانهێنا، ئەوان ڕایان وابوو سیاسەت هونەری مومکیناتە نەک هونەری (خیارات)، کێشەی کورد بریتییە لە پلەوپایەو بڕە پارەیەک لە ناوەندی بەغداو چەند دێڕێکی یاسایی لە دەستوورو گفتی سەرزارەکی‌و بوون بە (چاملغی) ئەمریکا گشت کێشەکانیان چارەسەردەکاتو ئەوەی لە عێراقو ناوچەکە بۆ ئەمریکا باش بێت، بۆ ئەو لوتکەیە باشەو ئەوەی بۆ لوتکەیش باش بێت بۆ کوردیش باشە، لێ واقیعی عێراقو ناوچەکەو دۆزی کورد لەماوەی نزیکەی یەک سەدە بە گشتیی‌و ئەزموونی ئەم (٦) ساڵە لە (عێراقییەت)و (چاملغی) لوتکەی دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە لە عێراقی ( هیواو ئاشتی)و ڕۆڵی (سەڵتە سووری بەر لەشکریان) لەگەڵ ئەمریکا، نەک کێشەی کوردی باشووری کوردستانی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو ئاڵوزتری کردو ئەوەی هەیە ئەوەیە کە لە مەیداندایە: ژمارەیەکی پۆستی سیادی لە ناوەند، کە زیاتر پرۆتۆکۆڵین‌و لە پرس‌و بوارە ناسکەکاندا یان خۆیان گێل دەکەن (نەوەک زەرەری هەبێت بۆ پەزەکان) یان بەسەریاندا تێدەپەڕێتو ئاگایان لێ نییە یان فەرز دەکرێت، ئەو بڕە پارەیەش بووەتە یەک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی گەندەڵیی دەسەڵات، هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدو بۆچوونو هەڵویستانە.

## ئەم قۆناغە ئەو قۆناغە نییە ئیدی پاوانکردنی ئینتیمای نەتەوایەتی‌و نیشتمانپەروەریی بەند بێت بە پارتی یان یەکێتی، ئێستا لایەنانی دیکەش نوێنەرایەتی کورد دەکەن

هیچ لەم (عێراق)ە حەسم نەکراو، دۆخەکە هێشتا دەکولێتو وا زوو دانامرکێتەوە، گۆڕانکارییەکان بە گشتیی پرۆسەیەکی بەردەوامەو کوردیش بەشێکە لەو هەڵچوونو داچوونە، وەلێ نوێنەرانی وایانکرد کە بەشێکی لاوازبێت لە هەڵویستو لە ئەداو لە خیتابی سیاسی‌و دوای ڕووداوەکان بێت، چونکە هەر لە سەرەتای گەمە سیاسییەکەی دوای (٢٠٠٣) تائێستا لوتکەی دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتییە، هەرچۆن وەکو پێویست لە سەرەتای (ڕزگاریی) عێراق سەرکەوتوو نەبوون لە بەکارهێنانی کارتی کورد لە ڕووی دیمۆگرافی‌و جوگرافیاو مێژوو و هێزو قوڵایی نەتەوایەتیی، واتا پانتایی خاکو دەسەڵاتی ئیداریی‌و سیاسی‌و هێزی سەربازیی‌و جەماوەریی‌و غەدری مێژوویی‌و جینۆسایدو ئەنفالو تەعریب، هەر بەهەمانشێوە ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکانی ململانێی نێو دەسەڵاتی ناوەندو لایەنە غەیرە ئیرهابییەکانی ئەزموونی گەمەی بەرهەڵستکارانی ئەمریکاو ڕژێمی نوێ، عێراقیان وەکو پێویست نەقۆزییەوە بۆ چارەسەرکردنو حەسمکردنی پرسی کورد، بە داخەوە ئەوان زیاتر سەرقاڵی پلەوپایەو بەشو پارە بوون، وەک هاوڵاتییەکی عێراقی تەماشای (ڕزگاری)و ( داگیرکردن)و دەسەڵاتیان دەکرد، نەک وەکو نوێنەری نەتەوەیەکی خاوەن کێشەو پرسێکی پێناسەکراو. بە دیدی بەندە ئەودۆخەی ئەمڕۆ دەرئەنجامی خۆشباوەڕیی‌و کورتبینیی لوتکەی دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتییەو ئەوەی لە سەرەتای گۆڕانکارییەکانی (٢٠٠٣) دەلوا بۆ کورد ئێستا مەحاڵە، بۆیە خۆیانو ئۆپۆزسیۆنو خەڵکی کوردستان وا باجەکەی دەدەنەوە.

خیتابی ئایندەی لایەنی کوردستانی دەبێت بۆ پرسی کورد بێت، پرسی کوردیش لە باشووری کوردستان چەقیوە، چەند ئەمریکاو ناوەندی بەغدا بەرپرسیارن لەو ڕەوشە، ئەوەندەش لوتکەی دەسەڵاتی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوای هەرێم، واقیعی ئەمڕۆی پرسی کورد لە باشووری کوردستان دەکرێت لە سێ جەمسەری سەرەکیی وەک یەک پاکێت کۆبکرێتەوە:

١. کێشەی ناوچە تەعریبکراوەکانمانو چارەنووسیانو گەڕانەوەیان بۆ باوەشی (هەرێم)و حەسمکردنی سنووری باشووری کوردستان بەپێی واقیعی مێژوویی‌و جوگرافی‌و دیمۆگرافی پێش نەخشەو سیاسەتی تەعریب، مەعلومیشە بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە گشت جۆرە داکۆکی‌و تیکۆشانێکی گەرەکە، لە پێش هەموویان ڕێگە دەستوری‌و یاسایی‌و مەدەنییەکان.

٢. ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد، ئەویش بە دەزگاکردنی دەسەڵاتەکانی (یاسادانانو کارگێڕیی‌و دادوەریی)و ڕزگارکردنیان لە پرەنسیپی پەنجا پەنجاو قۆرغکرنی لەلایەن هەردوو حیزبی فەرمانڕەواو قبوڵکردنی دیاردەی فرەیی‌و پێکەوەژیانو هەزمکردنی ئۆپۆزسیۆنو هەوڵی جدیی‌و یاسایی بۆ چارەسەرکردنی گەندەڵیی‌و ملکەچکردن بۆ بڕیارو هەستو خواستی خەڵکو وەدەنگهاتنەوەی دەسەڵات سەبارەت بە داخوازییەکانیان، بەتایبەتی چینو توێژە هەژارەکانو ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ شەقامی کوردستانیی، هەنگاوی یەکەمیش لە پیاچوونەوەو گۆڕان لە عەقڵییەتو شێوەو شێوازی بەڕێوەبردن لە ئاستی لوتکەو لە هەیکەلیەتی حیزبو ئیدارەی ڕژێمی هەرێم دەستپێدەکات، واتا گۆڕان لە سیستمو ئەدای سیستم، ئەمەش بێ داکۆکی قووڵو فراوانکردنی بواری ئازادییەکانو شەفافیەتو دیموکراتی کارێکی بێهودەیە.

٣. پێداگرتن لەسەر پاراستنی دەستکەوتەکان، ئەوەی کە هێشتا ماون چ لە هەرێمو چ لە ناوەندو کۆشش بۆ پتەوکردنو گەشەپێدانی، کە خۆی لە یەکلاییکردنەوەی پرەنسیپی فیدراڵییەتو دەسەڵاتەکانی هەرێمو ناوەندو مافی بوونی فەرمیی کورد لە ناوچە دابڕاوەکان (المناطق المتنازع علیها) لە هەموو ئاستو ڕوویەکەوە، یەکسان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند (تاکو حەسمدەکرێت)، سەرژمێریی‌و بەشی هەرێم لە داهاتی عێراق ...تاد

ئەمانەی کە باسمانکرد زۆر یان کەم لە بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) لیستی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بەدیدەکرێت، واتا لایەنە کوردستانییەکان، وەکو پرەنسیپ خیتابی سیاسییان سەبارەت بە کێشە سەرەکییەکانی هەرێمو ناوەند جیاوازی ئەوتۆی لێ بەدیناکرێت، ئەوەی گرفتەو دەبێت چارەسەربکرێت مەرجەعییەتی بڕیاری سیاسی‌و کێشەی ئەدای لایەنەکانی کوردستانی‌و نوێنەرانیەتی لە ناوەندو یەکخستنو تۆکمەکردنی خیتابەکەیە.

**ڕۆژنامە: ئێستا لە ناوەندی سیاسی کوردیدا (بەتایبەت لای لیستی دەسەڵات) مەسەلەی بوونی لیستی جیاواز بۆ پەرلەمانی عێراق مشتومڕێکی زۆری دروستکردووە، ئێوە خوێندنەوەتان بۆئەو مەسەلەیە چییە، پێتانوایە کورد ئەگەر بەچەند لیستێک بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکات بەمانای لێکترازانو پەرتکردنی نێوماڵی کوردییە؟**

* هەردوو حیزبی فەرمانڕوا فرسەتیان پێدرا بەختو بەرنامەی خۆیان لە دوو خولی پەرلەمانی ناوەندی بەغدا تاقیبکەنەوە، ناڵێین هیچ نەکراوە یان ڕۆڵیان نەبووە، وەلێ وەکو دەڵێن (الاعمال بالنتائج) دەرئەنجامی ئەداو هەڵوێستیان سەبارەت بە پرسە هەستیارەکان لە زۆر بواردا پۆزەتیڤ نەبووە، دەنگدەرانی هەرێم بە ڕاشکاویی هەڵویستی خۆیان لەمەڕ ئەدای ئەم دوو حیزبە لە گشت بوارەکاندا لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) حەسمکرد، دیاردەی فرەیی‌و فرەلیستی لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا دیاردەیەکی تەندروستە، لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو زۆربەی زۆری لایەنەکانی عێراقی، ئیسلامیی سیاسی، عەلمانیی شیعە، سوننە، کوردستانییەکان، لەناو خۆیاندا بە لیستی جیاوازو بە دەستەجەمعیش بەشدارییانکرد، بە گشتیی لێکترازانو پەرتکردنی جەوهەریی لێ دروست نەبوو بەتایبەتی لایەنی کوردستانیی.

ترسی لە یەکترازاندنو پەرتکردنی ماڵی کورد لە فرەلیستی نییە سەبارەت بە ململانێو کێبڕکێی ئاشتیخوازانەی لایەنەکانو حەسمکردنی پشتیوانو متمانەی دەنگدەرانی کوردستان بەو لایەنانە، بەڵکو لە تاکڕەویی‌و یەک لیستییە. بەپێچەوانەی یەک لیستیی، فرەلیستی دەبێتە مایەی دروستکردنی متمانەو دیاریکردنی قەبارەو بەرپرسیارێتی‌و حەسمکردنی دەسەڵات، نەک وەکو ئێستا کە زۆر لە شکستییەکانی



# ـــی دەرەوەی یەکێتـــین
# ـــووربن لە سەر بەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد



دابنیشن‌و گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی کە ستراتیژی کاری سیاسیی خۆتانی بۆ ڕوونبکەنەوە تۆ لە دیداری پێشوودا وتت: «ئێمە هێزێکین بە تەنیشت ئەوانەوەو بەدیلی ئەوان نین»، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئێوە بیرتان لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوان نەکردووەتەوە؟**

– بەڵێ بیرمان لێکردووەتەوە، بەڵام هەتاکو ئێستا ئەوان هەڵوێستیان وەکو باسمکرد هەڵوێستێکی دوژمنانەیە، هەتا ئێستا بەردەوامن لەسەر نانبڕینی خەڵک تائێستا بەردەوامن لەسەر هەڕەشەکردن لە خەڵک تائێستا بەردەوامن لەسەر ئەوەی کە سزای سیاسیی خەڵک بدەن لەهەمانکاتدا بەردەوامن لەسەر بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ناڕاست دژی ئەم بزووتنەوەیەی ئێمە هەر وەختێک ئەوان هەڵوێستیان لەو مەسەلانە گۆڕا ئێمە لەم وڵاتەدا دەژین لەگەڵ دەسەڵاتدارانیشدا گفتوگۆ دەکەین‌و قسەدەکەین‌و هەوڵدەدەین زمانێکی هاوبەش بدۆزینەوە.

*** واتا هەڵوێستی ئێوە پەیوەستە بە سیاسەتەکانی ئەوانەوە؟**

– بەڵێ بەندە بە هەڵوێستی ئەوانەوە بەرامبەر بە ئێمە، ئەگەر هەڵوێستیان لە ئێمە هەڵوێستی گفتوگۆکردن‌و زمانی هاوبەش‌و لەیەکگەیشتن بێت، بێگومان ئێمە ئەو ڕێگەیەمان پێ پەسەندە، خۆ ئەگەر لەسەر دوژمنایەتی بەردەوامبن ئەوان چاوەڕێی ئێمە نەکەن ئێمە هەرچییەکیان کرد باشیانکردو خراپیانکرد کە لە پەرلەمان یان لە دەرەوەی پەرلەماندا چەپڵەیان بۆ لێبدەین‌و دەستخۆشیان لێبکەین، بێگومان ئەگەر شتی خراپیانکرد دەچینەوە بە گژیاندا، بە ڕێگەی دیموکراتیی.

*** بزووتنەوەی گۆڕان چی بەسەر دێت؟**

– ئەوە پرسیارێکی زۆر بە جێیە، لەلایەن زۆر خەڵکیشەوە ئەو پرسیارەمان لێدەکرێت، بزووتنەوەی گۆڕان وەکو قەوارەیەکی سیاسیی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە جارێک پەسەندکراوە ئەمجارەش پەسەندکردنەکەی تازەکراوەتەوە، ئێمە بۆمان هەیە لە ڕووی یاساییەوە وەکو قەوارەیەکی سیاسیی کاربکەین، وەکو قەوارەیەکی سیاسیی لە چەند هەفتەی داهاتوودا خۆمان ڕێکدەخەین، هەوڵدەدەین چەندین ڕایەڵەو تۆڕی جیاجیا بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ چین‌و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری کوردستانی عێراق‌و ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات دروستبکەین، بۆ ئەوەی ئەمجارە وەکو قەوارەیەکی وەکو هێزێکی سیاسیی ڕێکخراو بچینە ناو ململانێی هەڵبژاردنەوە.

*** بەشی دووەمـــی پرسیارەکە دەڵێت، دەبنە فۆڕمی پارتێکی سیاسیی دیاریکراو؟**

– ئێمە بە هیچ جۆرێک ئەزموونی حیزبە ستالینییەکان دووبارە ناکەینەوە حیزبی هەرەمی دروستناکەین‌و بە نیازنین لاسایی ئەو حیزبە تەقلیدیانە بکەینەوە کە لە کوردستاندا حیزبایەتیانکردووە بە سەرچاوەی ژیان بۆ مووچەخۆرو کردوویانە بە ئامرازێک بۆ ئەوەی خەڵک ناچاربکەن لەگەڵیاندابێت لە کوردستاندا حیزبە سیاسییەکان ئێستا لەم زەمانەدا تەجنیدی ئیجباری عەسکەری نەماوە جاران هەرچی تەمەنی بگەیشتایەتە (١٨) ساڵ ناچاربوو ببێتە سەرباز، ئێستا لە جیاتی تەجنیدی ئیجباری عەسکەری، تەجنیدی ئیجباری سیاسیی هەیە. ئێمە دژی ئەو سەرەتایەین‌و پێمانوایە سەردەمی حیزبە ستالینییەکان بەسەرچووە. ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە تۆ هەوڵبدەیت لەسەر شێوەی سوپایەک حیزبێکی سیاسیی دروستبکەیت لە هەموو کون‌و قوژبن‌و کۆڵانێکدا بارەگات هەبێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بکەیت‌و لەو ڕێگەیەوە لەشکرێک لە مووچەخۆری بێئیش لەناو بارەگاکانی خۆتدا کۆبکەیتەوە ئێمە ئەو ئەزموونە دووبارە ناکەینەوە، ئێمە ئومێدمانوایە کە ئەزموونێکی تازە بهێنینەناو کوردستانی عێراقەوە کە ببێت بە جێگەی پەسەندکردنی کۆمەڵانی خەڵک، خەڵک کاری سیاسیش بکات‌و لەهەمانکاتدا پیشەی تایبەتی خۆیشی هەبێت سەرچاوەی ژیانی تایبەتی خۆی هەبێت.

*** بەشێکی دیکەی پرسیارەکە باس لە پەیوەندیی نێوان ئێوەو یەکێتی دەکات، بەوەی کە ئێوە جیادەبنەوە لە یەکێتی یان جیانابنەوە، یان بەشێکن لە یەکێتی، یان بەشێک نین لە یەکێتی؟**

– ئێمە لە یەکێتی جیانەبووینەتەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە بزووتنەوەی گۆڕاندا کۆبوونەتەوە ئەسڵەن یەکێتی نەبوون، ئەگەر لە یەکێتیش بوون لە یەکێتی هاتوونەتە دەرەوە ئەوە موشکیلەی خۆیانە ئێمە خۆمان بە مونشەق‌و بە جیابووەوە نازانین بزووتنەوەیەکی جەماوەریی فراوان کە پایەگایەکی فراوانی هەیە لە کوردستاندا، خەڵکی تێدایە کە کاتی خۆی کادیربووە لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا یان ئەندام بووە لەناو ڕیزەکانی یەکێتیدا، بەڵام ئێستا هاتووەتە دەرەوە هەروەها لەناو حیزبەکانی دیکەش خەڵک هەبوون هاتوونەتە دەرەوە، بەڵام بەشی زۆری هێزەکەی ئێمە کە لێمانکۆبووەتەوە لەو کەسانەن کە پێشتر یان لە هیچ حیزبێکدا نەبووە، یان بێلایەن بووە، یان تازە هاتووەتە ناو ڕیزی جووڵانەوەکەوە لەبەرئەوە یەکێتیمان بۆ خاوەنەکانی خۆی بەجێهێشتووە.

*** دوابەشی پرسیارەکە ئەوەیە: دواجار پێویستییەکی حەتمی نییە ئێوە لە چوارچێوەی پەیکەرێکدا خۆتان ڕێکبخەنەوە، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان پەرش‌و بڵاونەبێت؟**

– من باسمکرد، وتم ئێمە وەکو قەوارەیەکی سیاسیی حەقی کارکردنمان هەیەو خۆمان ڕێکدەخەین‌و بەم نزیکانە لە شارە سەرەکییەکانی کوردستانی عێراقدا بارەگا دەکەینەوەو دەستدەکەین بە کاری ڕێکخستنی خۆمان، لە ڕێگەی کۆمەڵێک لە شەبەکەی پەیوەندییەوە.

*** پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، بۆچی نەوشیروان مستەفا کۆمەڵەی ڕەنجدەران زیندووناکاتەوە لەبری ئەوەی بەدیلێکی دیکە دابنێت؟**

– وابزانم هەر قۆناغێک‌و هەر سەردەمێک پێویستی بە شێوەیەکی دیاریکراوی ڕێکخراوەیی هەیە، پێموایە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە قۆناغی خۆیدا دەورێکی گرنگ‌و سەرەکیی‌و کاریگەری لە مێژووی میللەتەکەماندا بینی ئەو قۆناغە تێپەڕی ئێستا قۆناغێکی تازەیە، پێویستیمان بە فۆڕمێکی نوێ بە ناوەڕۆکێکی نوێ، بە بەرنامەیەکی نوێ، بە سەرکردایەتییەکی نوێ، بە شێوەیەکی ئیشکردنی نوێ هەیە، من ئومێدموایە، ئەو کەلێنەی کە ئێستا لە کوردستانی عێراقدا هەیەو زۆر لە دڵسۆزەکان‌و لە ئەندامە کۆنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران باسی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵە زیندووبکرێتەوە، من پێموایە ئەو قۆناغە بە سەربەرزییەوە ئەرکەکانی خۆی بەجێهێناوە، ئێستا قۆناغێکی تازەیەو ئەرکی تازەمان لە ئەستۆدایە.

*** بەشێکی زۆر لەو پرسیارانەی نێردراون بۆ ئەم بەرنامەو دیدارە پەیوەستن بە مەسەلەی نانبڕین‌و ئەو سزا سیاسییەی کە تۆ باسکرد، تۆ خۆت پەیامت چییە بۆ ئەو نانبڕاوانە، یان ئەوانەی کە لەسەر بزووتنەوەکەی ئێوە سزایەکی سیاسیی دراون کە دەتوانرێت بوترێت مۆدێلێکی تازەی سزادانە؟**

– ئێمە ئەو بەرنامەیەی کە هەمانبووە بەرنامەی گۆڕان بووە، بەرنامەی گۆڕانێکی سیاسیی بنەڕەتی بووە لە کۆمەڵی کوردەوارییدا، ئێمە بەڵێنمان بە میللەتەکەمانداوە کە ئیشبکەین بۆ ئەوەی سیستمی حوکمڕانی لە کوردستانی عێراقدا بگۆڕین، ئیشبکەین بۆ ئەوەی شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات بگۆڕین، ئیشبکەین بۆ ئەوەی کە ئەدائی حکومەت بگۆڕین، ئیشبکەین بۆ ئەوەی کە ئەدائی پەرلەمان بگۆڕین، ئیشبکەین بۆ ئەوەی کە وڵاتەکەمان لە قۆناغێکەوە بچێتە قۆناغێکی خۆشترو باشترو پێشکەوتووتر لەوە هەموو گۆڕانێک لە دنیادا نرخی خۆی هەیە هەموو هەوڵ‌و تێکۆشانێک باجی خۆی هەیە، پێموایە ئەو سزا سیاسییەی کە ئێستا دەسەڵاتداران دەیسەپێنن بەسەر چالاکەکان‌و بەسەر لایەنگرەکانی ئێمەدا، لە ڕاستیدا ئەوە بەشێکە لەو نرخەی کە تێکۆشەرەکانی میللەتەکەی ئێمە ئەمڕۆ لە نرخی گۆڕینی سیستمی سیاسیی، سیستمی ئابووریی‌و سیستمی کۆمەڵایەتی دەیدەن وە من بە شانازییەوە باسی ئەوە دەکەم چالاکەکانی میللەتەکەمان بەرگەی ئەوەیانگرتووەو خۆڕاگرییەکی بێوێنەیان پێشانداوە کە ئامادەنەبوون لەپێناوی مووچەیەکی بچووکدا تەنازول لە بیروباوەڕی سیاسیی‌و لە مەبدەئی خۆیان بکەن، بێگومان ئەم عەقڵییەتەی کە ئێستا عەقڵییەتی سزادانی سیاسییە، ئەمە پاشەڕۆژی نییە، ئێستاشی نییە، نەک ئایندە، ئەمە وەکو پەلەقاژە وایە پێشموایە ئەم پەلەقاژەیەش دادەمرکێتەوە چ زوو بێت چ درەنگ بێت.

*** دەتەوێت بڵێیت ئەو ئامانجەی کە لەپشت سزای سیاسییەوەیە کە ترساندنی لایەنگرانی بزووتنەوەی گۆڕانە سەرناگرێت؟**

– بێگومان سەرناگرێت، سەدان هەزار کەس لەم بزووتنەوەیە کۆبووەتەوە نانبڕینی چەند هەزار کەسێک ناتوانێت میللەتێک چاوترسێن بکات. میللەتەکەی ئێمە گۆڕینی دەوێت، لەبەرئەوە بە سزادانی چەند هەزار کەسێک میللەت چاوترسێن نابێت، ئێمە لە سەردەمێکدا هەفتەی وا هەبووە سەدان کەسیان لێ ئیعدامکردوین‌و هەڵیانواسیوەو لەسێدارەیانداوە لەسەر جادەی شارەکان خەڵکیان بە ڕیز گوللەباران کردووە میللەتەکەمان چاوترساو نەبووە ئێستا بە نانبڕین‌و بە دەرکردن‌و بەوانە چۆن چاوترسێن دەبێت.

*** واتا ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە، ئەمجارەی کە گۆڕان هات مۆدێلێک بوو، بەڵام ئەمجارە کە دێت ڕەنگە بەم حەماسەوە نەبێت‌و لەلایەن تۆوە ڕەتدەکرێتەوە یان ڕات چییە؟**

– من پێموایە هەڵبژاردنی داهاتوو ئێمە سەرکەوتنی سیاسیی گەورەتر بەدەست دەهێنین، پێموایە گەلەکەمان پەشیمان نەبووەتەوە لەوەی کە دەنگی بە ئێمەداوە، بەپێچەوانەوە بەشێک لەوانەی کە دەنگیان بە ئێمە نەداوە پاش ئەوەی کە ئەو ڕووداوانەی کوردستانی عێراقیان بینیوە ئێمە لایەنگرمان زۆرتربووە، دەیشیبینین ئەوە لەبەردەمماندایە.

**بۆ ئەڵقەی سێیەم لە بەرنامەی ڕووبەڕوو لەگەڵ نەوشیروان مستەفا پرسیارەکانتان لەڕێی ئەم ئیمەیلەوە دەگاتە بەرنامەکە:**

INFO@KNNC.NET

**ئێمە بە هیچ جۆرێک ئەزموونی حیزبە ستالینییەکان دووبارە ناکەینەوە حیزبی هەرەمی دروستناکەین‌و بە نیازنین لاسایی ئەو حیزبە تەقلیدیانە بکەینەوە کە لە کوردستاندا حیزبایەتیانکردووە بە سەرچاوەی ژیان**

## نەوشیروان مستەفا، لەوەڵامی پرسیاری هاوڵاتییاندا:

# * زۆرینەی زۆری ئەوانەی لەبزوتنەوەی گۆڕانن خەڵکانـ

# * کەسانێک کاندید دەکـەین بۆ پەرلەمانی عێـراق کە سـ

سازدانی: هۆشیار عەبدوڵڵا

**نەوشیروان مستەفا، لە دووەم ئەڵقەی بەرنامەیەکی کەناڵی تەلەفزیۆنی (کەی. ئێن. ئێن)دا بە ناوی (ڕووبەڕوو لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا) وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە لەلایەن هاوڵاتییانەوە ئاراستەی کرابوون، بەشێکی ئەو پرسیارانە پەیوەستبوون بە مەسەلەی هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕانو فراکسیۆنی گۆڕان لە بەرامبەر مەسەلەی نانبڕینی مووچەخۆرانی حکومەتی هەرێم بە تۆمەتی دەنگدانیان بە لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووزی ئەمساڵدا، یان کارکردنیان بۆ لیستی گۆڕانو ئەو میکانیزمو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئەو کەسانە بەشێکی دیکەی پرسیارەکانیش پەیوەستن بەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بەرەو کوێ؟ بەو مانایەی دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، بۆ لەمەودوا شکڵو شێوەی بزووتنەوەکە چۆن دەبێتو چی دەکات.**

*** ئێوە چ ڕێوشوێنێک دەگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئەو کەسانەی لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان نانبڕاو کراون؟**

– ئێمە هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی‌و مەدەنی دەگرینەبەر، بێگومان نانبڕینی خەڵک کە دەچێتە خانەی سزادانەوە لەسەر بیروباوەڕی سیاسیی ئەمە شتێکە پێچەوانەی مافی مرۆڤە، پێچەوانەی هەموو ئەو یاسایانەیە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەودەکرێن. لەبەرئەوە ئێمە بە ڕێگەی یاسایی بە ڕێگەی مەدەنی، هەر کارێک پێمانبکرێت دەیگرینەبەر، بەتایبەت فراکسیۆنەکەی ئێمـە لـە پـەرلـەمـان چـالاکـیـان دەستپێکردووە کە هەوڵبدەن بە ڕێگەی یاسایی مافی ئەو گەرانە بگەڕێننەوە، وە ئێمە واز لە مافی ئەو کەسانە ناهێنین.

*** دەسـەڵاتـیـش بـڕیـاریـداوە بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەیە بکات، بەڵام ئەگەر دەسـەڵات بە دەم ئەو داواکارییەی بزووتنەوەی گۆڕانەوە نەچوو، ئێوە چی دەکەن؟**

– ئـەگـەر بـە دەنـگـیـیـەوە نەچوو دیسانەوە ئێمە بەردەوامدەبین لەسەر هەوڵدانی یاسایی لەسەر گرتنەبەری ڕێـگـەی مـەدەنـی، بێگومان ئـەوە بە تـاوان حیسابدەکرێت نەتیجەکانیشی دەسەڵاتدارانی ئێستا تەحەمولی دەکەن.

*** ئەمە بۆخۆی جۆرێک نییە لە سزادانی سیاسیی‌و ئێوە کاردەکەن بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی سزادانی سیاسیی لە کوردستاندا؟**

– بەڵێ ئەمە جۆرێکە لە سـزادان لەسەر بیروبۆچوونی سیاسیی، ئێمە وەکـو مەبدەئی دژی ئـەوەیـن هیچ کەسێک لەسەر بیروباوەڕی سیاسیی لە دایرەکانی حکومەتدا سزابدرێت، چونکە حکومەت بە تەنیا موڵکی یەک حیزب نییە، موڵکی یەک لایەن نییە، موڵکی یەک کەس نییە، بەڵکو حکومەت هی هەموو میللەتەکەمانە، بە پارەی هەموو میللەتەکەمان بەڕێوە دەچێت بۆ خزمەتی هەموو میللەتەکەمانە، لەبەرئەوە پێویستە حکومەت جێگەی هەموو کەسێکی تێدابێتەوە سەرەڕای جیاوازیی بیرو بۆچوونەکانیان بەو شەرتەی لە قانوون نەچووبێتە دەرەوە.

*** پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، ئێوە وەک لیستی گۆڕان لەناو پەرلەماندا دەتوانن چی بکەن، یان چی بگۆڕن لە سیستمی حوکمڕانیدا؟**

– ئێمە وەختی خۆی کە بەشداریمان کردووە لە هەڵبژاردندا لەسەر بنەمای مونافەسەی سیاسیی بەشداریمان کردووە لەسەر بنچینەی دوژمانەیەتی سیاسیی بەشداریمان نەکردووە ئێمە خۆمان بە مونافیس دەزانین، خۆمان بە دوژمن نازانین، بەڵام ئەوان بە چاوی دوژمن تەماشای ئێمە دەکەن. لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئێمە کۆمەڵێک پرۆژەمان ئامادەکردووە کە وەختی خۆی لە ڕێگەی پەیامەکانماندا بە خەڵکمان ڕاگەیاندووە هەر بۆ نموونە لە مـاوەی ڕابـردوودا دوو پرۆژە یاسای گرنگیان پێشکەش بە پەرلەمان کردووە کە یەکێکیان پەیوەندی بە بێلایەنکردنی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، واتا قـەدەغـەکـردنـی کـاری حیزبایەتی، ڕێکخستنی حیزبایەتی لەناو هێزەکانی ئاسایش‌و پێشمەرگەو پۆلیسدا، ئەوەی دیکەشیان ڕێکخستنی یارمەتی دارایی بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو هەموو حیزب‌و قەوارە سیاسییەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی جۆرێک لە ڕۆشنی بخرێتە ناو بودجەی هەرێمی کوردستانەوە، لەسەر ئەمە بەردەوامدەبن بـەردەوام ئەمانە پێشکەشدەکرێن، بێگومان فراکسیۆنەکەی ئێمە لە پەرلەماندا زۆرایەتییەکی ئەوتۆی نییە کە بتوانێت بە دەنگدان ئەو پرۆژانە جێبەجێبکات، ئـەو پـرۆژانـە هـەمـووی لە خزمەتی خەڵکدایە، لە قازانجی میللەتەکەمانە، بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەمانە، بۆ ئەوەیە کە عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەماندا جێگیربێت، بۆ ئەوەیە کە خەڵک لەم وڵاتەدا هەست بەوە بکات کە خاوەنی وڵاتەکەی خۆیەتی، هەست بەوە بکات کە هاوڵاتییەکی ڕاستەقینەیەو خاوەن ئەرک‌و مافە لەم وڵاتە. لەبەرئەوە من ئومێدموایە کە هەموو ئەو شتە باشانەی لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە دەخرێتە بەردەم ئەوانەی دیکە کە بە چاکیانزانی دژایەتی نەکەن، نەک دژایەتی نەکەن، بەڵکو پشتیوانی بکەن، لە بەرامبەر ئەوەشدا هەرچی پرۆژەیاسایەک یاخود هەرچی بەرنامەیەک کە لیستەکانی دیکە هەیانبێت وە لە پەرلەماندا بیهێننە پێشەوە کە خێرو خۆشی میللەتەکەمانی تێدابێت بێگومان لەلایەن فراکسیۆنەکەی ئێمەو لەلایەن فراکسیۆنەکەی دیکەشەوە پشتیوانی لێدەکرێت لەبەرئەوە لەو ڕێگەیەوە ئەوەندەی قابیلی جێبەجێکردن بێت جێبەجێی بکەین.

*** بـەڵام هـەسـتـنـاکـەیـت کە سەرەتاکان دڵخۆشکەرنین، بەو پێیەی کە پرۆژەکانی ئێوە هەرچەندە لە بەرژەوەندیی خەڵکیش بێت، دواجار زۆرینە ڕەتیدەکاتەوە؟**

– بەڵێ تائێستا وایە، من ئومێدموایە کە وانەبێت وەکو باسمکرد ئێمە لەسەر بنەمای مونافەسەی سیاسیی چووینەتە ناوەوە، بەڵام تائێستا ئەوان وەکو دوژمن تەماشای ئێمە دەکەن هەرچی کەسێک گومانی لێبکەن کە لە دائیرەکانی حکومەت دەنگی بە ئێمە داوە یان پشیوانی لە ئێمە دەکات هەوڵدەدەن کە تەسفیەی بکەن، کە تەسفیەکردنی سیاسیی لایەنگرەکانی ئێمەیە لەناو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و لەناو دامودەزگای پێشمەرگەو پۆلیس‌و ئاسایش، بەڕاستی ئەمە پێچەوانەی یاسایەو ئەمە کارێکی زۆر خراپە، سـەرەڕای ئـەوە، ئەوان بـەردەوام بـوخـتـان‌و درۆ بـۆ ئێمە هەڵدەبەستن، جارێک پێمان دەڵێن ئەمانە ئینقیلابچین، جارێک پێمان دەڵێن ئەمانە دەستی بەغدایان لە پشتە، جارێک دەڵێن ئەمانە لەگەڵ موخابەراتی سوریا دانیشتوون کە لە ڕاستیدا ئەمە هەمووی بوختانە بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتیی، ئێمە ئومێدمانوایە کە ئەوان بە چاوی مونافیسی سیاسیی تەماشای فراکسیۆنی گـۆڕان‌و بـزووتـنـەوەی گۆڕان بکەن، نەک بە چاوی دوژمنێکی سیاسیی.

*** باشە ئێوە پرۆژەکانی خۆتان تەنیا لە ڕێگەی فراکسیۆنەکەتان لە پەرلەماندا بەرجەستە دەکەن، یان میکانیزمی دیکەتان هەیە بۆ خستنەڕووی پرۆژەکانتان؟**

– ئێمە لـە قـۆنـاغـی داهـاتـوودا هـەوڵـدەدەیـن کە جۆرێک لە نەریتی سیاسیی لە کوردستاندا بهێنینەکایەوە، کە ئەویش گرێدانی هەوڵدانی فراکسیۆنی پەرلەمان لەگەڵ ڕاگەیاندن هەوڵدانی ناو ڕاگەیاندن ناو میدیای ئازاد لەگەڵ هەوڵەکانی سەر شەقامی کوردی، واتا هەوڵدەدەین شەقام‌و میدیاو پەرلەمان پێکەوە گرێبدەین‌و بەیەکەوە بتوانن فشارێکی سیاسیی وەها دروستبکەن هەندێک لەو بەرنامانە جێبەجێبکرێت.

*** واتـا دەتانەوێت ئـەوەی پێی دەوترێت شەڕی دیموکراسی یان شەڕی پەرلەمانی ئەو شەڕە بگوازنەوە بۆ شەقام‌و بۆ ناو میدیاش؟**

– مـن ئومێدموایە وشـەی شەڕ بەکارنەهێنین جۆرێکە لە ململانێ‌و زۆرانبازیی.

*** پرسیارێکی دیکە کە ئاراستەتان کـراوە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە پرسیاریان نـاردووە بۆ تۆ لەڕێی ئیمەیڵی ئەم بەرنامەیەی کەناڵی (کـەی. ئێن. ئـێـن)ەوە ئەوەیە کە لەسەر چ بنەمایەک نوێنەرەکانتان دەستنیشان دەکەن بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق؟ ئێوە لەسەر چ بنەمایەک کاندیدەکانتان دەستنیشان دەکەن؟**

– ئێمە پێمانوایە هەڵبژاردنی کاندید بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی وردبینییەکی زۆر زیـاتـری دەوێـت لەوەی بۆ پەرلەمانی کوردستان کراوە، لەبەرئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پەرلەمانێکی تێکەڵ‌و پێکەڵە، کەسانێکی تێدایە کە دۆستی کوردن پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کورد دەکەن لەهەمانکاتدا کـەس‌و کوتلەی وەهای تێدابێت کە حەزیان لەوە نییە کورد بە مافەکانی خۆی بگات ڕەنگە دژی زۆر لە بەرنامەکانی کورد بوەستنەوە لەبەرئەوە هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وردبینییەکی وەهای دەوێت لەپێش هەموو شتێکەوە دەبێت بە بەباشی شارەزایی زمانی عەرەبی بێت، دەبێت مرۆڤێکی ئازاو بوێربێت، دەبێت خاوەنی ڕابردوویەکی پاکبێت، دەبێت لە بوارێکی دیاریکراودا شارەزاییەکی باشی هەبێت، دەبێت لەو کەسانەبێت کـە سـوورە لـەسـەر بەدەستهێنانی مـافـەکـانـی میللەتی کـورد لەسەر مەسەلەی دیموکراسی لەسەر مەسەلەی فیدرالیزم، واتا پابەندبێت بە مافەکانی گەلی کـوردەوە لەهەمانکاتدا بتوانێت زۆر بە ئازایانەو زۆر بە مەنتقو بەپێی یاسا بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکانی میللەتەکەمان بکات لەناو پەرلەماندا.



*** بەشی دووەمی پرسیارەکە باس لەوە دەکـات، ئێوە بۆ دیاریکردنی کاندیدەکانتان بـۆ پەرلەمانی کوردستان زۆر وردنەبوون بەتایبەتی لە عەدالەتی لەبەرچاوگرتنی ناوچە جیاوازەکان؟**

– ڕەنـگـە لـە هـەنـدێـک نـاوچـەی بچووکدا ئەوە ڕوویدابێت، بەڵام ئەو بیستوپێنج کەسەی کە چوونەتە ناو پەرلەمانەوە پێموایە نوێنەرایەتی بەشی زۆری هەرێمی کوردستان دەکـەن، ڕەنگە ئەو ناعەدالەتییە کە ڕوویداوە هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم بگەڕێتەوە بۆ یاسای هەڵبژاردن لە کوردستاندا کە کوردستانی کردووە بە یەک بازنە، لەهەمانکاتدا کردوشیەتی بە لیستی داخراو، ڕەنگە ئەگەر ئێمە لە پاشەڕۆژدا لە ئایندەدا بتوانین بە هاوکاری لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەی ناو پەرلەمان گۆڕانکارییەک لە یاسای هەڵبژاردندا جێبەجێبکەین بە قازانجی ئـەوەی کە کوردستان چەند بازنەیەک بێت یان لیستەکە لیستێکی کراوەبێت، ڕەنگە ئەو کاتە بتوانین زۆرتر عەدالەت لەو مەسەلەیەدا جێبەجێبکەین. ناوچەی وەها هەیە ئێمە نازانین چەند دەنگ دەهێنین هەتاوەکو بزانین چەند کەسی بۆ دابنێین، بـەڵام ڕەنگە بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە ئێستا بەرچاومان ڕۆشنەو لە هەڵبژادنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا باشتر دەزانین لە چ ناوچەیەکدا نفوزی ئێمەی تێدا بەهێزترە لە چاو چ ناوچەیەکی دیکەدا، لەهەمانکاتیشدا پێموایە هەموو ئەوانەی چوونەتە ناو پەرلەمانەوە خەڵکی شایستەو لێوەشاوەن‌و دەتوانن نوێنەرایەتی نەک هەر ناوچەکەی خۆیان، بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو هەرێمی کوردستان‌و خەڵکی کوردستان بکەن.

*** باشە، بەشێکیشی پەیوەندیی بە کاری سیستماتیزەکراوەوە نییە، بەو پێیەی کە ئێوە بیرتان لەوە نەکردووەتەوە کە لەم هەڵبژاردنانە دەزگایەک یاخود ئۆرگانێکتان هەبێت ئەم شتانە ڕێکبخات؟**

– بەڵێ لە هەڵبژاردنی پێشوودا ئێمە نە حیزببووین، نە دامودەزگایەکی وەهامان هەبوو کە بتوانین بەشێوەیەکی ڕێکخراو بچینە نـاو هەڵبژاردنەکەوە، ئێستا ئێمە چەند دەرسێکمان لە هەڵبژاردنی ڕابـردوو وەرگـرتـووە، هەوڵدەدەین لەم هەڵبژاردنەی عێراقدا سوود لەو دەرسانە وەربگرین، یەکێک لەوانە ئێمە پێشتر دەزگایەک یان دامەزراوەیەکمان نەبوو بە ناوی دامەزراوەی هەڵبژاردن، ئـەمـجـارە ئێمە دامـەزراوەیـەکـمـان پێکهێناوە لە سلێمانی‌و لە هەولێرو لـە کـەرکـوک بـەنـاوی دامـــەزراوەی هەڵبژاردنی گۆڕان کە ئـەوان لایەنی تەکنیکی‌و یاسایی پرۆسەکە دەگرنە ئەستۆی خۆیان، ڕەنگە بەو هۆیەوە ئەرکی سەرشانی ئێمە زۆر ئاسانتر بێت لەچاو جاری پێشوو بەتایبەتی ئێوە خۆتان ئاگادارن‌و دەزانن جاری پێشوو ئێمە کە چووینە هەڵبژاردنەوە هەتا ئەو کاتەی کە لیست دروستکراوە ئێمە لە هیچ جێگەیەک بارەگامان نەبووە لە هیچ جێگەیەک نوێنەرمان نەبووە لە هیچ جێگەیەک لیژنەو کۆمیتەو دامودەزگامان نەبووە، خەڵک پشتیوانی لێکردین‌و بزووتنەوەیەکی خۆڕسکی جەماوەریی بووە، بزووتنەوەیەکی عەفەوی بوو، کە پشتیوانیان لە بەرنامەکەی ئێمەکرد لەم هەڵبژاردنەدا ئێمە هەوڵدەدەین خۆمان ڕێکبخەین سەرەتای ڕێکخستنەکەشمان بـەوە دەستپێکردوە کە دەزگایەکی یان دامەزراوەیەکی پرۆفیشناڵمان بۆ کاروباری هەڵبژاردن دروستکردووە.

*** پرسیارێکی دیکە کە بۆ ئێوە هاتووە ئەوەیە، کە بیرتان لەوە نەکردووەتەوە لەگەڵ سەرکردەی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستان**

## پەرلەمانتارانی گۆڕانو یەکگرتوو: دەستنیشانکردنی جێگری سەرۆکی حکومەت

# لە پەرلەمان، نیشانەی مانەوەی سیستمی دووئیدارەییە لە کوردستان

**سامان بەشارەتی**

چەند ئەندام پەرلەمانێک ئاماژە بەوە دەکەن کە لە هیچ یاسایەکو پەیڕەوی ناخۆی پەرلەماندا باس لەوە نەکراوە سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی بە دەنگدان هەڵبژێردرێن، پێیانوایە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم درێژەدانە بە سیستمی دووئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان.

د.کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند «بەپێی برگەی ١٢ی یاسای ژمـارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ ئەم دەنگدانەمان بەڕێوە بردووە، بۆ سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی، پارتیو یەکێتی بەڵێنیانداوە بە هاوڵاتییان لەم کابینەیەدا سیستمی دووئیدارەیی دووبارە نەبێتەوە».

لە دانیشتنی هەفتەی رابردوو پەرلەمانی کوردستاندا (د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح) وەک سەرۆکی حکومەتو (ئـازاد بـەرواری ) وەک جێگری سەرۆکی حکومەت لەلایەن (٧٣) ئەندامی پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەیان پێدرا بۆ ئەوەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم پێکبهێنن، لە بەرامبەریشدا (٢٨) ئەندام پەرلەمانی تر دەنگیان پێ نەدان لە لیستی گۆڕانو شەش ئەندامی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی متمانەیان بەو دوو کاندیدکراوەی لیستی کوردستانی نەدا، چونکە بە بڕوای ئەوان «دەنگدان بەو دوو کەسە دەنگدانە بە سیستمی دووئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان». زانا رەئوف، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە سەر فراکسیۆنی گۆڕان رەخنەی لە سەرۆکی پەرلەمان گرت بەوەی کە نابێت پەرلەمان بەیەکەوە دەنگبدات بە سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی، بەڕێکردنی ئەم کارە بەم شێوەیە درێژە پێدانی سیستمی دووئیدارەییە لە هەرێمی کوردستان، چونکە بەپێی سیستمی هەموو وڵاتانی دونیا سەرۆکی حکومەت خۆی جێگرەکەی دیاری دەکات نەک پەرلەمان،

بەڵام بە بۆچوونی د.کەمال کەرکوکی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەنگدان بە سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی بە کارێکی یاسایی دەزانێتو وتی: «بەپێی برگەی (١٢)ی یاسای ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٥) ئەم دەنگدانەمان بەڕێوەبردووە، بۆ سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی».

سەبارەت بە دابەشکردنی وەزارەتەکانو سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمدا کە درێژ کردنەوەی سیستمی دووئیدارەیی دووبارە پەیڕەو دەکرێتەوە.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد، راستە پارتیو یەکێتی بە شێوەیەکی تەوافوقی حکومەتیان دابەشکردووە، بەڵام بەڵێنیانداوە بە هاوڵاتییان لەم کابینەیەدا سیستمی دووئیدارەیی دووبارە نەبێتەوەو بنبڕبکرێت.

بەپێی ئەنجامی راپرسییەکی سایتی هاوڵاتی لە بارەی پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمەوە ئەنجامدراوە، تێیدا (٧١,٥٪)ی بەشدار بووان پێیانوایە، یەکێتیو پارتی ناتوانن بەتەنها حکومەتێکی سەرکەوتوو پێکبهێنن، لە بەرامبەردا (٢٧,٢٪)ی بەشداربووان پێیانوایە، حکومەتێکی سەرکەوتوو دەبێت.

د.زانا رەئوف ئاماژەی بەوەکرد، لە هیچ وڵاتێکی دیموکراتیدا نەبووە جێگری سەرۆکی حکومەت لە پەرلەمان دەست نیشان بکرێت، تەنیا کاری پەرلەمان ئەوەیە متمانە بە سەرۆکی حکومەت بدات نەک جێگرەکەی.

عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی بە رۆژنامەی راگەیاند «ئێمە ئەندامەکانمان ئازاد کرد بۆ دەنگدان بە سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەی، بەڵام شەش کەسمان دەنگمان نەدا، چونکە پێمانوابوو نابێت پەرلەمان متمانەبدات بە جێگری سەرۆکی حکومەت، بڕواشمان وابوو، میکانیزمی پێکهێنانی ئەم حکومەتە درێژکردنەوەی دووئیدارەیی دەبێت لە هەرێمی کوردستاندا».


ئەم ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان نمونەی بۆ قسەکانی خۆی هێنایەوە وتی «دابەشکردنی وەزارەتەکان لە نێوان پارتیو یەکێتیدا، دانانی سەرۆکی حکومەت لە یەکێتیو جێگرەکەی لە پارتی، ئەوە نیشانی هاوڵاتییان دەدات کە بە شێوەی (٥٠ بە ٥٠) حکومەتیان دابەشکردووە، ئەمەش ئەو سیستمەی رابردووی دووئیدارەییمان وەبیردەهێنێتەوە کە هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردووی حوکمڕانی پێوەی ناڵاندووە».

عومەر عەبدولعەزیز ئاماژەی بەوەشکرد لە وڵاتانی دیموکرسیدا سەرۆکی حکومەت هەڵدەسێت بە پێکهێنانی کابینەکەیو دواتریش بۆ خۆی جێگرەکەی دادەنێت، بەڵام ئەوەی لە دانیشتنی (٩/١٦) لەپەرلەمانی کوردستاندا روویدا، ئەوەی نیشانی هاوڵاتییانی کوردستاندا کە ئالیەتی پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم لە سەر رێکەوتنێکی تەوافوقی نێوان پارتی دیموکراتو یەکێتیی نیشتمانی بووە.


نەسرین جەمال، ئەندام پەرلەمان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند، دەنگ نەدانیان بە سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوە دەگێڕنەوە لە ماوەی رابردوودا د.بەرهەم سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی سلێمانی بووەو تێبینیان لە سەر سەرۆکایەتیکردنی حکومەتەکەی هەبووە».

سەبارەت بە دەنگ نەدانیشیان بە ئازاد بەرواری وەک جێگری سەرۆکی حکومەت، ئەم ئەندام پەرلەمانەی لیستی گۆڕان رایگەیاند «تائێستا ئەم کەسە کاری حکومی نەکردووەو تەنها کاری حیزبی کردووەو بەرچاومان رون نەبووە لەسەر ئەدای کارکردنی».

ئەزمونی دووئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان، نەک تەنها لای خەڵکی کوردستان بابەتێکی بێزارکەر بووە، بەڵکو لای هەموو جیهان روویەکی ناشیرینی بەخشیوە بە پرۆسەی ئیداریی هەرێمی کوردستانو پێدەچێت لەکابینەی داهاتووشدا سیمای دووئیدارەیی بە روخساری کابینەکەوە دیاربێت.



د. بەرهەم ساڵح



ئازاد بەرواری

## راپرسییەکی رێکخراوێکی کوردی:

# پێویستە کورد پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت

**بەرهەم خالید**

بەپێی ئەنجامی راپرسییەک، کە رێکخراوێکی کوردی لە شارەکانی هەرێمو کەرکوکو موسڵدا ئەنجامیداوە، زیاتر (٦٤٪)ی بەشداربووان پێیانوایە؛ کە لە بەرژەوەندیی کوردە کە پەیوەندی پتەوی لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت، سیاسەتمەدارێکی کوردیش دەڵێت: پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل هیچ قازانجێک بە بەرژەوەندییەکانی کورد ناگەیەنێت.

راپرسییەکە لەلایەن رێکخراوی پۆینت (بارەگای لەشاری دهۆکە) بۆ راپرسیو لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان ئەنجامدراوەو زیاتر لە (١٠٠٠) کەس بەشداریی تێداکردووە، ئاماژە بە بوونی پەیوەندی مێژوویی نێوان کوردو ئیسرائیلو سەرهەڵدانی چەند بۆچوونێک دەکەن، کە داوای ئەوە دەکەن کە پێویستە کورد پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا پتەوتر بکات بەتایبەت، کە باس لەوە دەکرێت لە رابردوودا سەرکردایەتی کورد پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەبووە هەروەک بەپێی ئەنجامی راپرسییەکە (٨٧,٥٪)ی بەشداربووان پێیانوایە؛ کە پەیوەندییەکی مێژوویی هەیە لەنێوان سەرکردە کوردەکانو دەوڵەتی ئیسرائیلداو (٦٨,٤٪)یش پێیانوایە؛ بۆ کورد باشترە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا پتەوتر بکەن.

بەڵام د.مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری ناسراو کە ئاگاداری زۆرێک لە پەیوەندییە شاراوەو نهێنییەکانی سەرکردەکانی کورد بووە لە رابردوو و ئێستادا، نکوڵی لە بوونی هەر پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێوان کوردو ئیسرائیلدا دەکاتو بە توندیش ئەوە رەتدەکاتەوە، کە لە ئێستادا پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێتو باس لەوە دەکات، کە ئەو زانیارییانەی باس لە بوونی ئەو پەیوەندییە دەکەن بێ بنەمانو لە راستییەوە دوورن.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ناوبەناو پرسی بوونی پەیوەندی لەنێوان کوردو ئیسرائیلدا دەوروژێنرێت بەتایبەت لەلایەن میدیا عەرەبیو عێراقییەکانەوەو وەک رەخنەیەک ئاراستەی کورد دەکرێت، بەڵام بە زوویی لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە بەرپەرچ دەدرێتەوەو رەتدەکرێتەوە دواترین دەنگۆی ئەو بابەتەش لە چەند هەفتەی رابردوودا بوو کاتێک هەواڵی پێکهێنانی حیزبێکی جولەکە لە کوردستان بڵاوکرایەوەو دواتر فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم هەواڵەکەی بە درۆخستەوەو رەتیکردەوە.

وەک لە ئەنجامی راپرسییەکەدا هاتووە (٦٦,٧٪)ی بەشداربووان پێیانوایە؛ کورد زۆرێک لە دۆستە راستەقینەکانی خۆیان لە دەست نادەن بە نزیکبوونیان لە ئیسرائیل بەشێوەیەکی ئاشکراو هەروەها (٦٦,٩٪)ی بەشداربووانی ئەم راپرسییە پێیانوابوو؛ کە پەیوەندی کورد لەگەڵ ئیسرائیلدا رۆڵێکی گەورەی دەبێت لە پرۆسەی خێراکردنی پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کورددیدا.

بەڵام د.مەحمود عوسمان بە پێچەوانەی ئەو ئەنجامەوە پێیوایە؛ کە کورد هیچ پێویستییەکی بە ئیسرائیل نییەو بوونی پەیوەندیش بە زیانی کورد تەواو دەبێت بەو پێیەی ئێستا کورد بەشێکە لە عێراقو وڵاتانی دیکەی دراوسێ بۆیە باشترە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێو عێراقدا باش بکاتو پەرەپێبدات، د.مەحمود ئەوەشی نەشاردەوە، کە کورد لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا هەوڵیداوە لە رێگەی پەیوەندی ئیسرائیلەوە پەیوەندی بە ئەمریکاوە هەبێت، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەنجامێکی ئەوتۆو ئێستاش کورد پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەمریکا هەیە بۆیە پێویستی بە ئیسرائیل نییە ئەوە لە کاتێکدایە (٧١,٣٪)ی بەشداربووانی راپرسییەکە بە هەموو شێوەیەک دژی ئەو بیرۆکەیەن، کە کورد هەموو پەیوەندییەکی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا ببڕیت، چونکە ئەمانە پێیانوایە کە ئەم کارە لە ئایندەدا لە بەرژەوەندی کورد دا نابێت.

لە وەڵامی جۆری پەیوەندی نێوان کوردو ئیسرائیلدا (٦١,٤٪)ی بەشداربووانی راپرسییەکە پێیان باشە، کە پێویستە ئەم پەیوەندییانە بە ئاڵوگۆڕکردنێکی رۆشنبیریو ئابووریی دەست پێ بکەن، وەکو نیشانەیەک بۆ پێویستی بەشداریکردنی رووناکبیرانی کوردو هەروەها سەرمایەدارانی کورد لەم پەیوەندییەدا، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە هێشتا زووە بۆ ئەوەی پەیوەندی سیاسیی لە نێوان ئەو دوولایەنەدا هەبێت، کە رەنگە وڵاتانی دراوسێی هەرێم بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایەو بە دژایەتییکردنی بوونی هەر پەیوەندییەکی لەو جۆرە ناسراون توڕە بکات، ئەوەش بە زیان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی کورد لە ناوچەکەدا کۆتایی بێت.



**مەحمود عوسمان:**

**هیچ قازانجێک لەو پەیوەندییە ناکەین**

## ئەگەر کاری جدیی بۆ گەڕانەوەی مافی نانبڕاوان نەکرێت،

# خۆپیشاندانو مانگرتنی جەماوەریی ئەنجامدەدرێت



**شارا عەبدولڕەحمان**

فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژەبڕیارێک سەبارەت بە گەڕانەوەی نانبڕاوەکان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان دەکات، هاوکات لە ڕێگەی سەرۆکی هەرێمیشەوە کار بۆ هەمان مەبەست دەکات، ئەندام پەرلەمانێکی لیستەکەش ئاماژە بە ئەنجامدانی مانگرتنو چالاکی جەماوەریی دەکات ئەگەر بەجدیی کار بۆ داواکەیان نەکرێت.

لە یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، کە ڕۆژی (٩/٨) لە هەولێر بەڕێوەچوو، فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژەبڕیاری «گەڕانەوەی نانبڕاوان»ی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، کە مەبەست لێی کارکردنە لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بڕیارانەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دراون بۆ دەرکردن یان گواستنەوەی فەرمانبەرانی حکومیی، هاوکات گەڕاندنەوەی هەموو ئەو کەسانەی، کە پلەکانیان دابەزێنراوە لە شوێنی خۆیان.

عەبدوڵڵای مەلا نوری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پرۆژەبڕیارەکەمان زۆر بەشێوەیەکی یاسایی تەقدیمی پەرلەمان کرد، لە سەرەتادا ویستمان ماوەیەک بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان دیاری بکەین تا وەڵاممان بداتەوە، بەڵام دواتر پێمان باشبوو چاوەڕێی بردنە سەری ئەو بەڵێنە بکەین، کە سەرۆکی هەرێم لەسەر هەمان مەسەلە پێی داوین.

ڕۆژی (٨/٢٧) لە میانەی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕاندا، مەسەلەی دەرکردنو نانبڕاوکردنی زیاتر لە (١٧٠٠) کەس کە گومانیان لێدەکرێت دەنگیان بە لیستی کوردستانی نـەداوە، باسکراو هەر لە کۆبوونەوەکەدا مەسعود بارزانی نیگەرانیی خۆی لە حاڵەتەکە نیشانداو بەڵێنی بەدواداچوونی ئەو کێشەیەی دا، دواترو لە ڕۆژی (٩/١٠)دا سەرۆکایەتی هەرێم ماوەی (١٠) ڕۆژی دیاریکرد، کە لەو ماوەیەدا بەدواداچوونی تەواو بۆ کێشەی نانبڕاوان بکاتو وەڵامی خۆی ڕاگەیەنێت.

لەوبارەیەشەوە ئەندام پەرلەمانەکەی فراکسیۆنی گـۆڕان وتـی: «پێمانوایە سەرۆکایەتی هەرێم لە مەسەلەی گەڕانەوەی نانبڕاواندا جدییەو ئەو بەڵێنەی پێیداوین دەیباتە سەر، چونکە ئەگەر وانەبێت ئەوا ناتوانێت بێلایەنیی خۆی بپارێزێت،ئەوکاتەش دەتوانین بڵێین سەرۆکی هەرێم پابەندنەبووە بەو سوێندەی کە خواردوویەتی».

ئەگەر وەڵامی سەرۆکایەتی هەرێم لە کاتی خۆیدا ڕوون نەبووەوەو پەرلەمانی کوردستانیش کاردانەوەی ئیجابیی نەبوو، ئەوا فراکسیۆنی گۆڕان بەنیازی ئەنجامدانی خۆپیشاندانو مانگرتنی جەماوەرییە تا لەو ڕێگەیەوە فشار لەسەر دەسەڵات دروست بکەن بۆ گەڕاندنەوەی نانبڕاوان.

عەبدوڵڵا مەلا نوری ڕایگەیاند: ئەگەر لە ڕێگەی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانەوە نەمانتوانی ئەو ناعەدالەتییە ڕاست بکەینەوە، کە حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە هاوڵاتییانی خۆی ئەنجامی دەدات، ئەوا پەنا دەبەینە بەر جەماوەری خۆمانو گوشاری مەدەنی دروست دەکەین بۆ گەڕاندنەوەی ماف بۆ مافخوراوان، چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکینو لەسەرمانە کە کاریان بۆ بکەین.

ئەو ناوانەی کە فراکسیۆنی گۆڕان پێشکەشی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کـردووەو سەرجەمیان لەسەر ئـەوەی کاریان بۆ لیستی کوردستانی نەکردووە، یان دەنگیان پێنەداوە دەرکراون ڕێژەیان دەگاتە نزیکەی (١٧٥٠) کەس، کە هەموویان فەرمانبەری حکومەتنو بریتین: لە پێشمەرگەو مامۆستاو پۆلیسو هیچکامیان کادیری حیزبی نین، هاوکات مەلەفی کادیرە حیزبییە دەرکراوەکان بە هـەزاران کەس دەبنو تێکەڵ بە فەرمانبەرانی حکومیی ناکرێن.

لـەلایـەکـی دیـکــەوە، ئیدانەکردنی نانبڕینو دەرکـردنـی کادیرە حیزبییو حکومییەکان بە تۆمەتی بیروڕای جیاواز لەلایەن دەسەڵاتەوە، نیگەرانییەکی زۆری لای سەرجەم هاوڵاتییانو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دروسـتـکـردووە، لەو چوارچێوەیەشدا چاودێری کوردۆساید-چاک لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە زۆر بە توندی لە دژی ئەو کارەی دەسەڵاتی کوردی دەوەستێتەوەو مەحکومی دەکات.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە: نانبڕینو گواستنەوەی خەڵک بە هۆکاری ئەوەی دەنگیان بە لیستی دەســەڵات نـەداوە، درێژەپێدانی ئەو میتۆدە دیکتاتۆرییانەی دەسەڵاتە، کە (١٨) ساڵە پلەی ئیداریی‌و داهاتی ئەم خەڵکە بە موڵکی خۆی دەزانێتو دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بیروڕا ناڕازییەکانی خۆی پێ کپ بکات.

کوردۆساید-چاک ڕایدەگەیەنێت: ئێمە بە تەواویی لەگەڵ ئازادی بیروڕاو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازاددایـن، بۆیە لامان وایە، کە هاوڵاتی مافی خۆیەتی دەنگ بە کێو کام لیست دەدات، ئەمەش نەک هەرتاوان نییە، بەڵکو یەکێکە لە مافە بنەڕەتییەکانی هەر هاونیشتمانییەک لە هەر وڵاتێکدا بێت.



## مەولود باوەمراد: دەبێت لە بەغدا یەکهەڵوێست بین، بەڵام مەرج نییە یەکلیست بین

# نانبڕین پێچەوانەی سەرەتاییترین مافی مرۆڤە

**سازدانی: ئاوارە حەمید**

دەربارەی دیاردەی پاکتاوی ئیداریی لە دامودەزگاکانی حکومەت و نانبرینی فەرمانبەران و هاتنەکایەی ئۆپۆزسیۆنو بوونی لیستی جیاواز بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلایەن هێزەکوردییەکانەوەو چەند مەسەلەیەکی دیکەی هەنوکەیی، ڕۆژنامە ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ مەولود باوەمراد، کارگێری مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان سازداوە.



**ڕۆژنامە: حەزدەکەم لەسەرەتادا وەک شارەزایەکی سیاسیی، لەسەر دیاردەیەکی تراژیدیائامێزی وەک مەسەلەی نانبڕین پرسیارت لێبکەم، سەدان هاوڵاتی لەماوەی سێ مانگی ڕابـردوودا لەسەر بیروڕای جیاواز نانیان بردراوە، دەکرێت بۆچوونی جەنابت بزانین؟**

* نانبڕین پێچەوانەی سەرەکییترینو سەرەتاییترین مافی مرۆڤە، کە مافی ژیانە، هیوادارم نانو بژێویی هاوڵاتییان نەکرێتە بەشێک لەململانێی سیاسییو جیاوازیو ڕکابەرایەتی نێوان لایەنەکان، چونکە ئەوە برینەکان قووڵترو ڕقو کینەکان فراوانتر دەکاتو کێشەگەلێکی کۆمەڵایەتی خراپی لێدەکەوێتەوە، کاتێک منداڵێک، ژنێکی ماڵ، باوکێک، دایکێک بێتاوانو گوناهێک، باجی هەڵوێستی سیاسیی باوکی یان براکەی یان کوڕەکەی بدات.

بەپێی هەرسێ پەیماننامە سەرەکییەکەی مافەکانی مرۆڤ، وەزیفەی گشتیی مافی هەرهاوڵاتییەکە بەبێ هەڵاوێردن.

بەکارهێنانی وەزیفەی گشتییو بژێویی ژیان بۆ دەستبەرداربوون لەحیزبێک یان ئینتما بۆ حیزبێک، یان ملدانو تەسلیم بوون بەئیرادەیەکی سیاسیی، پێچەوانەی مەبدەئی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤە.

**ڕۆژنامە: چۆن دەڕوانیتە مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان، پێتوایە دەسەڵاتی کوردی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئۆپۆزسیۆنی کارا قبووڵبکات؟**

* ئـەو ئـۆپـۆزسـیـۆنـەی پـاش هەڵبژاردنەکانی(٧/٢٥) لە کوردستان هاتووەتەئاراوە،ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانییەو نوێنەری شەرعی هەڵبژێردراوی بەشێک لەخەڵکی کوردستانەو گوزارشت لەئیرادەی ئەوان دەکات، لایەنی حکومەتو دەسەڵات ناتوانێت نکوڵی لێبکات، هەروەک لایەنی حکومەت نـوێـنـەری دەنــگو متمانەی زۆرینەیەو مافی حکومەت پێکهێنانی هەیە، بەهەمانشێوەش کەمینە مافی خۆیەتی کە لە سەنگەری ئۆپۆزسیۆندا بێت، چاودێرییو لێپرسینەوە لە کاری حکومەت بکات، ئەمە پرەنسیپێکی سادەو سەرەتایی دیموکراتییەتە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە لایەنی دەسەڵات زۆرینەی پەرلەمانەو حکومەتو دامودەزگای ئیدارەی گشتییو داهاتو دارایی گشتیی وڵاتی لەبەردستدایە، توانای سنووردارکردنی کـارو چالاکی ئۆپۆزسیۆنی هەیە، کەواتە مەسەلەکە لەچوارچێوەی قبووڵکردنو قبوڵ نەکردندا نییە، چونکە شتێک بەناوی قبووڵ نەکردن نابێت لەئارادابێت.

جــۆری دووەمـــی ئـۆپـۆزسـیـۆن، ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پەرلەمانە کە من بۆ جیاکردنەوە ناوی دەنێم ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی حیزبو لایەنە سیاسییەکان، تواناو کارایی ئەم ئۆپۆزسیۆنە وابەستەی توانای کاریگەریی ئەو هێزانەیە لەسەر ڕای گشتییو سەرنجڕاکێشانی جـەمـاوەر بـەرەولای کەموکورتییو قەیرانو ناتەواوییەکانی حکومەتو کێشەکانی هاوڵاتییان، ئەمجۆرە ئۆپۆزسیۆنە لەچوارچێوەی سیستمە سیاسییەکەو ڕێسا گشتییەکانی گەمە دیموکراتییەکەدا کارو چالاکییەکانی بەڕێوە دەبات.

پێموایە دەسـەڵاتـی هـەرێـم توانای قـبـوولـکـردنـی ئـەو حـیـزبو هـێـزە سیاسییەی نییە، لەکوردستاندا بگاتە ئـەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی بێتو تا ئەو ئاستەی جەماوەرو ڕای گشتیی ببزوێنێت، چونکە هێزی چەکدارو داراییو دامـودەزگـای گشتیی حکومەت بەدەست حیزبەوەیە لـەدژی هەرحیزبو هێزێکی نەیاری بەکاریدەهێنێت، تەنانەت ئەوانەشی هاوکارییو بەشدارییانکردووە لەحکومەت لەم فشارو ئازاردانە بەری نەبوون، بەڵام حیزبۆکەو دوکانە حیزبو ئەو حیزبانەی بە وتەی عەبدولئیلاە بەلقەزیز: دەسەڵات وەک بێچوە جوجەڵە هەڵیاندەڕێژێتە ناو کایەی سیاسیی دەســەڵات، نەک هەر ڕێگرییان ناکات، بەڵکو بۆ بەخشینی سیمایەکی دیموکراتییەت بەدەسەڵاتو نەیەک لە فرەیی پشتیوانیشیان دەکات.

**ڕۆژنامە: بە بـڕوای ئێوە گـۆڕانو چوارحیزبەکە، دەتوانن ئۆپۆزسیۆنی کارابن؟**

* بـەڵـێ دەتـوانـن، ئەگەر هـەردوولا بڕیاری ئەوەیاندابێت کە ئۆپۆزسیۆن بن، بە تەنسیقو هاوکاری لەنێوانیاندا، بەڵام بەڕای من سەرەتاکەیان باش نەبوو، وادەزانـم ئەگەر ڕۆحییەتی ئـەوەی کە هەرلایەک بیەوێت خۆی بسەلمێنێتو شتەکان بۆ خۆی تۆمار بکاتو زاڵ بێت بەسەریاندا، ئەوا تەنسیقو هاوکاری ئاسان نابێت کە هیوادارم وا نەبێت.

**ڕۆژنامە: بێینە سەر کاری نوێنەرانی کـورد لە بەغدا، ئایا سەرکردایەتی کـورد تا چەند سەرکەوتووبووە لە بەغدا لە چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە دۆزی کوردەوە هەبووە؟**

* نوێنەرانی کـورد لە بەغداو کاری سەرکردایەتی کورد لە بەغدا دووقسەو دوو دەربڕینو دوو ڕاستی لێکجیان، ئەم بەکارهێنانە هەڵەیە، ئەوەی لە بەغدایە جگە لەنوێنەرانی گەلی کـورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ئەوانیدیکە کە پۆستو پلەی سیادییو تایبەتیان بەدەستە لە دەوڵەتو حکومەتی عێراقدا، کارو ئەرکیان بە گوێرەی دەستوورو یاسا بۆ بەڕێوەبردنی حکومەتی عێراقی فیدراڵەو بەرپرسن لەوپۆستو ئەرکانەی لەئەستۆیانە لەبەردەم بەرپرسەکانیانو بەرامبەر بەهەموو گەلی عێراق.

گەورەترین دەســەڵاتو فراوانترین سەڵاحیاتی مەدەنیو عەسکەریی لەعێراقدا بەپێی دەسـتـوور بـەدەسـت سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوەیە، چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی پەیوەندییان بەدۆزی کوردەوە هەیە لەبەغدا، بە وەزیرو پەرلەمانتارەکان ناکرێت، دەکرێت ئەرکێکی دیاریکراویان پێ بسپێردرێت، یان هۆکارێکی یارمەتیدەربن، یان ڕۆڵی باشیان هەبێت لەئامادەکردنی زەمینەی چارەسەری کێشەکاندا، بەڵام لایەنە سەرەکیو بڕیاردەرەمیحوەرییەکانی کێشەکە سـەرۆکـی هـەرێـمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـرانـی عـێـراقـن کە هەردووکیان دەسەڵاتی دەستوورییان هەیە، پەرلەمانتار ئەگەر لەهەرێمەوە ڕانـەسـپـێـردرێـت بـۆ چارەسەرکردنی کێشەو پرسەکانی کوردستانو زانیاریو دۆسییەکانیان لەشێوەی پـڕۆژەی کاری پەرلەمانیدا بۆ ڕەوانە نەکرێت، ئیتر گلەیی لە کێ دەکەیت، ئەو شتانەی لە سەڵاحیاتی ئەوانەو دژی مافو خواستەکانی گەلی کوردبووە، ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بەڵام کێشەیەکی وەک کێشەی مووچەو ژمارەو ئەرکی پێشمەرگەی کوردستان، یان کێشەی چۆنێتی ئیمزاکردنو نـاوەڕۆکو جۆری گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم لای وەزیرو پەرلەمانتار نییەو بەوان چارەسەر ناکرێت؟ ئایا ئەوەی ناوت لێناوە سەرکردایەتی کورد هیچ داوایەکی لە وەزیرو پەرلەمانتارەکان کـــردووەو جێبەجێیان نـەکـردبـێـت؟ بۆنموونە داوای کردبێت، لەبەرئەوەی سـەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق بە ئەرکی دەستووری جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠هـەڵـنـەسـاوە، دەبـێـت لە وەزارەت بکشێنەوەو ئـەوان ڕەفزیانکردبێت؟ یان ئایا بە پەرلەمانتارەکان وتـراوە دەنگ مەدەن بە بودجەی ئەمساڵو بیبەستن بە وەعدی حکومەتەوە بۆ چارەسەری کێشەی مووچەی پێشمەرگە؟

**ڕۆژنـامـە: بـە بـڕوای جەنابت یەکلیستیو فرەلیستی کامیان لە بەرژەوەندیی کورددایە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق؟**

* من پشتگیریی لەهەموو یەکدەنگیو یەکبوونو یەکڕیزییەک دەکەم کە ئیرادەو تێگەشتنو بەرژەوەندییە جیاوازەکان بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکی باڵای هاوبەش دروستیدەکەن، زۆر ناکۆکو دژم لەگەڵ بەیەکڕیزکردنو بەیەکدەنگکردن لەژێر هەر پاساو و ناوێکدا بێت، لە بەرژەوەندیی کورددایە لەبەغدا یەکهەڵوێست بین لەسەر مافو خواستەکانی گەلی کوردو خەڵکی کوردستان، مـەرج نییە لە یـەک لیستدا پێکەوەبین، واتە یەکلیستیو یەکهەڵوێستی بە زەرورەت پێکەوە نەبەستراون، دەبێت یەکهەڵوێست بین، بەڵام مەرج نییە یەکلیست بین.

# حەدباو برایەتی بەشداریی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمو بەغدا دەکەن

**بەهادین یوسف**

**لیستی برایەتیو حەدبا لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ بەشداریی گفتوگۆکانی نێوان هەولێرو بەغدا دەکەنو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولاش دەبەستنەوە بە ڕێکەوتنەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو ناوەندەوە.**

لەماوەی ڕابــردودا بۆ دووەم جار هەردوو لیستی برایەتی نەینەواو لیستی حەدبا بە چاوێریی قونسلی ئەمریکا لـە مـوسـڵ لـە فـرۆکـەخـانـەی موسڵ بارەگای سەرەکیی هێزەکانی فرەڕەگەز کۆبوونەوەو ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی درێژە بە دانوستانەکانیان بدەنو بۆ خولی داهاتووی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمو بەغداش نوێنەریان هەبێت بەوپێیەی کێشەی مادەی (١٤٠)و پێشمەرگەو ناوچە جێناکۆکەکانو پێشمەرگە لە دەسەڵاتی ئیدارەو لیستەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگا گەورەترە.

درمــان خــەتــاری، وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هەفتەی رابــردوو کۆبوونەوەیەک لەنێوان دوو ئەندامی لیستی برایەتی نەینەواو ئەسیل نوجێفی پارێزگاری موسڵو سێ ئەندامی لیستی حەدبا ئەنجامدرا، بە ئامادەبوونی قونسلی ئەمریکی، مەسەلەی ئیدارەدانی پارێزگاکەو دابەشکردنی پۆستەکانو بودجەو دامــەزرانــدنو کێشەی ناوچە دابڕاوەکانو بواری ئەمنیی گفتوگۆیان لەسەرکرا».

وتیشی: «لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆمان لەسەر ئەوەکرد کە کێشەی پێشمەرگەو مادەی (١٤٠)و سنووری ئیداریی پارێزگاو مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکان لە سنووری دەسەڵاتو ڕێکەوتنی حکومەتی ناوەندو حکومەتی هەرێمدایە نــەک دەسەڵاتی پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگا».

سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی داهاتووی هەردوو لیستەکەش خەتاری وتی: «ئێمە بەشێکین لە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو بەغدا، بۆیە ڕێکەوتین نوێنەری هەردوو لیستەکە لەکاتی سەردانی وەفدی حکومەتی هەرێمدا بۆ بەغدا بەشداریی کۆبوونەوەکان بکەن».

کێشەکانی نێوان هەردوو لیست کاتێک سەریهەڵدا دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە سەرەتای ئەمساڵدا لیستی حــەدبــای بــراوەی هەڵبژاردنی پارێزگای موسڵ بە (١٩) کورسی لە کۆی (٣٧) کورسی ئەنجومەنەکە بە هاوپەیمانێتی حیزبی ئیسلامیی (٣) کورسیو شەبەکو ئێزدییەکان هەریەکەو کورسییەک، ئیدارەی نوێی پارێزگاکەی پێکهێناو پارێزگارو جێگرەکەیو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو جێگرەکانی لەناوخۆیدا هەڵبژاردو لیستی برایەتی نەینەواش کە دووەم لیستبوو بە (١٢) کورسییەوەو هاوپەیمانێتی (١) کورسی مەسیحییەکان لە ئیدارەی نوێ بێبەشکراو لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوەوەو بایکۆتی کۆبوونەوەکانی کردو تائێستا بەردەوامە لەسەر بایکۆتکردنەکەو بەشداریی لە پێکهێنانی ئیدارەی نوێدا نەکردووە.

هاوکات لەگەڵ بایکۆتکردنەکەدا لیستی برایەتی هــەڕەشــەی ئەوەیکرد ئەگەر لەگەڵ لیستی حەدبا نەگەنە ڕێکەوتن، ئەوا ئیدارەیەکی خۆجێیی بۆ (١٦) یەکەی ئیداریی سنووری پارێزگای موسڵ پێکدەهێنن، کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، لیستی برایەتی زۆرینەی دەنگەکانی تێدا بەدەستهێناو زۆربــەی ئەو ناوچانەش دەکەونە سنووری مادەی (١٤٠)و ناوچە جێناکۆکەکانەوە.

وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا هــۆکــاری دواکــەوتــنــی ڕاگــەیــانــدنــی ئیدارەیەکی خۆجێیی لە شێوەی پارێزگادا گــەڕانــدەوە بۆ هەوڵەکانی چارەسەری کێشەکەو وتی: «حیزبی ئیسلامییو ڕەوتی سەدر هەوڵی ناوبژیوانیانداوەو دواتریش لیژنەیەکی باڵای حکومیی بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ چارەسـەری کێشەی موسڵ پێکهاتووەو چاوەڕوانی ئەنجامی گفتوگۆو دانوستانەکانین ئەگەرنا بیرۆکەی پێکهێنانی ئیدارەیەک لەلایەن لیستی برایەتییەوە بۆ ئەو یەکە ئیدارییانە تائێستا لەبەردەستدایەو ئەگەرێکی بەهێزە».

# لیستی کراوەو کەرکوکو کۆتا کێشەیان لەسەرە یاسای هــەڵبژاردنەکــەی مــالیکی لە لێواری مەرگدایە

**هەستیار قادر**

**کوتلە سیاسییەکانی عێراق نەیانتوانی لەسەر یاسای هەڵبژاردن ڕێکبکەونو مەسەلەی کەرکوکو لیستی کراوەو کۆتا کێشەیان لەسەرەو ئەندامێکی لیژنەی یاساییش پێشبینیی ئەوەدەکات، کە یاسای پێشووی هەڵبژاردن بە گۆڕینی ژمارەی کورسییەکانەوە قبووڵبکرێت.**

## یــاســاکــەی مــالــیـکــی لە شکستدایە

لــــەدوای پــەســەنــدکــردنو ئاڕاسـتـەکـردنـی پـرۆژەیـاسـای هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، سەرکردەی کوتلەو لیستە سیاسییەکان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا بۆ تاووتوێکردنی یاساکە، بەپێی وتــەی ســەرچــاوەیــەکـی ئـاگـاداری ئــەو کۆبوونەوەیەش قووڵیی ناکۆکی نێوان ئەو لیستانە لـەسـەر کـەرکـوک بـاڵـی بەسەر یاساکەداو کار گەیشتە ئـەوەی جگە لە کێشەی کەرکوک باسی هیچ بڕگەیەکی دیکەی یاساکە نەکراو بەناچاریی گفتوگۆکان بۆ دوای جەژنی ڕەمــەزان هەڵگیرا. لەوبارەیەشەوە د.محەمەد ئەحمەد، سـەرۆکـی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «کێشەیەکی زۆر توند لەنێوان کورد لەلایەکو عـەرەبو تورکمانەکان لەلایەکی دیکە لەسەر کەرکوک هەبووە»

ئەستەمیی بەردەم ئەو یاسای هـەڵـبـژاردنـە، کـە بـە یاساکەی مالیکی ناسراوە تەنیا کەرکوک نییەو واچاوەڕواندەکرێت لەکاتی تاووتوێکردنیدا لەنێو ئەنجومەنی نـیـوێـنـەرانـی عـێـراقـدا کێشەی زیاتری لێبکەوێتەوە، بەتایبەت کە لە بەرامبەریشدا ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەکی ئەڵتەرناتیڤی ئـامـادەکـردووە، کە ئەگەر هەیە لەباری ڕێکنەکەوتندا ئەولەویەتی کـارکـردن بـدرێـتـە یـاسـاکـەی پەرلەمان.

## لیستەکان لە داخراوەوە بۆ کراوە

ئـەگـەرچـی بـەپـێـی یاسای هـەڵـبـژاردنـی سـاڵـی (٢٠٠٥)ی ئەنجومەنی نـوێـنـەران، لیستی کـارپـێـکـراو بـۆ ڕکـابـەریـی لە هەڵبژاردنەکاندا لیستی داخراو بـــوو، بەپێی پـرۆژەیـاسـاکـەی حکومەتی عێراقی بۆ هەڵبژاردنی (٢٠١٠/١/١٦)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو، داواکراوە کە کاربە لیستی کراوە بکرێت،

لەوبارەیەشەوە د.سەعدی بـەرزنـجـی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە (٣) بۆ (٤) ئەگەرو خیار لە یاساکەدا سەبارەت بە شێوازی لیستەکان هاتووە، کە لە داخراوەوە تا کراوە دەڕواتو وتیشی: «ئێمە وەک لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ ئەوەداین کە هەڵبژاردنی داهاتوو بە لیستی داخـراو بێت، بـەڵام ئەمە ئـەوە ناگەیەنێت کە ئێمە لە دژی لیستی کراوەینو ئەو تێبینییەمان پەیوەندیی بە ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتییانی عێراقەوە هەیەو ئەگەر لایەنەکانی دیکە زۆر مکور بوون ئێمە بە لیستێکی کراوەی سنوورداریش قایلین».

سەرچاوەیەکی ئاگاداریش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بۆ ڕۆژنامەی ڕوونکردەوە، کە لیستی ئیئتلافیش لەگەڵ لیستی داخراودان، بەڵام لەبەر مەترسیی تووڕەبوونی لایەنگرانیان پێیان بـاش نییە بەشێوەیەکی ئاشکرا بانگەشەی ئــەوە بکەن کـە لـەگـەڵ لیستی داخــراودان تا بە نادیموکراسی تۆمەتبار نەکرێن.

هــاوکــات بەپێی تێڕوانینی چــاودێــران پێشنیازکردنی لیستی کراوە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە، سووربوونی کوردو شیعەکانیش لــەســەر لیستی داخراو، وێنای ململانێی نێوان دوو تێڕوانینی سیاسیی جیایە بەوپێیەی نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران، کە سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسایە توانی لە هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بە لیستی نیمچەکراوەو ئەو کەسایەتیانەی کە لە لیستەکەیدا بوون لە کۆی (١٤) پارێزگا لە (٩)یان پلەی یەکەم بەدەستبهێنێتو لە بەرامبەریشدا لیستەکانی دیکە زیاتـر پشت بە ئینتیمابوون دەبەستنو بۆ ڕاکێشانی دەنگی هاوڵاتییان، نـەک ئـەو کەسایەتیانەی لەنێو لیستەکانیاندان.

## یاساکە چی گۆڕیوە؟

لە پرۆژەیاساکەی حکومەتی عێراقدا چەند خاڵێکی تێدایە کە جیاوازە لە هەڵبژاردنی پێشوو، لــەوانــە زیــادکــردنــی ڕێــژەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە (٢٧٥)ەوە بۆ (٣١٠) کورسی بەپشتبەستن بــە زیــادبــوونــی ڕێـژەی دانیشووانی عێراق، کە وەزارەتــــی بــازرگــانــی بــە (٣١) ملیۆنی لە قەڵەمی دەدات، ئەوەش بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار زیاتر لە بـەرژەوەنـدیـی لیستە بەهێزو گەورەکاندایە، بەپێی ئەو پرۆژە یاسایەی مالیکی سیستمی فرەبازنەیی پەیڕەودەکرێت بە یــەک بازنەییکردنی سەرجەم عێراق، کە پێشتر لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)دا پەیڕەوکرا کاری پێناکرێتو بۆ هەر پارێزگایەک بەپێی ڕێـژەی دانیشتووانەکەی کــورســی بــۆ دادەنــرێــتو ئەم بــیــرۆکــەیــەش لــە یــاســاکــەی ئەنجومەنی نوێنەرانیشدا هاتووەو جگەلەوەش ئالیەتێکی توندتر دانراوە بۆ خۆپاڵاوتن، کە دەبێت بڕوانامەی پاڵێوراو لە ئاستی بەکالۆریۆسو هاوتاکانیدا بێت بەپێی ئەو میکانیزمەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دایناوەو دەبێت کەسی پاڵێوراویش بە پاڵاوگەی یاسای لێپرسینەوەو دادپەروەریدا تێپەڕێتو نەیگرێتەوە کە ساڵی پار پەرلەمانی عێراق بۆ پاککردنەوەی دەزگـاکـانـی دەوڵــەتــی عێراقی لە تاوانبارانی حیزبی بەعس دەریکرد.

## مەسیحییەکان بە کۆتاکەیان قایل نین

بـەپـێـی پـرۆژەیـاسـاکـەی حکومەتی عـێـراقـی، کـۆتـا بۆ هەندێک لە ئایینو نەتەوەکانی دیکە جگە لە عــەرەبو کوردو تورکمان دانراوە، بەشێوەیەک کە (٥) کورسی پەرلەمان وەک کۆتا بدرێتە مەسیحییەکانی کەرکوکو هەولێرو دهۆکو بەغداو موسڵو یەک کورسیش بۆ هەریەک لە شەبەکو سابیئەی مەندائیو ئێزدی لە شارەکانی موسڵو بەغدا دابنرێت،


لەبەرامبەردا مەسیحییەکان ڕێــژەی (٥) کورسی کۆتا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو بـە کـەم دەزانــن بـە بـەراورد لـەگـەڵ قـەبـارەی خـۆیـانـدا لە عـێـراقو هەرێمی کوردستان، لەوبارەیەشەوە ئەبلەحەد ئەفرایم سـاوا، پەرلەمانتاری مەسیحی لــەســەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، پێیوایە (٥) کورسی وەک کۆتا بۆ مەسیحییەکان کەمەو پێشنیازی زیادکردنیان کردووەو وتیشی: «ئێمە وەک مەسیحییەکان پێمان باشە ڕێژەی کورسییەکان زیـادبـکـرێـتو لیستەکانیش بەشێوەی داخراوو یەک بازنەیی بێت، نەک بۆ هەر پارێزگایەک بازنەیەکی هەڵبژاردن دابنرێت.

مەترسیی ڕێــژەی کۆتای نەتەوەو ئایینەکانی بەلای هەندێک لایەنەوە لەوەدایە، کە ئەو کۆتایانە لـەلایـەن لیستە گـەورەکـانـەوە کۆنترۆڵبکرێتو پاڵێوراویان بۆ دابنرێت، بەوپێیەی کە ڕێژەی دەنگی کورسی کۆتا کەمتر لە کورسییە گشتییەکان.

## کام یاسا سەردەکەوێت؟

ماوەیەک لەمەوبەر نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق (یونامی) (١٠/١٥)ی دیاریکردوەک دوا وادە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق بۆ یەکلاییکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی عێراقو ئاراستەکردنی ئەو یاسایەش لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بـۆ ئەنجومەنی نـوێـنـەرانو دروستبوونی ئـەو مقۆمقۆیە لــەســەری ئــەگــەرەکــانــی یەکلاییبوونەوەی ئەو یاسایە بە دیوی پەسەندکردندا دوور دەخـاتـەوە بـەر لـەو وادەیـەی کـە یـونـامـی بـۆ ئەنجومەنی نـوێـنـەرانـی دیـاریـکـردووە، کــە هــەر دواخـسـتـنـێـکـیـش ئـەگـەری دواخستنی تـەواوی هەڵبژاردنەکەی لێدەکەوێتەوە، کە بڕیارە لە (٢٠١٠/١/١٦)دا ئـەنـجـامـبـدرێـت، بـەوپـێـیـەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیش پێویستی بە (٣) مانگە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە.

د.ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق، پێشبینی ئەوەیکرد لەم تاووتوێکردنەدا یـاسـا کـۆنـەکـەی هـەڵـبـژاردن بـە هـەنـدێـک گۆڕانکارییەوە پەسەندبکرێت تا بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق کاری پێبکرێت، نـــەک یــاســاکــەی حکومەتی عێراقیو وتیشی: «ئەگەر هەیە چەند گۆڕانگارییەکی بچووک لە یاسا کۆنەکەدا ئەنجامبدرێت بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمانی داهــاتــووەوە هــەیــە، کــە زیـاد دەکرێت بۆ (٣١٠) کورسی».


کەرکوک هۆڵی پەرلەمانی عێراقیش گەرم دەکات

# کەرکوک لە دیموکراسی بێبەشدەکرێت

هەستیار قادر

**لە یاسای هەڵبژاردنی عێراقدا باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک نەکراوەو «ئەو شارە لە دیموکراسی بێبەشدەکرێت» هەریەک لە لایەنەکانی لیستی هاوپەیمانیو عەرەبو تورکمانەکان لەسەر ئەو دۆسیەیە ناکۆکنو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش دەڵێت: «ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە کەرکوکدا زیان بە کورد دەگەیەنێت».**

لەگەڵ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وەک سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەهۆی ناکۆکی هەرسێ لایەنی عەرەبیو کوردو تورکمانەوە لە وادەی خۆیدا جێبەجێ نەکرا، کە (٢٠٠٩/١/٣١) بوو، لیژنە پەرلەمانییەکەی عێراقیش کە بە لیژنەی مادەی (٢٣) ناسرابوو شکستی هێنا لە گەیشتن بە ڕێگە چارەیەک بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای لە کەرکوک، هاوکات لەو پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا، کە حکومەت ئاراستەی پەرلەمانی کردووە چارەسەری بۆ ئەو کێشەیە تیا نییەو باس لە هەڵبژاردنی کەرکوک نەکراوەو لە میانەی تاوتوێکردنی ئەو دۆسیەیەشدا لەلایەن سەرۆکی لیستەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە ناکۆکیی نێوان کورد لە لایەکو تورکمانو عەرەبەکانیش لەلایەکی دیکە قووڵتر بووەتەوەو گفتوگۆکان گەیشتوون بە بنبەست.

د.سەعدی بەرزنجی، جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەدا؛ کە لیستەکەی قبووڵی ناکەن کەرکوک جیابکرێتەوە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقو هەڵبژاردنی تیا ئەنجام نەدرێت، لەبەرامبەریشدا عەرەبەکان داوادەکەن کە هەڵبژاردنی کەرکوک ئەنجامنەدرێت تا ئەوکاتەی پێداچوونەوە بە لیستی دەنگدەراندا دەکرێتو وتیشی: «ئێمە ئەو داوایەی شۆڤێنیستەکان قبووڵ ناکەینو ئێستا کێشەکە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە».

ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەلای هەندێک لە بەرپرسانەوە زیان گەیاندنە بە دیموکراسی کەرکوکو کێشەکانی ئەوشارە بەرەو ئاڵۆزتر دەبات، لەوبارەیەوە د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە کەرکوکدا بێبەشکردنی ئەو پارێزگایەیە لە دیموکراسیو کێشەکان بەرەو ئاڵۆزتر دەبات، سەر بۆ زۆرشتی دیکە دەکێشێتو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیرادەی چارەسەرکردن لەنێوان هەردوو لایەنی ناکۆکدا بێهێزە».

لە کاتێکدا کە عەرەبو تورکمانەکان داوا دەکەن یاسایەکی تایبەت بۆ کەرکوک دابنرێتو چاو بە لیستی دەنگدەرانی کەرکوکدا بخشێنرێتەوە، لیستی هاوپەیمانییش داوادەکات کە ئەگەر باری تایبەت بۆ کەرکوک دیاریبکرێت، کە زیاد لە نەتەوەیەکی تێدا دەژی پێویستە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیشدا کە کوردی تێدایە بە بەغداشەوە هەمان باری تایبەت بە شارەکە بدرێت، کە ئەم دوو داوایەش بە وتەی سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە ڕەتکراوەتەوەو بە نا دەستووریی لە قەڵەم داون.

ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش بە دیوێکی دیکەدا پرسیاری لەسەر حکومەتی محەلی شارەکە دروستکردووە بەتایبەت کە لە دوایین ڕاپۆرتی دەستەی نەزاهەی عێراقیدا کەرکوک بەپلەی یەکەم هاتووە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی دیکەی عێراق لە رووی بەدیکردنی دیاردەی بەرتیل وەرگرتنەوە،

عەلی ساڵەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی برایەتی، ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی کەرکوک بە پلەی یەکەم زیان بە کورد دەگەیەنێت، بەو پێیەی زۆرینەی دانیشتووانی ئەو شارە کوردنو وتیشی: «کەرکوک لە هەموو لایەنێکەوە دواکەوتووەو هەرێمی کوردستان بە هی خۆی نازانێتو کارێکی کەمی بۆ ئەوشارە کردووەو حکومەتی ناوەندیش کار بۆ کەرکوک ناکات بەوپێیەی چارەنووسی دیار نییە، بەمەش تا دێت کەرکوک بەرەو دواوە دەڕوات».

لە کاتێکدا کە ئاسۆی هەڵبژاردنی کەرکوک تائێستا روون نییە، سەرکردایەتی سیاسی کورد گوشارێکی ئەوتۆی بەکارنەهێناوە بە ئاراستەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوکو بەجێنەمانی لە ڕەوتی پرۆسەی دیموکراسی نوێی عێراقداو لەو چوارچێوەیەشدا عەلی ساڵەیی بە گرنگی دەزانێت «سەرکردایەتی سیاسی کورد لە بەغداو هەرێمی کوردستانیش کار بکەن بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوکو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان تیایدا، بەوپێیەی ئەوان خۆیان بە خاوەن کەرکوکو نوێنەری کورد دەزانن».

هەندێکی دیکە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی کەرکوک دەبەستنەوە بە مەرامو ئەجێندای سیاسی دیکەوە بەتایبەت کە کێشەی کەرکوک بووەتە کێشەیەک نەک هەر لەسەر ئاستی پێکهاتەکانی کەرکوک، بەڵکو پەرلەمانی بەغداشی گەرمکردووەو هەندێک پێیانوایە چارەنووسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بەندە بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکو ڕێکەوتن لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو پارێزگایەدا.

لەوبارەیەوە ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، بڕیاردەری پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: «درێژەدان بە کێشەی کەرکوکو ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن تیایدا لە بەرەژوەندیی هەندێک لایەنە کەدەیانەوێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە (٢٠١٠/١/١٦)دا ئەنجام نەدرێتو ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێستا بەردەوام بێت لەسەر کارکردنی خۆی».



کەرکوکییەکان لە چاوەڕوانی نانو دیموکراسیدا

# هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەدرێت

پشتیوان سەعدوڵڵا

**بەپێی وتەی چەند پەرلەمانتارێک دەستەی سەرۆکایەتی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بێلایەنانە کاری نەکردووەو هۆکاری سەرەکیی دواخستنو پەسەندنەکردنی ژمارەیەک پرۆژەیاسای گرنگ بووە، هاوکات لیستی گۆڕان کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە خولی نوێیدا.**

لیستی گۆڕان کە لیستێکی ئۆپۆزسیۆنی نێو پەرلەمانی کوردستانەو خاوەنی (٢٥) کورسیی هەوڵدەدات دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کەمبکاتەوە، بەوپێیەی کە، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتێکی زۆری داوە بە دەستەی سەرۆکایەتی لە خولەکانی رابردوداو بەتایبەت دەستەی سەرۆکایەتی خولی دووەمی پەرلەمان، کە زۆرکات حیزبییانە کاریانکردووەو لە چەندین دانیشتنی پەرلەمان رای خۆیان فەرزکردووە. هاوکات سەرۆکایەتی پەرلەمان بەوە تۆمەتباردەکرێت، کە بەرژوەندیی حیزبی خستووەتە پێش بەرژەوەندیی دیکەوەو بووەتە ڕێگر لەبەردەم پەسەندکردنی چەندین پرۆژەیاسادا.

بە بۆچوونی محەمەد ڕەفعەت، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی خولی دووەم نەیتوانیوە وەکو پێویست بێلایەن بێت لە سەرپەرشتیکردنی پەرلەمانداو وتی: «هەر پرۆژەو یاسایەک ئەگەر مەبەستیان بووبێت لە شەوو ڕۆژێکدا خستوویانەتە بەرنامەی کارەوە، ئەو پرۆژانەشی کە خۆیان نەیانویستووە خراوەتە ناو چەکمەجەی مێزەکانەوەو کاری لەسەر نەکراوە، باشترین نموونەش دەستووری هەرێمی کوردستانە، کە لەکاتێکدا ماوەی یاسایی پەرلەمان بەسەرچووبوو، بەڵام چونکە مەبەستیان بوو ماوەی پەرلەمانیان بۆ درێژکردەوەو بە پەلە دەنگیان بۆدا، ئێمە وەکو نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان چەندینجار داوای بانگهێشتکردنو لێپرسینەوەی چەند وەزیرێکمان کردووە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان داواکارییەکانیان پشتگوێخستووە».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یەکێک لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان بریتییە لە سەرپەرشتیکردنی دانیشتەکانی پەرلەمان، بەڵام محەمەد ڕەفعەت باس لەوەدەکات، خودی سەرۆکی پەرلەمان چەندجارێک پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ کاری کردووەو تەداخولی لە هەندێک پرۆژەیاسادا کردووە، لەکاتێکدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان بریتییە لە سەرپەرشتیکردنی دانیشتەکانی پەرلەمان، نەک پشتگیریکردن لە چەند پرۆژەیاسایەک، تەنانەت سەرۆکی پەرلەمان چەندینجار کۆبوونەوەی بۆ بەرژوەندیی حیزبیی دواخستووە».

لە مادەکانی (١٧،١٨،١٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواکراودا ئەرکو دەسەڵاتەکانی سەرۆکو جێگرو سکرتێری پەرلەمان دیاریکراوە، لە ئێستادا داواکاریی زۆرە بۆ هەمووارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆو کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی.

د. زانا ڕەئوف، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «خودی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە هەندێک سەڵاحیاتی داوە بە دەستەی سەرۆکایەتی کە خۆی لەخۆیدا زیادەڕەوییە کاری دەستەی سەرۆکایەتی، کە لە ڕاستیدا دەبێت دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی دەسەڵاتێکی ئیجرائی بێت، هۆکارێک بووە بۆ بوونی زیادەڕەوییەکی زۆری سەرۆکایەتی پەرلەمان لە خولەکانی ڕابردوودا، ئێمە وەکو لیستی گۆڕان ئەوەی لەسەرەتادا بەنیازین بیکەین چاوخشاندنەوەیە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، چونکە ئەم پەیڕەوەی ئێستا پەرلەمانی تووشی جۆرێک لە (سڕبوون) کردووەو پێویستی بە هەموارکردنەوەیە.

خولی دووەمی پەرلەمان ژمارەیەک پرۆژەیاسای گرنگی پشتگوێخستووەو ئەندامانی پەرلەمانیش پێیانوایە، سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگری سەرەکیی بووە لەبەردەم پەسەندکردنی بەشێک لەو پرۆژەیاسایانە، بەتایبەتی (پرۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان، پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییو دیاریکردنی سەرمایەی بەرپرسانی هەرێم، پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی توندوتیژیی لە خێزان پرۆژەیاسای بەدەستهێنانی زانیاریی، پرۆژەیاسای قۆرغکردکردن).

لەگەڵ ئەو ڕەخنە زۆرەی کە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگیرێت، بەڵام بە بڕوای تاریق جەوهەر، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان «لە خولی دووەمدا سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی پەرلەماندا بێلایەن بووەو لە بەرژوەندیی باڵای میللەتدا کاری کردووە».

ئەوەشی ڕاگەیاند: بەپێی پێکهاتەی خولی دووەمی پەرلەمان ئەرکی سەرۆکایەتی زۆر قورس نەبوو، بەڵام لەم خولەدا ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی دروستبووەو لەم قۆناغەدا ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمان قورستر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە دەستەی سەرۆکایەتی پیشەییانە کاردەکەنو بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ لیستو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دەکەن.

بە وتەی زانا ڕەئوف، پێکهاتەی خولی سێیەمی پەرلەمان جیاوازە لە پێکهاتەی خولی دووەمو بەرپرسیارێتیی ئەخلاقیو یاسایی گەورەی ئێمەیە لەمەودوا لە پەرلەماندا سنوور دابنرێت بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت تەجاوزی دەسەڵاتەکانی خۆیان بکەن. هەروەک وتی: «ئێمە وەکو لیستی گۆڕان ڕێگە نادەین دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەرپێچیی یاسا بکاتو چاوپۆشی لە هیچ کارێکی نایاسایيو نا دیموکراسی ناکەین لەناو پەرلەمانداو هەموو ڕێگەیەکی یاسایی دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لەهەر کارێکی نایاسایی».

# هەناسەسڕەکانی جەژن

حەمە ئاوات*

**کێ ئەو منداڵانەی دێتە بەرچاو کە لەسەر سفرەی جەژن بە زمانی چاو بە دایکو باوکو بە یەکتریش دەڵێن، ئەم سفرەیە خاڵییەو لە هی جەژن ناچێت**

کێ بیری لە خوانی جەژنو پێو یستییە کا نی جەژنی ئەو کەسانە کردووەتەوە کە یەکێتی نانبڕاوی کردوون، کەسێک لەم وڵاتەدا کە (تاڵانکردنی ئازادی) تێیدا بە بازاڕی ئازاد ناوزەد دەکرێتو ژیان هەتا بڵێی دژوارو سەختەو بە چەند مو و چە یە کیشە و ە (جگە لەوانەی مووچەی قەبە قەبەیان بۆ دەستەبەر کراوە) ناتوانن ژیانێکی گونجاو و شایستە بژین، چجای ئەوەی کەسێک کە مو و چە بچو و کە کە ی سەرچاوەی بژێویی ژیانی خۆیوماڵو منداڵەکەشی بێتو ئەو مووچەیەشی لێببڕدرێت.

دەبێت ئەوانەی مووچەو نانبڕاوکراون چۆن جەژنێکی بێنانو بەرگو بێنازانەیان بەڕێبکەن، دەبێت چەند سوێ چووبێت بە دڵی ئەو نزیکەی دوو هەزار کەسەی نانبڕاو کراون، چەند فرمێسکیان قووتدابێتەوە لەبەر چاوی منداڵەکانیان کە نەیانتوانیوە وەک هەموو خەڵکانی دیکە جلو پێویستی منداڵەکانیان دابین بکەن، کە سفرەی جەژنیان ساردو سڕو ئاسایی بووە.

جەلال تاڵەبانی کە بەرپرسی یەکەمە لە نانبڕاوکردنی ئەو هەموو خەڵکە، دەبێت ئەو کاتەی کە پیرۆزبایی جەژنی وەک کارێکی ڕۆتینی نووسیوە، بۆ چرکەیەکیش بیری لەو کەسانە کردبێتەوە کە نانی بڕیون، یان ئەوانە (خەوەنەو عومەلان) هی ئەوەن نەک نانبڕاو بکرێن، بەڵکو مافی ژیانیان نییەو مادام دەنگیان بە ویستی ئەو نەداوە با سفرەیان هەر ساردو منداڵیان هەر بێبەرگو قوڕگو چاوی منداڵو دایکو باوکەکان هەر پڕفرمێسکو هەنسکو ئاهی سارد بێت.

کێ ئەو منداڵانەی دێتە بەرچاو کە لەسەر سفرەی جەژن بە زمانی چاو بە دایکو باوکو بە یەکتریش دەڵێن، ئەم سفرەیە خاڵییەو لە هی جەژن ناچێت، ئاخر ئۆباڵی ئەوە بە ئەستۆی کێیە، باوکو دایکەکان خەتابارن بەوەی ویستوویانە ژیانیان بگۆڕێتو دەنگێکی جیاوازیان خستووەتە سندوقەکانی دەنگدانەوە، خۆ منداڵەکان هێشتا نازانن دەسەڵات چییەو ١٨ساڵە چی بە وڵاتەکەی ئەوان کراوەو چی بەسەر خەڵکەکەی هێنراوە، ئاخر خۆ ئەو منداڵانە نەبوون کە جەژن بەبێ جەژنانەو بە گیرفانی خاڵییەوە بەڕێدەکەن، بە ئێوەیان وت با ئێمەش ژیانمان هەبێت، ئەوە دایکوباوکیان بوو هەوڵی ژیانی باشتریان دا.

تۆ بڵێی تاڵەبانی لەوە تێبگات کە جەژنەپیرۆزەکەی ئەو لە گەلانی عێراقو موسڵمانانی جیهان ئەو هەموو منداڵو ژنو پیاوە داماوە ناگرێتەوە کە نانبڕاوو لە جەژنی کردوون، جەژنی چی کە بۆ ئەوان جەژن تەنیا بریتیبێت لە چەند ڕۆژێکی پڕ ئاهو هەنسکو هەناسەساردییو دڵشکان، بەوان چی کە منداڵەکان بەبێ جەژنانەو سفرەیان ساردو چاوی دایکوباوکیان پڕ بوو لە گریان بۆ بێنازیی منداڵە لەجەژنکراوەکانیان.

**پێشمەرگەی دێرینی (ی.ن.ک)***

# ــــەژنیان گـــوزەرانـــد؟

فۆتۆ: کەناڵی KNN







**خوانی جەژنمان سارد بوو، لە هی جەژن نەدەچوو!**




**«پارەی چارەسەرکردنی منداڵەکەمم پێنەبوو»**

# نانبڕاوان چــۆن جـ

کێ تاوانبارە؟ کێ تاوانبارە؟ کێ تاوانبارە؟ کێ تاوانبارە؟ کێ تاوانبارە؟ کێ تاوانبارە؟ کێ تاوانبارە؟






## بـابـەو دایـە نـەیـانـتـوانی جلی جـەژنمان بـۆ بـکـڕن!









## «دایکو باوکم بۆ وەزعی ئێمەو خۆشیان گریان!»

## ئازادیم هەڵبژارد

دیاری عەبدولحەمید

**ئەمە چ کارەساتێکە کاتێک مرۆڤێک ڕێگەی بیرکردنەوەی لێ دەگیرێتو تەنیا ئامانجێکی پیشاندەدرێت، کە بێجگە لەو ئامانجە بیر لە هیچ شتێکی دیکە نەکاتەوە، ئەم عەقڵە کە ئەمە بیرکردنەوەو بۆچوونەکانییەتی مرۆڤ لە چوارچێوەی فەرمانگەو دەسەڵاتەکەی خۆیدا بە عەبدو غەنیمەیەک دەزانێت، کە پێشتر هەموو شتێکی لەو کڕیوەتەوە**

دوای دوو ساڵ لە کاری جدیی، زۆر بە ئاسانی بەبێ ئەوەی بیرێک لە حاڵم بکەنەوە پێم دەڵێن: یان لەگەڵمان دەبیت یان نانبڕاوت دەکەین، ئەمە چ هەڵوێستێکە؟! ئایا ئێمە مافی ژیانمان نییە ئایا ئەوانەی نانبڕاویان کردم خۆیان خاڵیی نەکراونەتەوە لە هەستو سۆز؟ خۆ هەستو سۆزی منیش ئەگەر لـەوان زۆرتـر نەبێت هیچی کەمتر نییە، ئایا ئەوان کۆمەڵێکی بچووک نین لە کۆمەڵگەیەکی گەورە، بۆچی وایان لە من کرد. بۆ ئازاریان خستە ڕۆحمەوەو کارێکیان کرد کە دڵم وەکو جـاران لێنەدات، ئەمە چ کارەساتێکە کاتێک مرۆڤ دەخەنە نێوان دوو ئەگەرەوە؟.

یەکەم: یان لەگەڵمان دەبیتو کار لە پێناوی جوانکردنو ڕازاندنەوەی دەسەڵاتەکەماندا دەکەیت.

دووەم: ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بکەیت، تۆ لە ناوماندا زیادەیتو ئەو پارەیە ناهێنیت، کە حیزب بۆت دەستەبەر دەکات.

ئەمە چ کارەساتێکە کاتێک مرۆڤێک ڕێگەی بیرکردنەوەی لێ دەگیرێتو تەنیا ئامانجێکی پیشاندەدرێت، کە بێجگە لەو ئامانجە بیر لە هیچ شتێکی دیکە نەکاتەوە، ئەم عەقڵە کە ئەمە بیرکردنەوەو بۆچوونەکانییەتی مرۆڤ لە چوارچێوەی فەرمانگەو دەسـەڵاتـەکـەی خـۆیـدا بـە عەبدو غەنیمەیەک دەزانێت، کە پێشتر هەموو شتێکی لەو کڕیوەتەوە، حسابکردنێکی لەم شێوەیە بۆ مرۆڤ مایەی شەرمێکی زۆرو هەندێجار حەپاچوونێکی فراوانە بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە من لە بواری کارە پیشەییەکەمدا خزمەتێکی جدییو دەوامێکی ڕۆژانەیی بێ وێنەم کـردووە، من لە بـواری کارەکەمدا خزمەتم بەو گەنجانە کردووە کە دوو ساڵ دەبێت بە بینینم دڵخۆش دەبنو لە کاتی ڕۆشتنەوەشیاندا بەخوام دەسپێرن، دەبێت ئەو دەسەڵاتەی کە ئەمڕۆ منی خستە نێوان دوو ئەگەرەوە ئاوا بیر لە ئایندە بکاتەوەو بەو شێوەیە لافی ئەوە لێبدات، کە پشتیوانی لە ئازادیی گەنجانو مافی منداڵان دەکات، ئایا منداڵپارێزی کوردستان بۆچی بەمشێوەیە من دەخاتە نێوان دوو ئەگەرەوە، بۆچی لەسەر سێ وتاری ڕۆژنامەوانیی، کە لە ڕاستیدا لە خزمەتی ئازادییو ویژداندا نووسیومە من دەکات بە لایەنگری (ڕەوتی گۆڕان)و بەو شێوەیە تۆمەتبارم دەکات، ئایا ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان کاتێک مافی منی گەنج پێشێلدەکات، چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت مافی منداڵەکان بپارێزێت، ئاخر لە پێناوی چیدا؟ تەنیا لەبەر ئەوەی بەراوردێکی ویژدانیانەم کردووە؟

ئایا ئازادیی لای ئێوە ئەو چەمکە ئەخلاقییە گەورەیەیە، کە لای منیش بوونی هەیە، یان ئازادیی لای ئێوە مەفهومێکی ڕێکخراوەیی هەیەو لەو چەمکە ئەخلاقییە ناچێت، کە من بە دڵ خۆشم دەوێت، من زۆر سەیرم لێدێت لە دوای پێنج ساڵ دابڕانم لە نووسینو لەم ماوەیەشدا کاتێک گۆڕانکاریی جدییم بینی، گۆڕانکارییەکان بوون هانیاندام کە سێ وتاری (ویژدانی) بۆ هەریەک لە ماڵپەڕی سبەیو کوردستان نێتو ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بنووسم، پاشان لەسەر ئەو نووسینانە ژوورەکەی بەڕێوەبەرم لێ بکەن بە دادگاو پاشان لەوێوە بەرپرسی مامناوەندیی لە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان خۆی بکات بە دادوەرو لە دواجاردا بڕیار لە چارەنووسی کارکردنم بدات، ئاخر من مرۆڤم دەمەوێت لەسەر حەقیقەت قسە بکەم، دەمەوێت ئەو غوبنەی کە دڵمی ئاوساندووە لە دڵم دەرچێت، من چیم کردبوو؟، تەنیا لەسەر ئەوەی سێ وتارم نووسیبوو.

ئـەو وتـارانـە چ زیـادەڕەویـیـەکـی تیایە، من بەوپەڕی بەرپرسیارییەوە ئەو وتارانەم نووسیووەو بۆ ماوەی نزیکەی پێنج ساڵیش دەبێت، کە خۆم لە نووسین دابڕاندووە، ئایا منێک کە لە نووسینەکانمدا خۆم بە هاوڵاتییەکی بێ لایەن شوبهاندووەو پاشان بەراوردێکی ویژدانیانەم کردووە، ئیتر دەبێت چ حساباتێک بۆ من بکەن.

سەرپەرشتیاری سێکتەری پـەروەردە لە منداڵپارێزیی کوردستان باسی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کردو بە منی وت: تۆ خۆت دەزانیت ڕێکخراوی منداڵپارێز ڕێکخراوێکی بێ لایەنو لایەنگیری هیچ ڕەوتو هیچ حیزبێکی نەکردووە، لە ڕاستیدا سەرەتا من نەمدەزانی ئەو مەبەستی چییە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بە ڕوونی مەبەستەکانی بگەیەنێت، دوای قسەکردنێکی زۆر، ڕاستەوخۆ بە منی وت: تۆ ماوەیەکە لە دژی یەکێتیی وتارو نووسین بڵاودەکەیتەوە، لە ڕاستیدا کاتێک ئەم قسەیەی کرد من ڕاستەوخۆ تووشی شۆک بووم، لەبەر ئەوەی هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد مرۆڤێکی وەک ئەو بەمشێوەیە بیر بکاتەوە، بەڵام لە دوایدا بۆم دەرکەوت، کە ئەویش وەکو من بەستەزمانەو ئەگەر من نەخاتە نێوان دوو ئەگەرەکەوە، ئەوا خۆشی هەمان چارەنووسی دەبێت.

ئەوان هیچ ڕێزێکیان لە ئاستی زانینی من نەگرتو لەدوای دوو ساڵ کارکردن لە نێوانی دوو ئەگەردا منیان هێشتەوە، ئەوان منیان نانبڕاو نەدەکرد ئەگەر لەگەڵ ئەوان بوومایە، خوا هەڵناگرێت بە منیان وت؛ تۆ مەجالی بیرکردنەوەت هەیە لەم دوو ڕێگەیەدا ڕێگەیەکیان هەڵبژێرە، کام دوو ڕێگەیە.. یان لەگەڵم دەبیت.. یان نانبڕاو دەکرێیت. ئازادیی لە لام گرنگتر بوو، بۆیە ئەوم هەڵبژارد.

# حکومەت، سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پێ جێبەجێ ناکرێت

محەمەد ساڵح حەمەلاو

تائێستا سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەهەرێمدا کاری پێناکرێتو پەرلەمانیش لە دوو خولی پێشوویدا هیچ پرۆژەیاسایەکی بۆ ئەومەبەستە پێشکەش نەکردووەوسەرۆکی لیژنەی کاروباری تەندروستیو کۆمەڵایەتیی پەرلەمانی پێشووش ئاماژە بەوەدەکات، لەبەرئەوە پرۆژەیاسایان پێشکەش نەکردووە، چونکە دڵنیابوون لەوەی کە حکومەت جێبەجێی ناکات.

## دەستەبەری کۆمەڵایەتی چییە؟

سیستمی (ضمان الاجتماعي) دەستەبەری کۆمەڵایەتی بریتییە لەوەی کاتێک کەسێک لە شوێنێک کاردەکات ئیتر ئەوشوێنە چ فەرمانگەو دامـــەزراوەی حکومیی بێت یان کەرتی تایبەت، مانگانە بڕێک پارە لە مووچەکەی دەبڕدرێتو حکومەت یان کەرتی تایبەتیش بڕێک پارەی بۆدەداتو پارەکەش لەسندوقێکدا کۆدەکرێتەوە، لەکاتێکدا کە ئەومرۆڤە پیربوو یان ماوەیەک بێکاربوو، لەو پارەیە مانگانە مووچەی پێدەدرێت.

## حکومەتی عێراق بە بەردێک دوو چۆلەکەی کوشت

سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە سیستمی سۆشیالەوە هاتووەو ئێستا لە زۆربـەی وڵاتانی دنیادا کاری پێدەکرێت، پێشتریش لەعێراقدا ئەوسیستمە کاری پێدەکرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی عێراق لە ساڵانی نەوەدەکانەوە ڕووبەڕووی تەنگەژەی دارایی بـووەوە، حکومەتی عێراقی بە بڕیارێک سەرجەم کرێکارانی عێراقی کرد بە فەرمانبەر، بڕیارەکەی حکومەتی عێراقی لەلایەک خۆدزینەوەی حکومەت بوو لەو بارگرانییەی کەوتبووە سەرشانی، کە دەبوایە مانگانە بڕێک پارەی دیاریکراو بخاتە ئەوسندوقەی بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی وڵاتەکەی دیاریکرابوو، لەلایەکی دیکەش بەو بڕیارە سەرجەم کرێکاران لە مافەکانیان بێبەشکرانو بەو پارەیەی کە مافێکی ڕەوای کرێکاران بوو، توانی کەمێک لەتەنگەژەداراییەکانی قۆناغەکانی ئەو سەردەمەی چارەسەربکات.

## سوودەکانی سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان باسی لەوەکرد، سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لایەنی باشەولایەنی خراپەشی هەیە.

وتیشی، لایەنە باشەکەی ئەوەیە، کاتێک هاوڵاتییەک پاش چەندین ساڵ خزمەتکردن ئەگەر پیریش نەبێت، بەڵام ئەو کاتانەی کە بێکاردەبێت مووچەیەکی دیاریکراوی بۆ دەستەبەر دەکرێت، کە بەهۆیەوە ئەو کەسە هەستی نیشتمانی لا بەهێزتر دەبێتو لەوە تێدەگات کە حکومەتێک یان کۆمەڵگەیەک هەیە بەرگریی لەمافەکانی دەکاتو هەست بە هاوڵاتیبوونی خۆی دەکات.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە، لەکاتێکدا کە ئێستا لە کوردستان هەڵاوسانێکی زۆر هەیە، بەڵام بە پەیڕەوکردنی سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت، مرۆڤ هەست دەکات کە سیستمێک هەیە بەرگریی لە مافەکانی دەکـات، ئەوە جگە لەوەی بەشێکی زۆر لەو فشارە بەهۆی بوونی ژمارەی زۆریی فەرمانبەران کە لەسەرشانی حکومەتە، ڕاستەوخۆ دەگوێزرێتەوە بۆ کەرتی تایبەت، بەبێئەوەی خەڵک بترسێتو دڵەڕاوکێ ودوودڵیش لای هاوڵاتی ناهێڵێت بەهۆی پیشەو پلەو پۆستەکەیەوە، کە ئاخۆ لەپیشەکەی دەردەکرێت یان مووچەکەی دەبڕێت، ئەوە جگەلەوەی ڕێگە لەدیاردەی سواڵکردن دەگرێت.

## سیستمەکە ڕێ لە دیاردەی بێکاریی دەگرێت

زۆرجـار ڕێکەوتووە ڕێکخراوێک یان دەزگایـەک خولی فێربوونی پیشەیی بۆ چینو توێژەکانی کۆمەڵگە کردووەتەوە، هەرچەندە کردنەوەی ئەوجۆرە خولانەش لەبەرژەوەندیی هاوڵاتییاندابووە، بەڵام زۆرێک لە هاوڵاتییان ئامادەنین بەشداریی ئەوجۆرە خولو وۆرک شۆپانە بکەن، بەڵام ئەگەر کەسەکە پەیوەستکرا بەسیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوەو خولەکانیش لەلایەن حکومەت یاخود دەزگاکانی سەر بەکەرتی تایبەت کرانەوە، ئەوا ئەو کەسانەی لەچوارچێوەی سیستمەکەدانو بێکارن، ناچاردەبن بەشداریی خولەکان بنو جارێکی دیکە بخرێنەوە سەرکار.

## خاڵی لاوازی سیستمەکە

سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەگشتیی سیستمێکی مرۆییەو چ دەسەڵاتو چ کۆمەڵگەش بەرامبەر بە هاوڵاتییانی خۆیان بە بەشێک لەبەرپرسیارێتییە سەرەکییەکانیان هەڵدەستن.

محەمەد کەریم، پێیوابوو «خاڵی لاوازی سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئەوەیە کە لۆدێک لەسەر بودجەی وڵات دروست دەکـاتـەوە»و وتیشی «پێویستە حکومەت بیر لەوە بکاتەوە کە مـاوەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کەمبکاتەوە، بۆئەوەی فشارێکی دارایی زۆرلەسەربودجەی وڵات دروست نەبێتو هـەوڵ بدرێت لەو مـاوە کەمەی کە دیاریدەکرێت بۆ کەسەکان، کاریان بۆ بدۆزرێتەوەو بخرێنەوە سەرکارو هەوڵیش بدرێت ئەو کەسانەی دەخرێنەسەر کار پۆلێن بکرێنو ئەوەی کە پیشەیەک شارەزا نییە فێری پیشەیەک بکرێتو ئەوەشی کە پیشەیەک شارەزایە پیشەیەکی دیکەی فێربکرێت».

## ئەرکی حکومەتە خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتییان دابین بکات

بەپێی یاسای عێراقی، پارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی ١٢٪ یەو پارەکەش حکومەت ساڵانە کاری پێوە دەکات تائەوکاتەی بەکاردەهێنرێتەوە بۆخودی هاوڵاتییەکە.

محەمەد کەریم، وتی «یەکێک لە ئەرکەکانی حکومەت دابینکردنو فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانییە بـۆ هاوڵاتییان، ئیتر ئەوخۆشگوزەرانییە چ لە ڕێگەی سیستمی سـەروەریـیـەوە بـێـت یـان دابینکردنی خزمەتگوزاریی، یان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ڕاگەیاندنەکانەوە یان تێکەڵکردنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگەوەبێت، ئەوە سەر باری ئەوەی پێویستە لە قۆناغەکانی خوێندندا بابەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بخرێتە دووتوێی بەرنامەکانی خوێندنو لە ڕێگەیەوە هاوڵاتییان هۆشیار بکرێنەوە کە ئەوسیستمە تاچەند سـوود بەمرۆڤ دەگەیەنێت».

## دەستەبەری کۆمەڵایەتی جیاوازە لە بیمە

سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی جـیـاوازی لـەگـەڵ بـیـمـەدا هـەیـە، بیمە خزمەتگوزارییەکە کە مرۆڤ بە ویستی خۆی دەتوانێت خۆی یان خانووەکەی یان ئۆتۆمبێلو شوێنی کارو بازاڕو دوکانەکەی بیمەبکاتو لەحاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر زەرەرو زیانێکدا ئەو شوێنەی کە بیمەکەی لێکردووە کە زۆرجار کۆمپانیایەکی ئەهلییە، قەرەبووی بۆ دەکاتەوە، بەڵام سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سیستمێکی حکومییەو سەرجەم فەرمانبەرانو کرێکاران لە کەرتە گشتییو تایبەتییەکاندا پێوەی پەیوەست دەکرێن.

## حکومەتی عێراق دەیان ملیۆن دیناری کرێکارانی لوشدا

لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراقو پێکهێنانی حکومەتی نوێوە سەندیکای کرێکارانی کوردستان زیاتر لە٢٠هەزار ئیمزایان کۆکردەوە بۆ ئەوەی ئەو پارەیەی کە لەسەردەمی حکومەتی عێراقدا بەناوی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە لە کرێکارانی کوردستان وەرگیرابوو کە بەدەیان ملیۆن دیناری ئەو سەردەمە مەزندە دەکراو خرابووە سەر خەزێنەی حکومەت، بگەڕێنرێتەوە بۆکرێکاران، بەڵام دوای بەرزکردنەوەی داوایەکیش بۆ بەرپرسانی حکومەتی عێراقی، نەتوانرا ئەو مافەی کرێکاران بگەڕێنرێتەوە.

## پەرلەمان هیچ پرۆژەیەکی بۆ سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی نەبووە

لیژنەی کـاروبـاری تەندروستیو کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی دووخولی ڕابـردووی پەرلەماندا، هیچ پرۆژەیەکیان بۆ جێبەجێکردنی سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا پێشکەش نەکردووە.

د.فـوئـاد بـابـان، سـەرۆکـی لیژنەی کـاروبـاری تەندروستیو کۆمەڵایەتی لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد «لیژنەی کۆمەڵایەتی هیچ پرۆژەیەکیان نەبووە بۆ کارکردن بەسیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو داوایەی سەندیکای کرێکاران بەرزیان کردبووەوە بۆ گەڕاندنەوەی پارەی کرێکارانی هەرێم، لیژنەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیرانەوە داواکەیان گەیاندە بەرپرسانی حکومەتی عێراقو لیژنەکەشیان داوای ئەوەیان کردبوو، ئەو بڕیارەی کە سەرجەم کرێکارانی پێکرا بە فەرمانبەر هەڵبووەشێنرێتەوە، بۆ ئـەوەی سەرجەم مافەکان بۆ کرێکاران بگەڕێنرێتەوە، بەڵام وەک خۆی وتی، بەهۆی نائارامیی بارودۆخی ئەوسەردەمەی عێراقو نەبوونی دامەزراوەی پێویستو پەیوەندیدار بە کێشەکەوە، هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە».

بـابـان، ئـەوەشـی ڕوونـکـردەوە، کە دەستووری عێراقی ڕێگە نادات سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەهەرێمدا کاری پێبکرێت، بەڵکو پێیوابوو، دەبێت ئەوسیستمە مەرکەزیی بێتو سەر بەحکومەتی ناوەندی بێت، وەک زۆرێک لە بابەتە مەرکەزییەکانی دیکـە لـەلایـەن حکومەتی عێراقییەوە چارەسەربکرێتو حکومەتی هەرێم توانای داراییو دەستووریشی نییە بۆ جێبەجێکردنی سیستمەکە.

---

دەدەن دوو (٢) گرووپن.

گروپی یەکەم کە دەسەڵاتدارە، وایدەزانی بەمە دەتوانێت پشتیوانی سیاسیی خۆرئاوا وەربگرێتو خۆشی بێ کێبڕکێ بازاڕی کوردستان بۆخۆشی کۆنترۆڵ بکات، بەم جۆرەی کە دەبینرێت.

گرووپێکی دیکەی بە اصطلاح ڕۆشنبیر یان لە جەهلەوە، مەیمونئاسا چۆن مەیمون لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە، ئاوا وەکو بەناو ڕۆشنبیریی بوارەکانی دیکەو سیاسییەکان مەیمونانە لاسایی ڕۆشنبیرییو سیاسیی دەکـەنـەوە بـێ تێگەیشتن لـە ماناو دووربینییەکانی بازاڕی ئازادو سیاسەت لە کاریان، تەنیا ڕەواجدانو لاساییکردنەوەیە تا وا خۆیان نیشانبدەن کە بەناو ڕووناکبیرو سیاسین.

گروپێکی دیکەش لەم ڕۆشنبیرانە کە لەوانەیە تۆزێ تێبگەن، بەڵام وادەزانـن کە بە ڕەواجدان بە بازاڕی ئازاد دەتوانن جێگەیەکی باشتر بۆخۆیان دابینبکەن لەلایەن مۆنۆپۆڵچییەکانەوە.

ئـەوەی واقیعە پیادەکردنی بـازاڕی ئازاد لە ئابووریدا لە ئەمڕۆی کوردستان کارەساتێکی مرۆییو ئابووریو نیشتمانیی دەخوڵقێنێت، چونکە:

١ـ دەســـەڵات نـەک تـەنـیـا هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووە، بەڵکو عەقڵیشی پێ نەشکاوە کە بـازاڕ ئـازادکـرا دەبێت تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی پێگەیاندنی توانا مرۆییەکانەوە ئامادەکرابێت، کە بتوانێت توانای کێبڕکێو کاری هەبێت، کە ئەمە لە کوردستان مەحاڵە لە حاڵی هەلومەرجی ئابووریی ئێستادا، چونکە لە کوردستان ئەگەر کەسێک باڵاترین تواناشی هەبێت، ئەوا لە بەرامبەر بێ تواناترین ئەفرادی دەسەڵات هیچ چانسی نییە.

٢ـ دواکەوتوویی پەیوەندیی ئابووریو گەشەنەکردنی کەرتی تایبەت، جگە لە کەرتی ئابووریی میلیشیای حیزبیی، کە ئەمەش لە ئابووریی دەوڵەتی بەهرە دەگرێتو چانسی دیکە نییە بۆ خەڵک جێگەی کار پەیدابکات.

٣ـ وێرانکردنی ئابووریی کشتوکاڵو نەبوونی ئابووریی پیشەسازیی خەڵک دووچاری بێکارییو سەرچاوەی ئابووریی دەکاتو کردووە.

٤ـ مۆنۆپۆڵکردنو دەستبەسەرداگرتنی میلیشیای حیزبیی بەسەر هەموو بوارەکانی ئابووریدا، دووبارە چانسی کارو چالاکی ئابووری فەلەجکردووە.

بـە لەبەرچاوگرتنی ئـەم خاڵانەی سەرەوەو گەلێک هۆکاری دیکەش بازاڕی ئـازاد لە کوردستاندا بووەتە دۆزەخ بۆ ئێستاو داهـاتـووی گەلی کوردستانو بەهەشتێکی واقعیش بۆ نوخبەی حیزبی میلیشیایی، کە هیچ بەرپرسیارێتییەکی ویژدانیی، ئینسانیی، نیشتمانیی، میللیی لەخۆ نەگرتووە، جگە لە چنینەوەی هەموو داهاتەکان بۆخۆی، ئەمەش بە تێگەیشتن دەزانیت بۆ بازاڕی ئازاد، کە لە واقعیدا تەنیا ئازادە بۆ نوخبەی میلیشیایی نە کۆمەڵو ئەم حاڵەش هەڕەشەی جدییە بۆ ئاشتیو ئاسایشی کۆمەڵایەتیو نیشتمانیی.

بەهیوای ئامادەبوون بۆ تێگەیشتنێکی زانستیانەو مرۆڤدۆستانەو بە کەڵکتر بۆ بـازاڕی ئـازاد، کە دادپـەروەریـیو لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتیو یەکسانی لەخۆ بگرێت.

بۆ ئەوەی ئەمە بێتەدی، واتە بازاڕی ئازاد بۆ خزمەتی تاکەکانو کۆمەڵ بەکاربێت، بواری یەکسان هەبێت بۆ هەمووان تا بتوانن توانا مادییو مەعنەوییو فیکریو زانستیی خۆیان بەکاربهێنن لە بوارە جیاجیاکانی ئابووریدا لەگەڵ هۆشیارییو ڕۆشنبیریی لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتیو دادپەروەرییو مرۆڤدۆستی لە کوردستان پێویستە:

١ ـ دەسەڵات بە جدیی بەخۆیدا بچێتەوە، کە بـەردەوامـبـوون لە کۆنترۆڵکردنی بازاڕ بۆ خۆیو دەوروبـەری، بریتییە لە دیکتاتۆریی ئابووریی، کە ئەنجامەکەی نەبوونی دادپەروەرییە، لەگەڵ بێبەشکردنی گەل لە بەهرەکانی بـازاڕی ئازاد تا وای لێدێت دەسەڵاتو گەل بە تەواویی لەیەک جیادەبنەوە وەکو دوو چین، سەرمایەدارو هەژار، زۆردارو زۆرلێکراو و لەم حاڵەشدا مەسەلە سەرەکییە میللیو نیشتمانییەکان، کە تائێستا چارەسەر نەکراون، بەرەو فەرامۆشی دەچن، کە ئەمەش هەڕەشەیە هەم بۆ ئاستی ناوخۆییو هەم بێتوانایی لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکییەکان.

بۆیە پێویستەو دەبێت دەسەڵاتدارانی حیزبیی ئەوە بزانن، کە ئەم تێگەیشتنەی ئەوان بۆ بازاڕی ئازاد نەک هەر نەزۆکە، بەڵکو کارەساتە بۆ گەشەی ئابوورییو کۆمەڵایەتیو ئاوەدانکردنەوە، لەدواییشدا خۆیان یەکەم قوربانیی ئەنجامەکانی دەبن، ئینجا گەلو وڵات.

٢ـ دامەزراندنی شورایەکی ئابووریی کە سەربەخۆ بێتو هەرکەس بیەوێت لە بوارێکی ئابووریدا جا کشتوکاڵ، پیشەسازیی، گەشتوگوزار یان خزمەتگوزاریی بێت، پرۆژەی هەبێت، ئەم شورا ئابوورییە هەڵێکە بۆ بەدواچوون بۆیو کارئاسانکردنی دوور لە کاریگەریی حیزبیو پارتایەتی.

٣ ـ دامـــەزرانـــدنـــی شـــورایـــەکـــی سەرمایەگوزاریی کە بە هەماهەنگی لەگەڵ شـورای ئابووریی دیراسەی تەحویلی پرۆژەکان بکەن.

بۆ ئەوانەی کە توانای ئابووریی خۆیان هەیەو پێویستیان بە تەحویل نییە، پێویستە بە هەموو جۆرێک ئاسانکارییان بۆبکرێت، نەک وەکو ئێستا چەند ساڵ موعامەلە بۆ پرۆژەیەک بکەن، لە دواییشدا هیچیان بۆ نەکرێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئـەوەی کە سەرمایەداران پارەکەیان ببەنە دەرەوەی وڵات، بەمەش هەم سەرمایەو هەم شوێنی کار لەدەست دەدەین، بۆ ئەوانەش بەتایبەت گەنجانو ئافرەتانو دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان کە پرۆژەو ئایدیای داهێنەریان هەیە لە بوارە جیاجیاکانی ئابووریدا، پێویستە هاوکاریی دارایی بکرێنو کارئاسانییان بۆ بکرێت.

٤ـ قـانـوون گـوزاریـکـردن لە بـواری سـەرمـایـەگـوزاریـیو تەحویلکردنی پرۆژەکانو بە کەڵک وەرگرتن لە تەجرەبەی شوێنانی دیکە، کە لە خزمەت ئەوانەدا بێت کە پرۆژەی داهێنەرانەو بەرهەمهێنەرانەیان هەبێت.

٥ـبەیاسا هەموو جۆرێکی مۆنۆپۆڵکردنی بەرهەمهێنان، بازرگانیکردن قەدەغەبکرێت بۆ تەنیا گروپێک یان کۆمپانیایەک.

دەبێت تێگەیشتنی بـازاڕی ئازاد لای هەمووان ئەوەبێت کە دادو یەکسانیو تواناو خۆشگوزەرانیی دابیندەکات، بۆ ئەمە کاربکرێت، نەک ئەو تێگەیشتنە بازاڕی ئازاد ببێتە جەنگەڵ، بەهێزەکان بچووکەکان بخۆن یان بەهەشت بۆ سەرمایەداران و دۆزەخ بۆ زۆرینەی گەل بێت.



وەرگیراوە

maa17192002@yahoo.co.uk

# ئەنجومەنی ئابووریش شکستی هێنا



**بەرهەم خالید**

پاش ئەوەی لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەنجومەنی ئابووریی کوردستان دامەزرا، بەڵام بە بۆچوونی شارەزایانی بوارەکە تائێستا ئەو ئەنجومەنە کەمترین ڕۆڵی هەبووە لە پێشخستنی بواری ئابووریی هەرێمو هیچ کام لەو بڕیارو پێشنیازانەی لەلایەن ڕاوێژکارانو پسپۆڕانی ئابوورییەوە ئاراستەی ئەو ئەنجومەنە کراون، نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو تەنیا لەسەر کاغەز ماونەتەوە

بە پێی نووسراوی نهێنی ژمارە (٢٧٢٧) لە ڕۆژی (٢٠٠٧/١٠/٣١)دا ئەنجومەنی ئابووریی کوردستان، کە ئاراستەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە کراوەو تیایدا بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی چوارەمی ئەنجومەنەکەی لەخۆ گرتووە، نووسراوەکە لە بڕیاردان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەکەو پشتگیریی و چاکسازییکردنی سیستمی بانکەکانی هەرێمو پێشنیازەکانی وەزارەتـی بازرگانی بۆ کەرتی تایبەتو چەند پێشنیازێکی دیکە، پێکدێت.

چەند پسپۆڕێکی ئابووریی بەشدارییان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکەدا کردووە بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی بانکیی لە هەرێمی کوردستان، لەوانە سالار مستەفا حەکیم، سەرۆکی ئەنجومەنی ئیدارەی بانکی کوردستان، مەسعود تاریق یونس، لە یەکێتی بەڵێندەران، ئەڵماس حیشمەتی لە زانکۆی کوردستان، ئیبتیسام نەجم عەبود لە بانکی کوردستانو هەروەها هەریەکە لە بەڕێوەبەرانی بانکی ناوەندی هەولێرو سلێمانیو نوێنەری وەزارەتـی پلاندانان بەشدارییان لە دانیشتنەکاندا کـردووەو تیایدا چەند بڕیارو ڕاسپاردەیەکیان خستووەتەڕووە، بەڵام تائێستا هیچ کام لەو بڕیارو پێشنیازانە نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بە پێی ڕاسپاردەکان داواکراوە، کە:

* بانکێک لە هەرێمی کوردستان بە سەرمایەی (٥٠) ملیار دیناری عێراقی دابمەزرێتو هەریەکە لە حکومەتی هەرێمو بانکە ئەهلیو بیانییەکانو هاوڵاتییان پشکداربن تیایدا.

* حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی گشتیی بۆ دەستەبەری دانانی پارە لەلایەن خەڵکەوە لە بانکەکان پەیڕەو بکات.

* وەزارەتەکانو دەزگاکانی حکومەت مووچەی کارمەندانیان لە ڕێگەی چەکو کردنەوەی حسابی بانکییەوە بدەن، نەک بە شێوازە کۆنەکە.

* فەرمانگە حکومییەکان پابەندە داراییەکانو کڕینەکانیان لە ڕێگەی چەکی بانکیی ئەنجام بدەن.

* داوا لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بکرێت بۆ وەرگرتنی (خطاب ضمان) لە بانکەکانو بانکە ئەهلییەکان هاوشێوەی وتاری دەرچوو لە بانکە حکومییەکان.

* هاندانو پشتیوانیکردنی کۆمپانیای تەئمین لە کوردستان.

* پەلەکردن لە دامەزراندنی بازاڕی پـارەی تایبەت بە هەرێم بە مەبەستی هاندانی دروستکردنی کۆمپانیای پشکدارو پێشوازیکردن لە پارەی خەزنکراو.

* دامەزراندنی پەیمانگەیەکی بانکیی بۆ پێگەیاندنی کادیری بانکی شـارەزاو هەماهەنگیکردن لەگەڵ بانکە حکومییو ئەهلییەکان.

* داوا لە زانکۆکانی هەرێم بکرێت بۆ ئامادەکردنی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی تایبەت بە گرفتەکانی سیستمی بانکیی لە هەرێمو ڕێگەکانی کاراکردنیو هەروەها چەند پێشنیازێکی دیکەی تایبەت بەو بوارە.

ئێستا نزیکەی (٢) ساڵ بەسەر ئەو پێشنیازو بڕیارانەدا تێپەڕیوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەو بڕیارانە تائێستا نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوەو کەرتی بانکیی وەک زۆرێک لە کەرتەکانی دیکە وەک خۆی ماوەتەوەو نەیتوانیوە پێشبکەوێت.

فەیسەڵ عەلی، ئەندامی مونتەدای ئابووریی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کە کارەکانی ئەو ئەنجومەنە وەک زۆرێک لە کارەکانی دیکەی حکومەتی هەرێم شەفاف نەبووە، بۆیە نازانرێت چ کارێکی کردووەو بەرهەمی ئەو ئەنجومەنە چییە، لەلایەکی دیکەوە زۆرێـک لەو کەسانەی لـەو ئەنجومەنەن لـە دەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوەو شارەزاییان کەم بووە لە باری ئابووریی هەرێم، بۆیە دەبوو پرسو ڕاوێـژ بە کەسانی ناو هەرێمیش بکرایە لەو بـوارەدا، وتیشی: «ئێمە وەک مونتەدا هیچ پەیوەندییەکمان بەو ئەنجومەنەوە نییەو تائێستا هیچ کارێکی ئەوتۆمان لەو ئەنجومەنە نەبینیوەو تەنیا دەزانین، کە ئەنجومەنێک بەو ناوەوە هەیە».

ئەندامەکەی مونتەدای ئابووریی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ دەبوو ئـەو ئەنجومەنە هەماهەنگییان لەگەڵ پەرلەماندا هەبوایەو بەڕوونی کارەکانیان دیاربووایە، بـەڵام تائێستا بە نادیاریی ماوەتەوە، بۆیە ناتوانرێت حوکم لەسەر کارەکانیان بدرێت.

لەلای خۆیەوە ئەحمەد حاجی ڕەشید، سەرۆکی لیژنەی ئابووریی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند؛ کە لیژنەکەیان چەند پێشنیازێکیان لەو پێشنیازانەی ئەنجومەنی ئابووریی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کردووە وەک کێشەی بانکییو نەختینەو کڕینی پشکی کۆمپانیاو بانکەکان، بەڵام تائێستا بە ڕەسمیی وەڵامیان نەدراوەتەوە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە حکومەتی هەرێم لە زۆربـەی بوارەکاندا پێشنیازو تێبینی بەدەستگەیشتووە، بـەڵام کـاری لەسەر نەکردووە.

# تێگـــەیشتن لـــە بـــازاڕی ئـــازاد

**محەمەد ئەمین گەناوی**

هەر لە بەرەبەیانی مێژووی ئابووریی و مرۆڤایەتیی، ڕەگەزی قازانجو مۆنۆپۆڵکردنی بـازاڕ جا بازرگانی، ڕاو، کشتوکاڵ تا دەگاتە ئابووریی مۆدێرنو پیشەسازیی، بڕیاردەری دیاریکردنی ئاستو توانای چینایەتی و دەسەڵات بوون.

هەمیشە ئـارەزوو خولیاو نەزعەی قـازانـجو مۆنۆپۆڵکردن لە ئابووریدا لەگەڵ بەکارهێنانی ئامێری هاوچەرخدا بە گـوێـرەی هەلومەرجی مێژوویی، قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی دیاریکردووەو گۆڕیوە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە پێشکەوتنی مادییو تەکنەلۆژیا هۆکاری سەرەکیی گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان بووە لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا.

لە سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی ئابووریی و بازرگانیو بەکارهێنانی دراوا لە قۆناغەکانی فیوداڵیزمو بۆرژواژییدا سیستمی ئـابـووریـی لـەسـەر بنەمای ئابوورییەکی لیبراڵ دامەزراوە، کە لەوێدا بازاڕ ئازادە، بازاڕی دەستی کاریش ئازادە، ئەمەش واتە بازاڕی ئازادیی ئابووریی و بازرگانیو بـازاڕی ئازادیی دەستی کار لە هەردوو قۆناغی فیوداڵیو بورژواییدا گرنگی نـەدەدا بە بەها مرۆییەکان وەکو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتیی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە جیاوازی چینایەتی بگاتە ئاستێکی ترسناک، لەگەڵ شۆڕشو ڕاپەڕینی خەڵکانی بێبەش، کە نموونەی لە هەموو دنیادا هەیە، بەڵام لە هەندێک شوێن شۆڕشو ڕاپەڕینەکان بێ بەرنامەو (عفوی) بوون، بێئەوەی کە بتوانن سیستمێکی بەدیل لە بواری ئابووریی و کۆمەڵایەتیی دروستبکەن، بەڵام شۆڕشی سۆسیالیست لە ڕوسیا لە سەرەتادا وەکو بەدیل بۆ بـازاڕی ئـازادو دەستی کار، ئابووریی بەرنامە داڕێـژراوی داهێنا بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی چینایەتی.



سیستمی ئابووریی بەرنامە داڕێژراوی دەوڵەت توانی جیاوازی چینایەتی بەوجۆرەی کە هەبوو نەهێڵێت، بـەڵام نوخبەیەکی چینایەتیی دەسـتـەی دەسـەڵاتـداری دروستکرد، کە بۆ ئـەوان هەموو شتێک ڕەوابـــوو، بـەڵام بۆ خەڵک نـا، ئەمەش بابەتێکی دیکەیە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بابەتی سەرەکییەوە نییە. هەر لێرەدا مەتەڵی بازاڕی ئازاد ئاشکرابوو بەوەی کە لەم وڵاتانەی بە هەموو خراپییەکانی کە بازاڕی ئازادی تیا پەیڕەو دەکرا، توانرا سەرکەوتنێکی گـەورە دروستبکرێت لە گەشەی ئابووریی و تەکنەلۆژیاو داهێناندا لە چاو ئەو وڵاتانەی کە ئابووریی بەرنامە داڕێـژراوی دەوڵەتی تیا پەیڕەودەکرا، تا ئەنجام وایلێهات وڵاتانی سۆسیالستیو سیستمی ئابووریی دەوڵەت هەرەسبهێننو دووبـــارە بگەڕێنەوە سـەر سیستمی ئابووریی بـازاڕی ئـازاد. لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو واتە ئەو گەلو وڵاتانەی کە یەکەمجار وازیان لە ئابووریی بازاڕی ئازاد هێنا تا ئابووریی وڵاتەکانیان پێ باش بکەن، پاش (٧٠) ساڵ دووبارە گەڕانەوە سەر بەکارهێنانی بازاڕی ئازاد بۆ ئەوەی بتوانن گەشە بە ئابووریی نیشتمانیان بدەن، ئەمەش ئەم ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە ئازادیی لە بواری ئابووریدا وەکو هەموو بوارەکانی دیکەی ژیان توانا عەقارییو فیکری داهێنەرانەی مرۆڤ گەشە پێدەدات، واتە ئازادییو سەربەخۆیی تاک دەتوانێت داهێنان بکات بەهۆی ئارەزووی سروشتی مرۆڤ لە سەربەخۆییو خاوەندارێتی.

نموونەش ئاشکرایە کەسێک کە بۆ قازانجی خۆی کاربکات زیاتر کاردەکاتو دڵسۆزانەتر بیر لە باشکردنو داهێنانی تازەدا دەکات لە کاریدا، ئەمە واتە سەربەخۆییو خاوەندارێتی ڕەگەزی سەرەکی بنەماکانی سیستمی ئابووریی بـازاڕی ئـازادن، کە نموونەیان ئابووریی ئەفریقاو ئەورووپای خۆرئاوایە، لە ماوەی (٥٠) ساڵی ڕابردوودا لە ئەورووپا لەگەڵ گەشەو سەرکەوتنی بازاڕی ئازاددا توانرا بەهای دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتیو ئەمڕۆش ژینگەپارێزییو دۆستی تێکەڵ بە گەشەی ئابووریی بازاڕی ئازاد بکرێت، هەر ئەمەش وایکردووە تائێستا لە ئەورووپای خۆرئاوا ئاستی چینایەتی پارێزراو بێتو بەها مرۆییەکان بکرێتە مەرجی هەر گەشەو گـۆڕانو پێشکەوتنێکی دیکە لە هەموو ئاستەکانو ببێتە فەرهەنگیان، کە نابێت لە وڵاتی ئەوان برسێتیی هەبێت، نەخۆش نەتوانێت چارەسەر بکرێت، خەڵک نەتوانێت بخوێنێت، خەڵک جێگەی حەوانەوەی نەبێت، ئەم پێشکەوتنە مەزنەی ئەورووپای خـۆرئـاوا لە بـواری ئابووریی بـازاڕدا بەدەستیهێنا لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە باشترینیانە، لە مێژووی جیهاندا سەرچاوەکەی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە توانییان بازاڕی ئازاد زانستیانەو مرۆڤدۆستانە کۆنترۆڵ بکەن، بەجۆێک کە لە خزمەت کۆمەڵانی خەڵکدا بێت نەک تەنیا چینێک کەڵکی لێ وەربگرێتو خەڵکانی دیکەش ببنە قوربانیی حوتی پڕ تەماحی دەستەیەکی دەسەڵاتدار بە هەموو تێبینییەکەوە.

بۆ نموونە زۆر دامـەزراوەی گەورەی ئابووریی کە جێگەی دەستی کاری ملیۆنان مرۆڤن لە ئەوروپای خۆرئاواو ئەمریکا، تائێستاش سەر بە دەوڵەتن تا شوێنی کاری خەڵک بپارێزن، لە بواری کێبڕکێ بە هەمان جۆر یاسای جۆراوجۆر هەیە کە بازاڕ مۆنۆپۆڵ نەکرێت لەلایەن کەسێک یان دەستەیەکی ئابوورییەوە، بۆ نموونە ئێستا لە ئەمریکا بە یاسا قەدەغەیە کەسێک یان تەنیا یەک کۆمپانیا بۆی هەبێت تەنیا یەک شت دروستبکاتو بـازاڕی پێ کۆنترۆڵ بکات بێ ڕکابەر، بۆئەوەی بوار بۆ خەڵکانی دیکەش هەبێت کەڵک لە بازاڕ وەربگرنو توانای خۆیان بەکاربهێنن لە داهێناندا، بەڵام لە بەرامبەر وڵاتانی دیکەی جیهان دەبێت ئەوەمان لە بەرچاوبێت کە وڵاتانی خۆرئاوا بە بەکارهێنانی سیاسەتی subside وە protectionism لە ئابووریی کشتوکاڵیو پیشەسازییدا دەبێتە نادادپەروەریی لە پەیوەندیی ئابووریی جیهانیدا، کە ئەمەش بابەتێکی دیکەیە سەروکاری بە بابەتی سەرەکییەوە نییە، بـەڵام ئـەوەی گرنگە وڵاتانی خۆرئاوا کە پەرچەمداری ئابووریی بـازاڕی ئـازادن، توانیویانە تائێستاش لە ئاستی ناوخۆییدا باشترین دادپەروەریی ئابووریی و یاسایی لە دنیای ئەمڕۆدا بۆ هاوڵاتییانیان مسۆگەر بکەن لەگەڵ چەندەها تێبینیدا.

بەکارهێنانی سیستمی بازاڕی ئازاد لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بە کوردستانیشەوە بە مانا مـوجـەرەدەکـەیو بێ گوێدانە بنەماکانی دادپەروەریی، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیو هەتا میللیو نیشتمانییەکان تاوانێکە کە دۆزەخ بۆ زۆرینەی هەرەزۆری خەڵک دروستدەکاتو بەهەشتێکیش بۆ کەمینەیەکی فاسدو بە تەماح.

ئەوەی کە پەیوەندیی بە کوردستانەوە هەیە، ئەوانەی کە دەم لە بـازاڕی ئازاد





# کنێر عەبدوڵڵا: ئەگەر (کۆتا) نەبوایە، ژنان نەیاندەتوانی بەو ڕێژەیە بوونیان هەبێت لەناو پەرلەمان

سازدانی: سەرکەوت ئەحمەد

**کنێر عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی ژنان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باس لە پڕۆژەکانی لیژنەکەیان دەکات لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، هەروەها سیستمی (کۆتا) بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بەگونجاو دەزانێت بۆ زیادکردنی ڕێژەی ژنان لە پەرلەمان‌و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا.**

**ڕۆژنامە: ماوەی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگا بەرەو کۆتایی دەڕوات، لە چوار ساڵی ڕابردوودا لیژنەی ژنان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، چ کارێکی بۆ ژنان کردووە، کە شانازیی پێوە بکات؟**

• لیژنەی ژنان یەکەم کۆبوونەوەی لە مانگی (٨ی ٢٠٠٥)دا ئەنجامدا، یەکێک بووە لە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەم لیژنەیە لە دوو ڕووەوە گرفتی هەبوو، هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن پێیانوابوو لیژنەی ژنان پێویست نییە لە ئەنجومەن دروست بکرێت‌و کار بکات، لەلایەکی دیکەوە ئەو سێکتەرانەی ئەنجومەن کاری تێیدا دەکرد (لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان)، بەشێک نەبوو، کە بەناوی ژنانەوە پارەی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو گرفتانە توانرا لیژنەی ژنان وەکو لیژنەیەکی هەمیشەیی بچەسپێنرێت‌و پەیڕەوپڕۆگرامی ناوخۆی بۆ دابنرێت.

بەپێی ئەو سنووری دەسەڵاتەی کاری تێیدا کردووە، توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا لەناو سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، بۆ دیاریکردنی ئەولەویەتی کێشەکانی ژنان لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا، لە (١٠) بواری جۆربەجۆردا، پاشان چەندین کۆبوونەوەی جۆربەجۆر سازکرا لەلایەن کەسانی پسپۆڕو ڕۆشنبیرو شارەزاو توێژەرەوە، لە ئەنجامی کۆی ئەو دانیشتنانە توانرا پڕۆژەیەکی ستراتیژیی بە بەرهەم بێت کە ئێستا خۆشبەختانە لە بواری جێبەجێکردندایە، لیژنەی ژنان توانی ڕووبەری (٥) دۆنم زەوی وەربگرێت بۆ پڕۆژەی کۆمەڵگەی پەرەپێدانی ژنان، بەبڕی بودجەی (٢ ملیارو ٥٠٠ هەزاردینار)، کە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان تەرخانکراوە، ئەم پڕۆژەیە هەمەلایەن‌و گشتگیرو خزمەتگوزارە، نەک بە ژنان بەڵکو وەکو مەسەلەیەکی جێندەری خزمەتە بە تاکەکانی کۆمەڵگە لە پارێزگای سلێمانیدا، ئامانجی سەرەکی لێی بەرزکردنەوەی تواناکانی ژنانە، دەتوانم بڵێم وەکو مەسەلەیەکی جێندەری ژنان‌و پیاوان دەگرێتەوە، کە چۆن بتوانێت بەپێی توناو لێهاتوویی خۆیان ئامادە بکرێن‌و بچنە ناو پۆستە جۆربەجۆرەکانەوە.

پڕۆژەیەکی دیکەی ستراتیژیی، کە بە بڕوای من ئەمیش یەکێکە لە دەستکەوتەکانی لیژنەی ژنان، ئەنجامدانی کۆنفرانسێک بوو تایبەت بە نەهێشتنی کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف، بە ئامادەبوونی زۆربەی زۆری لایەنە پەیوەندیدارەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی، لە ئەنجامی بوونی ئەو کەسایەتییە جۆربەجۆرو هەمەلایەنەی بەشداریکرد لە کۆنفرانسەکەدا توانرا کێشەکان‌و چارەسەرەکان‌و گرفتەکانی کوشتنی ژنان دیاری بکەن، لە دەرئەنجامی ئەم کۆنفرانسەدا خۆشبەختانە پڕۆژەیەکی ستراتیژیی دیکەی لێکەوتەوە، کە ئەویش بتوانرێت سەنتەرێک بۆ داڵدەدانی ئەو ژنانەی کە هەڕەشەی کوشتن یان توندوتیژییان لەسەرە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێستا ئەو پڕۆژەیە زەوی بۆ وەرگیراوە لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوەو بودجەی لەلایەن پەرەپێدانی پارێزگاکانەوە لە ئەنجومەنی پارێزگاوە بۆ تەسدیقکراوە، کە تێچوونی دەچێتە نزیکی(٢ ملیار) دینار، ئێستا لە بواری تەندەریندایە، ئەو سەنتەری داڵدەدانانەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە دوو سەنتەرە



لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنانەوە، ئەویش ڕێکخراوی ئاسودەو ڕێکخراوی یەکێتیی ژنانە، تاکو ئێستا ئەو دوو ڕێکخراوە کار لەسەر ئەوە دەکەن لە کاتێکدا لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا لەلایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

بێجگە لەو دوو پڕۆژەیە، لیژنەی ژنان هەمیشە هاوکارو هاوئاهەنگ بووە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان‌و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، کە مەبەستیان بووە کار لەسەر پڕۆژەی خزمەتگوزاری ژنان بکەن، یان پڕۆژەی دیاری کراویان هەبووە، توانراوە بە هاوئاهەنگی لیژنەی ژنانی ئەنجومەنی پارێزگا پشتیوانی مادی‌و مەعنەوی ئەو پڕۆژانەیان بۆ بکرێت.

**ڕۆژنامە: لەم خولەی پەرلەماندا ڕێژەی ژنان بۆ زیاتر لە (٣/١) بەرزبووەوە، ئێوە چۆن دەڕواننە سیستمی (کۆتا- پشکی ڕێژەیی) بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی ژنان؟**

• ئەم پرسیارە وەکو بۆچوونی تایبەتی کەسی خۆم وەڵامی دەدەمەوە، بوونی سیستمی کۆتا ئیجابیات‌و سلبیاتی خۆی هەیە، لە هەموو قۆناغێکدا کاتێک کۆتا دادەنرێت، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا واقیعێکە ناتوانین نکوڵی لێ بکەین، کە ئەگەر کۆتا نەبێت لە ئێستای قۆناغی کۆمەڵگەی ئێمەدا، ژنان نەیاندەتوانی بەو ڕێژەیە بوونیان هەبێت لەناو پەرلەمان‌و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە تاکو ئەمڕۆ دەناڵێنێت بەدەست چەندین گرفتی جۆربەجۆرەوە، کە ڕێگرە لەبەردەم ژنان، ئەگەر بەراوردێک هەبێت لە نێوان ژن‌و پیاودا بۆ پۆستێکی دیاریکراو، ئەوەندەی دەنگ بە پیاوەکە دەدرێت ئەوەندە دەنگ نادرێت بە ژنەکە، بەهۆی عەقڵیەتی پیاوسالارییەوە، بۆیە کۆتا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەم قۆناغەدا کە دانرا لەسەرەتادا دەتوانم بڵێم؛ کەم بوو، وردە وردە بە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی ژنان‌و جەختکردنە سەر حکومەتی هەرێم‌و حیزبە سیاسییەکان توانرا ئەو ڕێژەیە بگەیەنرێتە ئەو ئاستەی ئێستا، کە دەتوانم بڵێم؛ بەپێی قۆناغی کۆمەڵگەی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکەدا ڕێژەیەکی بەرچاوە، لەوانەشە لە ئاستی تموحی کۆی ژنانیشدا نەبێت‌و هەوڵی بەردەوامیش هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن لەم ڕێژەیە زیاتر بەدەست بهێنن‌و نیوە بەنیوە بێت، یاخود بەپێی ڕێژەی بوونی گشتیی ژنان، ئامادەبوونیان هەبێت، کە ئەمە هەنگاوێکی کارکردنی ژنان دەبێت.

**ڕۆژنامە: ژنان بە تەزکییەو کۆتا بچێتە پێشەوە باشترە، یان بەتواناو هێزی کۆمەڵایەتی خۆی؟**

* بێگومان باشترە بە تواناکانی خۆی پێگەی خۆی مسۆگەر بکات، بەڵام واقیع دەیسەلمێنێت، کە کۆتا لەم قۆناغەدا پێویست بێت، هەرچەندە دەگونجێت لە قۆناغی داهاتوودا کاتێک جیاوازی لە نیوان مرۆڤەکاندا نەکرێت لە کۆمەڵگەدا وەکو ڕەگەز، هەروەها توانای لێهاتوویی‌و شارەزایی بووبێتە پێوەری هەڵبژاردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەژن‌و پیاوەوە بۆ پۆستێکی دیاریکراو، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین (کۆتا) کاتی نەماوە، بەڵکو ئەوە کۆمەڵێک پێوەری ستانداردی تەندروستە، کەوا لە من‌و تۆ دەکات دوو ڕەگەزی جیا بین بەپێی ململانێیەکی تەندروست تواناکانمان‌و پسپۆڕییەکان‌و ئەزموونی کارکردنمان ببێتە سەنگی مەحەک بۆ هەڵبژاردنی ژن یاخود پیاو، بەڵام ئێستا بە کۆمەڵێک پێوەری ناتەندروست کەسەکان دەبەنە پێشەوە بۆ پۆستەکان، ئەمە نەک تەنیا بۆ ژنانە، بەڵکو بۆ خودی پیاوانیش ئەم پێوەرە ناتەندروستانە هەیە.

**ڕۆژنامە: یەکەمینجارە ڕێژەی ژنان لە پەرلەماندا لە بەرزترین ئاستی خۆیدایە، ئایا ئەوە گرەنتی ئەوە دەکات، کە بارودۆخی ژنان لە کوردستاندا بەرەو باشتر بچێت لە ئایندەدا؟**

• داهاتووی کارکردنی هەریەک لەو ئەندام پەرلەمانانە سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی خزمەت بە کۆی ئەو بوارە خزمەتگوزارییانە بکەن‌و خزمەت بە بوارە نیشتمانی‌و نەتەوایەتییەکان بکەن، هیوادارم وەکو بەرپرسیارێتییەک ئەو ئەرکەیان گرتبێتە ئەستۆی خۆیان کە لە ناوەندی ئیشکردندان، ئێمەش چاوەڕوانی ئەوەین ئەگەر باشن دەستخۆشیان لێ بکەین بۆ داهاتووی ئیشکردن، ئەگەر خراپیشبن ڕەخنەیان لێ بگرین بۆ ئەوەی باشتر بن.

# پڕۆژەیاسایەک تایبەت بە مافی بەساڵاچووان دەدرێتە پەرلەمان

ئارام شێخ وسانی



## بەساڵاچووان فەرامۆش کراون

بەساڵاچووان وەک هەرتاکێکی دیکەی کۆمەڵگە خاوەنی کۆمەڵێک مافن، کە پێویستە بۆیان دابین بکرێت، بەڵام لە کوردستان جیا لە هەر توێژێکی دیکە بەساڵاچووان فەرامۆشکراون، ئادەم بێدار، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی ئومێد بۆ بەساڵاچووان، کە کۆمەڵەیەکی ناحکومییە ئامانجی سەرەکی داکۆکیکردنە لە مافی بەساڵاچووان بۆ ڕۆژنامە باسی لەوە کرد؛ کە حکومەت بە تەواوی ئەو توێژەی کۆمەڵگەی فەرامۆشکردووە.

ئادەم ڕایگەیاند: تائێستا وێڕای ئەو هەموو ڕێکخراوو کۆمەڵەو دەستانەی، کە لە کوردستان دروستبوون بە حکومی‌و ناحکومییەوە هیچیان لە ئەجێندایاندا نەبووە، کە کارنامەیەکی تایبەت بە مافی بەساڵاچووانی نێو کۆمەڵگە بخەنەڕوو، توێژی بەساڵاچووان گرنگن لە کۆمەڵگەدا، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەشێوەکی بەرفراوان لە کارنامەی هاریکاریی‌و سەرپەرشتیکردنی حکومەت‌و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکاندا باس لەوە دەکرێت، کە مافی بەساڵاچووان پارێزگاری لێدەکرێت، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان حکومەت هیچ گرنگییەکی بە بەساڵاچووان نەداوە، تەنیا چەند خەڵوەتگەیەکی بێ پێداویستی نامۆدێرنی کردووەتەوە بۆ هەرپارێزگایەک یەک خەڵوەتگە، کە ئەمەش ئێجگار کەمە بۆ بەساڵاچووان.

نەبوونی خانەی بەساڵاچووان لە قەزاو ناحیەو شوێنە دوورە دەستەکان، بووەتە هۆی دروستبوونی وێنەیەکی نادروستی بەساڵاچووان‌و زۆرینەی خەڵک بە چاوێک دەڕواننە ئەو کەسانەی بەساڵاچوون، کە «بوونەتە بارگرانیی بەسەر بازاڕو هاوڵاتیان»ەوە لەو ناوچانەدا.

ئەحمەد حاجی عەلی (٦٧ساڵ)، خەڵکی شاری ڕانیەیە، دوای ئەوەی کە کەسوکاری دەیانەوێت بیبەن بۆ خەڵوەتگەی پیریی لە سلێمانی، بەوپێیەی کەسە نزیکەکانی لەژیاندا نەماون‌و منداڵەکانی بەجێیان هێشتووەو لە شاری ڕانیەش خەڵوەتگەی لێ نییە، بەڵام لە سلێمانی پێیان دەڵێن: «شوێن نەماوە».

یەکێک لە خزمەکانی ئەحمەد وتی: «بەهۆی ئەوەی بەساڵاچووان بەچاوێکی کەمەوە تێیان دەڕوانرێت لەلایەن حکومەتەوەو هیچیان بۆ ناکرێت، خەڵکیش وەکو بارگرانیی دەڕوانێتە ئەو کەسانەی دەچنە تەمەنەوەو توانای خزمەتکردنی خۆیان نییە».

## پڕۆژەیاسایەک دەدرێتە پەرلەمان

لە عێراقدا تائێستا ئیش بە یاسای مەدەنی ژمارە (٥٤) دەکرێت، کە تیایدا ئاماژە بە مافەکانی بەساڵاچووان کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت یاسایەکی ڕوون‌و ئاشکرا نییە کە مافی بەساڵاچووان لە کوردستاندا دیاری بکات.

بەپێی ئەو یاسا کۆنەی عێراق، کە بەر لە نیو سەدە لەمەوبەر دانراوە، مافەکانی بەساڵاچووان لەکۆی ئەو مافانەدا باسکراوە، کە هەرتاکێکی دیکە هەیەتی، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا پڕۆژەیاسایەک بۆ بەساڵاچووان لەلایەن کۆمەڵێک کەسی پسپۆڕی خۆبەخشەوە ئامادە کرا، بە هاوکاری ڕێکخراوی ئومێد بۆ بەساڵاچووان.

ئادەم بێدار، بۆ ڕۆژنامە وتی: «لە درێژەی چالاکی‌و هەوڵەکانمان بۆ پێداچوونەوەی تەواو بە مافی بەساڵاچووان‌و گەڕاندنەوەی مافەکانیان وەک هەرتاکێکی دیکە، کار لەسەر ئەوە دەکەین کە مافی بەساڵاچووان بەپێی یاسا ڕێک بخەین‌و چیتر لە فەراغی یاساییدا ژیان نەگوزەرێنن».

سەرۆکی کۆمەڵەی ئومێد بۆ بەساڵاچووان ڕایگەیاند: لە ئایندەیەکی نزیکدا پڕۆژەیاسای مافی بەساڵاچووان پێشکەشی پەرلەمان دەکەین، بۆ ئەوەی پەرلەمانیش گفتوگۆی لەسەر بکات‌و پەسەندی بکات.

## ڕۆژێک بۆ بەساڵاچووان

ڕۆژی (١٠/١)ی هەموو ساڵێک لە جیهاندا دەستنیشانکراوە وەکو (ڕۆژی جیهانی بەساڵاچووان)، بە مەبەستی وەبیرهێنانەوەی مافەکانی بەساڵاچووان لای سەرجەم چین‌و توێژو پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگەو کۆکردنەوەی ئەو ژن‌و پیاوە بەتەمەنانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن.

ئادەم بێدار پێیوابوو؛ بەساڵاچووانی کوردستان‌و عێراق تائێستا نازانن مافەکانیان چییە، تەنانەت نازانن ڕۆژی (١٠/١) تایبەتە بە خۆیان، هەروەها پێیوابوو، لە کوردستان هیچ کەسێکی دیکە نازانێت، کە ڕۆژێک هەیە بە ناوی ڕۆژی جیهانیی بەساڵاچووان، ئەو پشتگوێ خستنەشی گێڕایەوە بۆ حکومەت.

کۆمەڵەی ئومێد بۆ بەساڵاچووان، بۆ ناساندنی ڕۆژی جیهانی بەساڵاچووان بڕیارە لە (٢٠٠٩/١٠/١) دا کۆمەڵێک چالاکی جۆربەجۆر ئەنجام بدات بە مەبەستی ناساندنی ئەو ڕۆژەو دروستکردنی ڕای گشتیی لەسەر مافەکانی بەساڵاچووان‌و هاندانی پەرلەمانی کوردستان، کە کاری جدیی بۆ بەساڵاچووان بکەن.

ئازاد محەمەد، پسپۆڕی دەروونیی، باسی لە ئەرک‌و مافی بەساڵاچووان کردوو پێیوابوو؛ کە بەهۆی ئەو فەرامۆشکردن‌و پشتگوێخستنانەی بەساڵاچووان دووچاری هاتوون مەترسییەکی گەورە دووچاری ئەو توێژە بووە، لە کاتێکدا «هەمیشە بەساڵاچووان بە پەروەردەکاری ئێستای کۆمەڵگە دەناسێنرێن».

ئازاد وتی: «خزمەتکردنی بەساڵاچووان، خزمەتکردنە بە گەنجینەیەکی مەعریفی‌و مێژوویەکی زیندووی کۆمەڵگە، زۆرجار لە لێکۆڵینەوەکاندا وەکو سەرچاوەیەکی مێژوویی بەکاردەهێنرێن‌و نەوەکانی دوای خۆیان سوودیان لێ وەردەگرن».

# (٤٠٠٠) دۆلار بـۆ ڕۆژنـامەنووسـان سـەرفـدەكـرێت

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

ڕێكخراوێكی عێراقی ئامادەیی خۆی بۆ خزمەتكردنی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان رادەگەیەنێت، نەقیبی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانیش پێیوایە ئەو كۆمەڵەو ڕێكخراوانەی عێراقین‌و بۆكاركردن دێنە هەرێمی كوردستان دەیانەوێت (تەجاوز)ی سەندیكای ڕۆژنامەنووسان بكەن‌و پەراوێزیان بخەن، وتیشی: «باشتروایە ئەو كۆمەڵەیە خەمی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بخۆن نەك كوردستان».



پێشەوا سەیدا، بەرپرسی نووسینگەی هـەولـێـری كـۆمـەڵـەی بـەرگـری لە مافی ڕۆژنامەنووسان، لە لێدوانێكی ڕۆژنـامـەوانـیـدا ئـامـاژەی بـەوەكـرد؛ «كۆمەڵەكەیان یارمەتی ڕۆژنامەنووسانی پارێزگاكانی هـەولـێـرو سلێمانی‌و موسڵ‌و كەركوك‌و سەلاحەدین دەدەن‌و لـەمـەودوا ڕۆژنامەنووسان دەتوانن بۆ چارەسەری تەندروستی بڕی (١٤) هـەزار دۆلاریـان بۆ خـەرجبكرێت، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێككەوتنیان لەگەڵ چەند نەخۆشخانەیەكی ئەهلی كردووەو ڕۆژنامەنووسان بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی كە هەیانە دەتـوانـرێـت چـارەسـەری تەندروستییان بۆبكرێت، وتیشی: «لە ڕووی یاساییشەوە كۆمەڵەكە دەتوانێت بەرگریی لەمافی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بكات كاتێك ڕووبـــەڕووی كێشەی یاسایی دەبـنـەوە». پێشەوا ئەوەشی خستەڕوو، كە خۆیان بە جێگرەوەی هیچ كۆمەڵەو سەندیكاو ڕێكخراوێك نازانن‌و سەربەست لە هەموو شوێنێكی عێراقدا كـاردەكـەن، بـەڵام سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان ڕەخنەیان هەیە.

هـەرچـەنـدە مـــاوەی دوو سـاڵـە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان هیچ پەیوەندییەكی بـە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی عێراقەوە نەماوە، بەڵام عەونی پێیوابوو؛ «ئەو كۆمەڵەو ڕێكخراوانەی عێراقین‌و بۆ كاركردن دێنە هەرێمی كوردستان دەیانەوێت (تەجاوز)ی سەندیكای ڕۆنامەنووسان بكەن‌و ئەوان پەراوێز بخەن».

فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیكای ڕۆژنـامـەنـووسـانـی كـوردسـتـان، لە لێدوانێكیدا بۆ ڕۆژنـامـە، هەرچەندە بێئاگایی خۆی لە بەستنی كۆنگرەی ڕۆژنامەوانی كۆمەڵەكە راگەیاند، بەڵام ئـامـاژەی بـەوەكـرد «باشتروایە ئەو كۆمەڵەیە خەمی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بخۆن نەك ڕۆژنامەنووسانی كوردستان».

بـەبـۆچـوونـی فـەرهـاد عـەونـی، «خزمەتكردنی ڕۆژنامەنووسانی هەرێم ئەركی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانە»، وتیشی: «هاتنی كۆمەڵەیەكی لەو جۆرە لە ساڵێكدا بۆ كوردستان‌و بەستنی گۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانی بۆ كارەكانی خۆی، تەنیا كەف‌و كوڵێكەو مەبەستێكی دیاریكراوی خۆیانی لە پشتەوەیە، كە پارە پەیداكردنە». هەروەك بڕواشی وایە سەندیكای ڕۆژنامەنووسان بوارێكی نەهێشتووەتەوە كە ئەوجۆرە كۆمەڵانە كاری تێدابكەن‌و «ئەوكارەش ئێمە دەیكەین ئەوان بە دەیان ساڵی دیكە ناتوانن بیكەن».

سەربارى ئەوەی سەندیكا متمانەی بە كاری ئەو كۆمەڵانە نییە، بەڵام فەرهاد عەونی ئاماژەی بەوەكرد، كە لە ڕووی یاساییەوە ناتوانن ڕێ لە هیچ لایەنێك بگرن بۆكاركردن، نەقیبی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان دەڵێت: «ئـەو كۆمەڵەو ڕێكخراوە عێراقیانە ئەگەر ڕاست دەكـەن با هەوڵبدەن لە كوردستانیش ئەو بڕیارانە جێبەجێبكرێت كـە لـە عـێـراق لـە بـەرژەوەنـدیـی ڕۆژنامەنووساندا دەردەچن، وەك پێدانی پێشینەی خانوبەرەو دەیـان بڕیاری دیكەی لەوجۆرە، نەك لە كوردستان سیمینار سازبكەن».


سـەنـدیـكـای ڕۆژنـامـەنـووسـان (١١) ساڵە دامـــەزراوەو بەرپرسانی پێیانوایە لەچەندین بواردا لە خزمەتی ڕۆژنـامـەنـووسـانـدا بـووە، پـرۆژەی پشتیوانیكردن‌و هـاوكـاریـكـردنـی ڕۆژنـامـەنـووسـانـیـش لـە ڕێـگـەی هاوكاریكردنی راگەیاندنی عێراقییەوە پشتیوانی دەكـرێـت‌و یەكەمجارە لە هـەرێـمـی كـوردسـتـان كۆمەڵەیەكی لەوجۆرە ئامادەیی خۆی نیشانبدات هاوكاریی دارایی‌و پشتیوانی‌و بەرگری لە مافی ڕۆژنامەنووسان بكات.

عەونی ئاماژە بەوەدەكات، كە بەپێی پێویست‌و بە بەردەوامیی كۆمەكی ئەو ڕۆژنامەنووسانەیان كردووە كە نەخۆش بـوون‌و لەماوەی كەمتر لە (٢) ساڵدا زیاتر لە (٥٠) ملیۆن دینار كۆمەك‌و یارمەتی دارایـیـان پێشكەش بە (٨١) ڕۆژنامەنووس كـردووەو پەیوەندییان بە وەزیـری تەندروستییەوە كـردووە بـۆئـەوەی لە ڕووی تەندروستییەوە خزمەتی زیاتر بە ڕۆژنامەنووسان بكرێت «ئێستا چاوەڕێی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەكەین بۆ ئەوەی بڕیاری پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریی تـەنـدروسـتـی لـە كـوردسـتـانـیـشـدا جێبەجێبكرێت، بـەڵام ئەو كارانەمان نەكردووەتە پڕوپاگەندە بۆخۆمان وەك ئەوەی ئێستا ئەو كۆمەڵەیە دەیكات».

# خـاشـاك پـایـتـەخـتـی كـــوردسـتـان دادەپـۆشـێـت

**ئارام شێخ وەسانی**





خۆڵ‌و خاشاك بەشێكی زۆر لە شەقام‌و كۆڵانەكانی هەولێری پایتەختی كوردستان دادەپۆشێت، ئەوەش بەوهۆیەوە كە كۆمپانیای پاككەرەوەی ناوشار نەیتوانیوە ئەركەكانی خۆی جێبەجێبكات.


ئەركی پاككردنەوەی شاری هەولێر دراوەتە كۆمپانیای جەنائین، بەپێی ڕێكەوتنی شارەوانی هەولێرو كۆمپانیاكە «دەبێت خاشاكی هەموو ناوشار كۆبكرێتەوەو ببرێتە كانی قرژاڵە، كە ناوچەیەكە لە دەرەوەی هەولێر»، بەڵام دوای ماوەیەكی كورت لە كاركردن كۆمپانیاكە نەیتوانیوە لە كارەكانی سەركەوتووبێت‌و لە بەشێكی مەرجەكان لایداوە، بەشێوەیەك كە پێویستە كۆمپانیاكە لە ڕێگەی ئامێری تایبەتەوە خاشاكەكان لەیەك جیابكاتەوە، بەڵام هێنانی ئەو ئامێرانە نزیكەی (٢) ساڵ دواكەوت‌و بەپێی گرێبەستەكە كۆمپانیاكە گرەنتی (٢٠) ساڵ دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەوكارە، بەڵام تائێستا هیچ شتێك لەو ڕووەوە نەكراوە.

هەروەك بەهۆی ئەو سەرپێچیانەی كە كۆمپانیا ئەنجامیداوەو گرێبەستەكەی جێبەجێ نەكردووە، تائێستا چەندجارێك سزای مادیی دراوە، بەشێوەیەك كۆی سزاكانی گەیشتووەتە نزیكەی (٢) ملیۆن دۆلار، بەڵام سەرباری ئەوەش بارودۆخی شارەكە وەك خۆیەتی‌و لە ئێستادا چەندین گەڕەك هەیە ئۆتۆمبێلی خۆڵڕشتنی بۆ ناچێت، ئەوەش جگە لە بەخشینی سیمای ناشرین‌و بێزاركردنی هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لێدەكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا پارێزگاو شارەوانی هەولێر ڕێگەچارەیەكی گونجاویان بۆ ئەو گرفتە نەدۆزیوەتەوە.

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر، نكوڵی لە بوونی ئەو گرفتە ناكات‌و لە لێدوانێكیدا لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «بۆ چارەسەری ئەو كێشەیە لە ناو شاری هەولێردا لیژنەیەك لە نوێنەرانی هەر ٦ شارەوانی ناوشار بە سەرپەرشتی قایمقامی هەولێر پێكهێنراوەو وتیشی ئامانجی‌لیژنەكەش بەدواداچوونی كێشەی بنەڕەتییە بۆ كێشەكەو لێپێچینەوەپێویستە لە بابەتەكە».



# یەکێتیو گرفتی حوکمڕانی



بابەکر درەیی

**ئەڵقەی دووەم**
**مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن**

هەڵبژاردنەکانی تەمموز زۆر شتی لەسەر ئاستی کوردستان گۆڕی.

وەرچەرخان تەنیا لەو مەسەلانەدا روویندەدا کە بە بەرچاوی خەڵکەوەن و سەرجەم هاوڵاتییان هەست بە باشییەکانی دەکەن، بەڵکو لە شێوازی بیرکردنەوەو حاڵەتی نەفسیو رۆحی سیاسەتمەدارەکانی وڵاتیشدا «گۆڕان»ی نوێو ریشەیی هاتووەتەئاراوە.

ئەگەر خودی پێکهاتنی گروپێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لە پەرلەمانی کوردستاندا بە پشتیوانیو هاوکاری دەزگایەکی میدیایی راستگۆ بەشێک بێت لەو دیاردە تازەیەی لە دنیای سیاسەتی کوردیدا پەیدابووە، ئەوا لە بەرەی ناکۆکداهێزەدەسەڵاتدارەکانو نوێنەرە پەرلەمانییەکانی بە ئاشکرا راستگۆییان بەرەو لاوازییو بیرکردنەوەی لوجیکیان بەرەو فەوتان هەنگاودەنێت.

بێگومان بەرپابوونی فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆنی عەدالەتخواز بە ئامادەییەکی کامڵەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کەموکورییەکانی سیستەمی حوکمڕانیو خستنەڕووی پێشنیازی عەمەلیو گونجاو بۆ بەرەوپێشبردنی شێوازی حوکم لە وڵاتدا سەرجەم رەهەندە سیاسییەکانی هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموز لەخۆ ناگرێت، چونکە ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە سەنگەری بەرامبەریشدا کاریگەریی نواندووەو مۆری خۆی لە مەسەلەکان داوە، ئەگەر لە یەکەم سەرنجدا فەوزای فیکریو نائامادەیی سیاسییو تێکەڵکردنی چاکو خراپی کاغەزەکان وەک بەرهەمو کاریگەرییو شۆکی (٢٥)ی تەمموز لەسەر «لیستی کوردستانی «دابنێین بە هەڵەدا نەچووین».

نائامادەیی سیاسییو چاونووقاندنی رکەبەرەکانی لیستی گۆڕان لە حەقیقەتە یاساییەکان چووەتە ئاستێکەوە کە ناکرێت باس نەکرێت.

ئەوەی لەم وتارەدا ئاماژەی بۆ دەکەینو بە بەڵگەوە دەیسەلمێنین، رەفتارێکە کە شوێنو رێزی لیستی کوردستانی لە پەرلەماندا بەتەواوی دەخاتەژێر زەرەبینی بەرپرسیارێتی جدییەوەو ئەوانەشی کە لەسەر دووبارەکردنەوەی سیاسەتەکانیان بەردەوام دەبن دەخاتە بەردەم لێپرسراوێتییەکی سیاسییو مێژوویی نەبەخشراو.

هۆکاری ئەم رایەشمان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە «لیستی کوردستانی» لیستی هاوپەیمانێتی زۆرینەی ناو پەرلەمانەو ئەگەر ئەم زۆرینەیە نەزانێتو نەتوانێت ئەو دەنگانەی لە متمانەی خەڵکەوە وەریگرتووە بە ئاقاری راستو دروستو لە بەرژەوەندیی میللەتدا بەکاربهێنێت، ئەوا خەڵک مافی ئەوەیان دەبێت بەو چاوەوە سەیریان بکەن کە شایستەنو لە کاتو ساتی خۆیدا ئەوەی راستییەو پێویستە، بەچاویاندا بدەنەوە.

رۆژی (٢٠٠٩/٩/٩) پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆیی بەستو لەم کۆبوونەوەیەدا مەسەلەی هەموارکردنی ناوی لیژنەکانی پەرلەمان قسەو باسی لەسەر کرا.

بەپێی «پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان» کە لە ساڵی (١٩٩٢)دا پەسەندکراوە، لیژنەی ژمارە (١٣) لە پەیڕەوی ناوخۆدا تایبەتە بە پێشمەرگەو بەمجۆرە دارێژراوە:

«سیانزەیەم: لیژنەی کاروباری پێشمەرگە:لەوکاروبارانەدەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە پێشمەرگەو یەکخستنی هێزەکانییەوە هەیە».

هەڵبەت ئێمە ناچینە سەر ئەو باسەی کە لە ساڵانی رابردوودا لیژنەی کاروباری پێشمەرگە چی کردووە بۆ یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵکو پرسیارەکەمان ئەوەیە: بۆچی فراکسیۆنی زۆرینەی پەرلەمان دژی ئەو پێشنیازەی فراکسیۆنی گۆڕان وەستانەوە کە بۆ گۆڕینی ناوی لیژنەکە خرایەڕوو بەجۆرێک کە لەنێوان دوو کەوانەدا زاراوەکانی «پاسەوانی هەرێم»یش بۆ ناوی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە زیادبکرێت؟ لە حاڵێکدا پێشتر، خودی پەرلەمانی کوردستان ئەو وشانەی پەسەندکردوونو لە یاسای سەربەخۆدا دایڕشتوون؟

بۆچی لیستی زۆرینەی پەرلەمان هەر شتێک فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیازی بکات، رەتیدەکاتەوە، ئەگەر تەنات لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی کوردستان یان تەنانەت لە بەرژەوەندیی هێزێکی وەک هێزی پێشمەرگەشدابێت کە سەرجەم حیزبە دەسەڵاتدارەکان شینو واوەیلای بۆ دەکەنو بە ناوهێنانی وا خۆنیشاندەدەن کە بە ئەندازەی بیلبیلەی چاویان خۆشیان دەوێتو دڵی رادەگرن؟

**بۆچی لیستی زۆرینەی پەرلەمان هەر شتێک فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیازی بکات، رەتیدەکاتەوە، ئەگەر تەنات لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی کوردستان یان تەنانەت لە بەرژەوەندیی هێزێکی وەک هێزی پێشمەرگەشدا بێت کە سەرجەم حیزبە دەسەڵاتدارەکان شینو واوەیلای بۆ دەکەنو بە ناوهێنانی وا خۆنیشاندەدەن کە بە ئەندازەی بیلبیلەی چاویان خۆشیان دەوێتو دڵی رادەگرن؟**

پێشنیازی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ دەقە یاساییەکەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەوەبوو، کە لەپاڵ ناوی پێشمەرگەدا زاراوەی (پاسەوانی هەرێم)یش دابنرێت، تا لەلایەکەوە بتوانرێت ئەو ئیمتیازاتە زۆرانەی پاسەوانی هەرێم لە بەغدا هەیەتیو دەستوورو حکومەتی ناوەندیی دانی پیادەنێت، دەستەبەربێتو لەلایەکی دیکەشەوە سەربەخۆیی پێشمەرگە وەک دەزگایەکی سەربازی نەتەوەیی رابگەیەنرێتو بەتەواویی ببێتە پاسەوانی هەرێمو لە دەسەڵاتی حیزب جیاببێتەوە، سوودی ئەمەش لە بنچینەوە ئەوەیە کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان نەتوانن پێشمەرگە وەک کۆیلەی سیاسیی سەیربکەنو بۆ شەڕو ئاژاوەی ناوخۆیی بەگژ یەکتریدا بکەن، لەهەمانکاتدا ئەوەشە کە پێشمەرگە وەک مرۆڤی خاوەن کەسایەتیو سەربەخۆ تەماشابکرێتو ئەو ئیمتیازاتانەی لە بەغدا هاوپیشەکانیان هەیانەو چەندقاتی مووچەی کوردستانە بکەوێتە بەردەستیان.

لیستی کوردستانی دژی ئەوە وەستایەوە کە زاراوەی «پاسەوانی هەرێم» بۆ ناوی لیژنەی پێشمەرگە زیادبکرێت، تەنیا لەبەرئەوەی «فراکسیۆنی گۆڕان» داوای کردبوو، بەڵام ئەو سەرپێچیو خۆنەبانکردنە لەکاتێکدایە کە جگە لە برگەی پێنجەمی مادەی (١٢١)ی دەستووری فیدراڵی، دوو یاسای پەسەندکراو لە خودی پەرلەمانی کوردستاندا ناونانی پێشمەرگەیان وەک «پاسەوانی هەرێم» پەسەندکردووەو بەمجۆرەی خوارەوە ناساندوویانە:

یاسای یەکەم: یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێمی کوردستان) ژمارە (٣٨)ی ساڵی (٢٠٠٧) کە لە مادەی یەکەمیدا بەمجۆرە دەقی داوە:

«مادەی یەکەم:

برگەی چوار/ فەرماندەیی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە (زێرەڤانی هەرێم) دەسەڵاتی باڵای پێکهاتەکانی هێزە چەکدارەکانی کوردستانە».

برگەی پێنج/ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان (زێرەڤانی هەرێم) بریتییە لە هەموو پێکهاتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر لە سەربازەوە تاکو دەگاتە بەرزترین پلەی سەربازی».

حەتمەن بەڕێزان لە لیستی کوردستانی، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ مێژووی عەرەبو ئیمپراتۆریای «لم»دا سەروکاریان زۆرترە، دەزانن و هەقە بزانن کە تەرجومەکراوی «زێرەڤانی هەرێم» بۆ عەرەبی هەمان «حرس الاقليم»و پاسەوانی هەرێمەکەی خۆمانە کە بە هەزار حاڵو ئەحواڵ لە دەستووری عێراقدا جێگەی کراوەتەوەو ئێستا بەڕێزانی پەرلەمانتار ئامادەنین مووچەکەی بەغداشیان پێ رەوا ببینن!!

یاسای دووەم: بریتییە لە «پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان» کە لە (٢٠٠٩/٦/٢٤)دا پەرلەمان پەسەندیکردووەو ئاشکرایە کە فراکسیۆنی «لیستی کوردستانی» ناتوانێت وای دابنێت کە بۆ ئەوان قابیلی پشتگوێخستنەو لازم الاجرا نییە.

پرۆژەی دەستووری هەرێم بەمجۆرە سەبارەت بە پاسەوانی هەرێم دەقی دارشتووە:

«مادەی (١٢)

هەرێمی کوردستان، بەپێی برگەی (پێنجەم)لەمادەی(١٢١)ی دەستووری فیدراڵی هێزێکی پێشمەرگەی بەرگریکار هەیە بۆ پاسەوانی هەرێم کە پێکهاتەو ئەرکەکانی بە یاسایەک رێکدەخرێنو نابێت میلیشیای چەکداریی لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا پێکبهێنرێت».

کەواتە هەقمانە بپرسین: بۆچی پەرلەمانتارانی لیستی کوردستانی بەگشتییو بەشی «سەوز»ی ئەو لیستە بەتایبەتی دەیانەوێت بە هەقو ناهەق بە گژ هەر پێشنیازو بۆچوونێکدا بچنەوە کە لە گۆڕانخوازەکانەوە پێشکەشدەکرێت؟

ئایا رەوایە لیستی کوردستانی لە شوێنێکی پیرۆزی وەک پەرلەمانی کوردستاندا ببێتە جادەسافکەری ئەو هێزو لایەنانەی دەیانەوێت تا هەتایە پێشمەرگە هەر میلیشیایەکی چەکداربێتو بە نانی مەمرەو مەژی مەکتەب سیاسییەکانو بڕیاری کەسانی دەرەوەی حکومەت بەڕێوەبچێت؟

ئایا شایستەی ئافەرینن ئەوانەی نازانن پێش ساڵێک پەرلەمانی کوردستان چ بڕیارێکی بۆ پێشمەرگە دەرکردووەو ئێستا دەبێت رۆژنامەنووسو دڵسۆزانی دیکەی دەرەوەی پەرلەمان قانونەکانی بەغداو پەرلەمانەکەی خۆمانیان بۆ شیتەڵبکەنەوەو وەبیریان بێننەوە کە هێندە لە خەیاڵی دژایەتیو دوژمنایەتی ئەموئەودا نەبن؟

هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزو بازووی هەموو خەڵکی کوردستانەو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەرکیانە پێش هەر کەسێکی دیکەی ئەم وڵاتە داکۆکی لە هەبوونو مانەوەو کەرامەتی ئینسانیو شێوازی ژیانو مووچەی رەوایان بکەنو پێش هەر هاوڵاتییەکی کوردستان بە یاسا ( بەڵێ بە یاسا) لە بن دەستو چەپۆکی حیزبیە کورتبینو بەرژەوەندیپەرستو خۆپەرستەکان دەربازیان بکەنو وەک پیاوی نەترسو بوێرو ئازا بیانپارێزنو بە واقعی ژیانیان خۆشبکەنو سەرئەنجام وەک لەشکرو پاسەوانی راستەقینەی هەرێم بە رەسمیی بیانناسن.

---

# لیژنەکانی پەرلەمان «ناوگیربن»



مەجید ساڵح

برادەرێکم هەیە، منداڵە (٣) ساڵانەکەی زۆر عەکسە، هەرچی پێ بڵێت ئەو پێچەوانەکەی دەکات.

لەم شەوانەدا چووبوو بۆ ماڵی مامی، کە دراوسێی خۆیانە. شەو درەنگی کردبوو، مامی هەرچی پێوتبوو بچۆرەوە دایکت چاوەڕوانتە، ئەو وتبووی ناچمەوە، چەند جارێک دووبارەی کردبووەوە، بەڵام فایدەی نەبوو. ناچار مامی پێیوتبوو: مەچۆرەوە، دایکت چاوەڕوانت ناکات! منداڵەکە وتبووی وەڵڵا دەچمەوە دایکم چاوەڕوانمە. بەمشێوەیە تا بەردەرگای ماڵی خۆیان رەوانەی کردبوو، لەبەر دەرگای حەوشە مامی لێی پاڕابووەوە: «کورە نەچیتەوە کەس چاوەڕێت ناکات». منداڵەکەش دەرگای ماڵی خۆیانی توند پێوەدابوو، وتبووی: ئەوەنییە چاوەڕوانمن، دەچمەوە.

لەو سێو چوار دانیشتنەی پەرلەماندا، کە حەسرییەن لە کەناڵی «نەورۆز» پەخش دەکرێت، بۆم دەرکەوتووە پەرلەمانتارەکانی سەر بە یەکێتیو پارتی هەمان میکانیزمی ئەو منداڵەیان گرتووەتەبەرو ئەوەی لە دەمی ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕانو چاکسازییەوە بێتە دەر، یەکسەر ئەوان دەکەونە خۆیانو عەکسەکەی ئێژن.

کاتێک یەکێتیو پارتی ناوی کاندیدەکانی خۆیانیان راگەیاند، هەندێک ناوی تێدا بوو کە ئۆمێدی ئەوەیان لێدەکرا وەک قاز بە دوای سەرۆکی فراکسیۆنەکەیاندا نەقیقێنو خاوەنی ئیرادەو راو بۆچوونی خۆیان بن، بەڵام تەنیا لە سێ دانیشتنی سەرەتای پەرلەماندا دەرکەوت، کە قیقەی ئەوان گەر زیاتر نەبێت هیچ کەمتر نییە لە قیقەی ئەوانی دیکە.

ئەگەرچی ناونانی لیژنەکانی پەرلەمان ئەهمیەتێکی ئەوتۆی نییەو ناوەڕۆکو ئەوانەی تێدا دەبنە ئەندام گرنگە، بەڵام ئەندام پەرلەمانتارەکانی یەکێتیو پارتی پێیانوایە شکستهێنان بە فراکسیۆنی گۆڕانو چاکسازیی لەوەوە دەستپێدەکات، کە گۆڕانو چاکسازیخوازان هەرچییەکیان وت، ئەوان دەنگ لەسەر عەکسەکەی بدەن. کۆمیدیای شەڕە لیژنەکانی پەرلەمانتارانی یەکێتیو پارتی کاتێک دەستیپێکرد، کە «رۆشنبیری»و «شوێنەوار»و «راگەیاندن»یان بۆ لیژنەی «پەیوەندییەکان» زیاد کرد. بۆ زانیاری پەرلەمانتارانی کوردستانو سەرۆکی پەرلەمان، لە پەرلەمانی عێراقو هەموو پەرلەمانەکانی دونیادا، لیژنەی پەیوەندییەکان بە یەکەمینو گرنگترین لیژنە دادەنرێت. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لە بواری پەیوەندییەکان دەبنە ئەندامی ئەو لیژنەیە. «رۆشنبیری»و «شوێنەوار»و «راگەیاندن»و «پەیوەندییەکان» لە چییاندا لە یەک دەچن؟

ئەم کارەی پەرلەمانتارانی یەکێتیو پارتی ئەو وتەیەم بیر دەهێنێتەوە، کە جاران عێراقییەکان بە کرێکارە میسرییەکانیان دەوت؛ «بتاع كلو»، چونکە میسرییەکان هەموو جۆرە کارێکیان دەکرد. وادیارە ئەوانەی دەبنە ئەندامی ئەم لیژنەیە فرە پسپۆڕنو لە یەک کاتدا لە چوار مەسەلەی جیاجیا شارەزاییان هەیە؟؟!

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم «لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدانو قوربانیانی جینۆساید»ە. جارێ با لە پێشدا باس لەو فرمێسکە تیمساحیانەی هەندێک پەرلەمانتاری یەکێتیو پارتی بکەم، کە بۆ پێشمەرگەو قوربانیانی ئەنفالو جینۆسایدی دەرێژن. یەکێتیو پارتی کە ئەوەندە دڵسۆزی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەن، بۆ جارێکیش داوای لێبووردنیان لێناکەن، کە بە ناحەق لە شەڕی ناوخۆدا بە هەزارانیان لێدانە کوشتو هێشتاش چارەنووسی دەیان کەسیان دیار نییە.

بۆ باس لەوە ناکەن، کە بە چەند مانگ جارێک پارەیەکی کەمیان لەو بودجەیەی کە مانگانە (٣٥) ملیۆنی لێ لادەدەن، دەدەنێ؟ ئەو نەتەوەپەرەستییە موزەیەفەی کە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حیزبی خۆیان بەکاریدەهێنن، لە ناوی لیژنەیەکدا کەم دەکەنەوە.

پێشمەرگە بەشێکی گرنگی سیستمی بەرگریکردنی وڵاتە لە هەڕەشەی دەرەکی، بەڵام هاوشان لەگەڵ پێشمەرگەدا هێزەکانی ناوخۆ (ئاسایشو پۆلیسو دەزگای هەواڵگریی) بوونیان هەیەو پێویستە لەلایەن پەرلەمانە هەم چاودێریی بکرێنو هەمیش کار بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان بکرێت. بۆیە کاتێک پەرلەمان تەنیا ناوی پێشمەرگە دەهێنێتو ئەوانی دیکە پشتگوێدەخات، زوڵمێکی زۆر لەو دامەزراوە گرنگانەی دیکە دەکات، کە بەشێکن لە سیستمی بەرگریکردن لە کوردستان. هەربۆیە وا باشتر بوو وەک چۆن لیستی گۆڕانو چاکسازی داوای دەکرد لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، وەک لە پەرلەمانی عێراقدا هاتووە «لیژنەی ئاسایشو بەرگریی» بێتو پێشمەرگەو ئاسایشو پاسەوانی سنوورو پۆلیسی ناوخۆش بگرێتەخۆ. سەبارەت بە شەهیدانو قوربانیانی جینۆسایدیش دەکرا لەبەر زۆری ئەو توێژە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، لیژنەیەکی سەربەخۆو تایبەتی بۆ دروست بکرێتو راگوێزراوو زیندانیانی سیاسییو دوورە وڵاتیشی بخرێتە پاڵ. ئاخۆ پەرلەمانتارەکانی یەکێتیو پارتی چ مەرامێکیان هەیە لەوەی هیچ رەبتێک نەبێت لەنێوان ناوەڕۆکو ئەرکو مەهامو ناوی ئەو لیژنانە. تاکە مەرامێک کە من پەی پێ دەبەم ئەوەیە، لە ئایندەدا ئەو لیژنانە پێیان نەکرێت بە ئەرکەکانیان هەستنو ئیفلیجو ناکارابن.

وەک لە سەرەتادا نموونەی منداڵەکەمان هێنایەوە، پێدەچێت لەمەولا پەرلەمانتارانی لیستی گۆڕانو چاکسازی ناچاربن میکانزمێکی نوێ بگرنە بەرو پێچەوانەی ئەوەی لە حەقیقەتدا دەیانەوێت بیخەنەڕوو، بۆ ئەوەی برادەرانی یەکێتیو پارتی ورک بگرنو لە دژی دەنگ بدەن.

## ئەردۆغان جەخت دەکاتەوە، جەماوەر پشتگیریی دەکات

# چارەسەری پرسی کورد لە پڕۆژەی حیزبەوە بۆ پڕۆژەی دەوڵەت

ئارام شێخ وەسانی


ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا

### ڕاپرسییەکان‌و ئەنجامی باش

پڕۆژەی کرانەوە بەڕووی کورددا لە تورکیا بووەتە بابەتی سەرەکی هەموو چین‌و توێژەکان، ڕۆژ بەڕۆژ پشتگیرییە جەماوەرییەکانی ئەو پڕۆژەیە لە زیاد بووندان، هەوڵەکانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان‌و ئەندامانی باڵای پارتی دادو گەشەپێدان بەردەوامن لە کۆبوونەوەو دانشتنیان لەگەڵ چین‌و توێژەکاندا بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی جەماوەری گەورە بۆ پڕۆژەکە، ئەوەی تائێستا ڕێگری سەرەکی پڕۆژەکەی ئەردۆغانە، بریتییە لە هەردوو پارتی توندڕەوی تورکیا (مەهەپەو جەهەپە)، هەروەها بەشێک لە سووپاش تائێستا ناڕازییەو پشتگیریی پڕۆژەکە ناکات، بەپێی ئەو ڕاپرسیانەی کە دەزگاو سەنتەرەکانی ڕاپرسی لە تورکیا ئەنجامیانداوە، دەرکەوتووە، کە (٨٥٪) خەڵکی تورکیا پشتگیریی بەدیموکراتیکردنی وڵاتەکەیان دەکەن، هەروەها (٦٥٪) خەڵکی تورکیاش پشتگیریی چارەسەری پرسی کورد دەکەن،

بەپێی ڕاپرسییەکە، کە ئەنجامەکانی لە چەند سایت‌و ڕۆژنامەیەکی ناوخۆی تورکیا بڵاوکرانەوە هاتووە، کە ڕێژەی پشتگیریی لە چارەسەری پرسی کورد ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە، ئەم ڕاپرسییە کە لەلایەن سێ دەستەی ڕاپرسی ئەنجامدراوە لە دوانزە پارێزگای تورکیا، ئەنجامەکانیش بۆ بەرپرسانی حیزبەکەی ئەردۆغان دڵخۆشکەرن.

هێمن میرانی مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین‌و شارەزا لە کاروباری تورکیا بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەپێی ئەو هەموو کۆبوونەوانەی ئەردۆغان‌و حکومەتەکەی بێت لەگەڵ چین‌و توێژەکانی تورکیا پڕۆژەکە بەرەو فراوانییەکی گەورە دەچێت، ئەگەرچی وەک بەپرسان خۆیان ئاماژەیان پێداوە هێشتا پڕۆژەکە تەواو نەبووە، بەڵام کۆبوونەوەکانی بەشیر ئاتلای مانای ئەوە دەدەن، کە دەیانەوێت پڕۆژەکە فراوان بکەن».

### جەماوەر لەپشت پڕۆژەکە

وێڕای ئەنجامی ڕاپرسییەکان، لە تورکیا زیاد لە (٢٥٠) ڕێکخراوو کۆمەڵەی حکومیی‌و ناحکومیی پشتگیریی خۆیان بۆ پڕۆژەکەی ئۆرۆدگان لەمەڕ چارەسەری پرسی کورد نیشانداوە، هەروەها بەپێی ئەو زانیارانەی کە دەست ڕۆژنامەی (تورکش دەیلی نیوز) کەوتوون ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەوڵی ئەوەدان زیاتر تورکیا هانبدەن بۆ ئەوەی لەسەر پڕۆژەکە بەردەوام بێت‌و بەربەستەکانی بەردەم پڕۆژەکە لاببرێت، سەبارەت بە زیادبوونی پشتگیریی لە پڕۆژەکەی ئۆرۆدگان، هێمن میرانی دەڵێت:

«پرسی کرانەوە بەڕووی کورددا ئێستا لە گەورەبووندایە، بەرپرسانی پارتی دادو گەشەپێدانیش دەیانەوێت ئەو بابەتە لە پڕۆژەیەکی حیزبەوە بکەنە پڕۆژەی حکومەت‌و دەوڵەت‌و جەماوەر بۆ ئەوەی گرەنتی سەرکەوتنی پڕۆژەکە هەبێت لە هەموو لایەنەکان، چونکە ئۆرۆدگان ئەزموونی ئەوەی هەیە ئەگەر پڕۆژەکە بەم ئاقارەدا نەبات واتا پشتگیریی تەواوی جەماوەرو دەوڵەت لەمەڕ پڕۆژەکە وەرنەگرێت مەترسی سەرنەکەوتنی پڕۆژەکە هەیە، هەروەک ئەوەی ڕوویدا لە پڕۆژەی حیجاب، بۆیە کۆبوونەوەی بەردەوامی بەرپرسانی دادوگەشەپێدان لەگەڵ لایەنە جیاوازەکان مانای ئەوە دەگەیەنێت ئەردۆغان وێڵە بە دوای ئەو پشتگیرییە جەماوەرییە».

### پرس بە کوردی عێراق دەکرێت

سەردانەکەی شاندی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات بۆ هەولێرو سلێمانی کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی کورد، بۆ جاری دووەم مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە تورکیا ئەو بابەتە بەشێوەیەکی گرنگ شیدەکاتەوە، لە هاوکێشەی چارەسەرکردنی پرسی کوردی تورکیا خاڵێکی بەهێز هەیە، ئەویش کوردەکانی عێراقە، لە کۆبوونەوەکانی ڕابردووی نێوان بەرپرسە تورکەکان‌و کوردەکان لە بەغداو هەولێر بەردەوام ئەوە باسکراوە، کە هەرێمی کوردستان وەک هاوسنوور لەگەڵ تورکیا کاریگەر لەسەر ئاستی گشتیی کوردی تورکیا بە گرنگ ئەژمار کراون، بەپێ شرۆڤە سادەکانی سەردانەکەی ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات‌و شاندی یاوەری بۆ ئەوەیە، کە ئایا پرۆسەی کرانەوەی ئەردۆغان بۆ پرسی کورد پشتگیریی لێدەکرێت یان نا؟؟، هەر هەمان کات لە کۆبوونەوەکان‌و ڕاگەیاندنەکان بڵاوکرایەوە، کە کوردی عێراق پشتگیریی چارەسەرەکان دەکات، هێمن میرانی سەبارەت بە هاتنەکەی ئەحمەد تورک بۆچوونی وایە؛ کە تورکیا مەبەستیەتی هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بزانێت سەبارەت بە پڕۆژەکە، بەڵام نایەوێت بەشێوەیەکی فەرمی حکومەت خۆی ئەو بابەتە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکاتەوە، بۆیە ئەحمەد تورک‌و شاندەکەی بەشێکن لەو سیناریۆیەی کە لە بابەتی پرسپێکردنەکەدا هەیە» ئێمە لەوە دڵنیاین، کە ئێستا حکومەتی تورکیا هەموو هەڵوێستێکی هەرێمی کوردستان بەگرنگ وەردەگرێت، هەروەها لە دوای ئەوەی پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەتەوە کۆبوونەوەکانی ئۆزچەلیک‌و بارزانی کۆبوونەوەکانی بەغدای بەرپرسە تورکەکان‌و هەرێمی کوردستان، بابەتی هاوکاریی هەرێمی کوردستان لەمەڕ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا حیسابی گەورەی بۆ دەکرێت، چونکە کوردستان هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا هەروەها کاریگەریشی هەیە لەسەر کوردەکانی ئەو وڵاتە، ئەگەر لەبری ئەو سەردانەی ئەحمەد تورک بەرپرسێکی باڵای تورکیا سەردانی هەرێمی کردبا، ئەوا ئێستا خوێندنەوەی جیاوازتر دەکرا بۆ بابەتەکە، ئەگەرچی هەمان بابەت ڕوودەدا، چونکە لە ئێستادا تورکیا نایەوێت بەشێوەیەکی فەرمی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بخاتە گەڕ، چونکە بە بڕوای خۆیان کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کۆی گشتیی ڕای تورکیا دەبێت».

## دەنگدانەوەی میدیا

# بایدن: کێشەی کەرکوک بە هەڵبژاردن چارەسەر ناکرێت

شاڵاو فەتاح

### ڕۆیتەرز: بایدن کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان لە بازنەی هەڵبژاردندا چارەسەر ناکرێت

لە سەردانی دووەمیدا بۆ عێراق جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فشار دەخاتە سەر سەرکردە کوردییەکان بۆ سازشکردن لەسەر مەسەلەی نەوت‌و خاک. بایدن دەڵێت: پێشبینی ئەوەم نەکردووە کێشەی نەوت‌و خاک لە نێوان کوردو شیعەی دەسەڵاتداری عێراقدا ببێتە کێشەیەک، کە هەڕەشە لە ئارامی ناوچەکە بکات»، لەگەڵ ئەوەشدا بایدن گەشبین بوو بەرامبەر ئەنجامی کۆبوونەوەکان‌و بێ ئاماژەکردن بە هیچ کۆبوونەوەیەک دەڵێت: «گەشبینم بەوەی حەزو ئارەزووی ڕاستەقینە بۆ سازشکردنێکی گونجاو هەیە». بەڵام هێشتا ئاماژەی ئەوە هەیە کە کوردەکان کە ماوەیەکی درێژ خەونیان بە دروستکردنی وڵاتی سەربەخۆی خۆیانەوە دەبینی، بیانەوێت سنووری ناوچەکەیان فراوان بکەن.

دواتر ڕۆیتەرز لەبارەی ترسی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی نیچوان کورد و عەرەب دەنووسێت؛ هەندێک ترسیان لەوە هەیە کە دوای گەشەکردنەوەی عێراق پێکدادان لە نێوان کوردو عەرەب لە ناوچە جێناکۆکەکان دروستببێت.

بایدن لە بارەی ئەو کێشەیەوە پێش ئەوەی بگاتە هەولێرو لە بەغدا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: «هەندێک کێشە هەن زۆر گەورەن‌و لە بازنەی هەڵبژاردندا چارەسەر ناکرێن.

هەندێک کێشەی وەک نەوت‌و خاک پێویستە تا هەڵبژادنی کانوونی دووەمی (٢٠١٠) دوابخرێن».

### ئاینە: ڕەنگە ستراتیژی نوێ، ئەمریکا بگەڕێنێتەوە ناو شەڕ لەعێراقدا

لە کاتێکدا کە ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بەرەبەرە کەم دەبێتەوە بەهۆی کشانەوەیان لە شارو شارۆچکەکاندا، حکومەتی عێراق ئەرکێکی نوێ دەخاتە بەردەم هێزەکانی ئەمریکا بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەک سەبارەت بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچە جێناکۆکەکان‌و بۆ ڕێگرتن لە شەڕی نەتەوەیی نێوان کوردو عەرەب، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە کاتێکدا ئەمریکییەکان بەنیازی ڕۆیشتنەوە بوون، دووبارە دەبێت بگەڕێنەوە.

لەم مانگەدا ژەنەراڵ ڕای ئۆدیرنۆ فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕایگەیاند: پێدەچێت لەگەڵ هێزە کوردییەکان‌و سوپای عێراق بگەڕێنەوە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، چونکە هێشتا عێراق پێویستی بە ئەمریکایە.

هەرچەندە پێشتر ئەمریکییەکان بڕیاری کشانەوەی تەواوەتیی‌و نەگەڕانەوەیان بۆ ئەو ناوچانەدا، بەڵام تەقینەوەی چەندین ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوو داوای مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و بارزانی سەرۆکی هەرێم وای لە ژەنەراڵەکان کرد، کە بیر لە میانگیریی بکەنەوە لە نێوان کوردو عەرەبی ئەو ناوچانەی، کە کێشەکانیان بۆ ماوەیەک دواخراون‌و پێدەچێت لە هەر کاتێکدا بێت بتەقنەوە، بەڵام مەترسیی لەوەدایە کە ڕێکخراوی قاعیدە سوود لەم هەلە وەربگرێت‌و هێزەکانی ئەمریکا بکاتە ئامانجی کارەکانی خۆی، دیارە ئەم ئەرکەی ئەمریکاش لەم ناوچەیەدا دەیخاتە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە.

### ئیراکی ئۆیل ڕیپۆرت: کوردەکانی موسڵ داوای سەربەخۆیی دەکەن:

کوردو عەرەبەکانی موسڵ لە کێشەو ململانێدان، کوردەکانی ئەو پارێزگایە داوای سەربەخۆیی دەکەن.

کوردەکان ئەوە ڕادەگەیەنن؛ کە سیاسەتمەدارە عەرەبەکانی ئەو پارێزگایە گەندەڵن‌و هەندێکیان دەستیان لەگەڵ چەکدارە یاخیبووەکاندا تێکەڵکردووە (وەک سەربازانی پێشووی سەدام حسێن).

کوردەکان جیا لەوەی گلەییان لە کەمی خزمەتگوزاریی هەیەو داوا لە حکومەتیش دەکەن کە ڕێگە لە تەقینەوەی بۆمبەکان بگرێت (چونکە زۆرێکیان پەیوەندییان بە جیاوازیی نەتەوەیی نێوان کوردو عەرەبەکانەوە هەیە). هەرچەندە کێشەی باکووری عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەریی بۆ سەر کێشەی کورد لە تورکیا نییە، بەڵام ڕادیکاڵەکانی پەکەکە خوازیاری ئەوەن، کە کێشەکان ببنە هۆی پاراستنی یاخیبوونەکەیان.

### ئەپستریم ئۆنلاین: هەورامی لە ناوەڕاستدا گیرا

ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان وەک نێوەند کاری کردووە لە نێوان کۆمپانیای (دی.ئێن.ئۆ)ی نەرویژی دۆزەرەوەی نەوتی و گەنەل ئینرێژی تورکی. لە مانگی شەشی ئەمساڵدا ئۆسلۆ بۆریس ئەوەی زانی کە کۆمپانیای دی.ئێن.ئۆ زانیاری تەواوی پێشکەش نەکردووە، هەرچەندە کۆمپانیاکە زانیویەتی کە پشکەکان فرۆشراون بە تاکە فرۆشیارێک کە پەیوەندی بە یەکێک لە پڕۆژەکانی کۆمپانیاکەوە هەیە.

بۆیە لێکۆڵینەوەکان دەریخست، کە ئاشتی هەورامی لەم مامەڵەیەدا وەک نێوەندێک کاریکردووە.

دۆکیۆمێنتەکانی ئۆسلۆ بۆرس ئەوە دەردەخەن کە ئاشتی هەورامی (٤٣,٩) بەشی کڕیوە لە مامەڵەکەدا، کە ئەمەش دەکاتە (٤,٨)ی گشت بەشەکانی کۆمپانیاکە.

ئۆسلۆ بۆرس ئاماژە بەوە دەدات، بەڵگەی تەواوی بەدەستەوەیە لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئاشتی هەورامیی‌و هێلج ئۆیدی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای (دی.ئێن.ئۆ)ی نەرویژی لەسەر مامەڵەکەیان.

### مەکتوب: حکومەتی هەرێم داوای قەرەبووکردنەوەی سومعەی خۆی لە دی.ئێن.ئۆ دەکات

دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنن کە ماوەی شەش هەفتەیە گومانیان لەسەر کۆمپانیای نەوتی (دی.ئێن.ئۆ)ی نەرویژی دروستکردووە، ئەم وتەیەش لە وێبسایتی فەرمی حکومەتی هەرێمەوە بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا کارەکانی کۆمپانیاکە بە «هەڵەیەک کە ناتوانرێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە» لە قەڵەم دەدات.

داواش لە دی.ئێن.ئۆ کراوە، کە قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە کە لە سومعەی حکومەتی هەرێمی داوە.

لەمبارەیەوە ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم لە وتەیەکدا کە لە وێبسایتی ڕەسمیی (دی.ئێن.ئۆ)ش بڵاوکرایەوە دەڵێت: «تەواوی ناردنە دەرەوەی نەوت دەوەستێت‌و پێویستە (دی.ئێن.ئۆ) هیچ قازانجێکی بەرنەکەوێت لەم ماوەیەدا». ئەم لێدوانە دوای بڵاوبوونەوەی زانیاری کڕینی بەشی نهێنی دێت لەلایەن وەزیری سامانە سروشتییەکانەوە.

هەر لەبارەی ئەو ڕووداوەوە حکومەتی هەرێم بەڕەسمیی ڕایگەیاند، «ئێمە هیواخوازین هیچ یەکێک لە وەزیرو بەرپرسەکانمان ڕاستەوخۆ پشکدارو سودمەند نەبن لە گرێبەستەکاندا».

کۆمپانیای (دی.ئێن.ئۆ)ش بەرگری لە خۆی دەکات لە بەرامبەر ئەو زانیارییانەی «ئۆسلۆ بۆرس بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری» بڵاویکردووەتەوەو داوای قەرەبووکردنەوە دەکات‌و هەوڵەکەیان بە مەبەستدار دەزانێت.

# ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت، نانی ئەندازیارە ئەڵمانییەکەش دەبڕێتو دووچاری نەخۆشیی دەکات!



فایەق محەمەد گوڵپی

نانبرین نەک هەر کاردانەوەیەکی نا سۆسیال دیموکراتییانەی سەرکردایەتیی یەکێتییە، کاریگەری نایاساییەو لە پێوانەی کۆمەڵگەی کوردیشەوە دوورە

ساڵی (١٩٨٧) لەسەر جادەی سلێمانی- دوکان مەفرەزەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوو ئەندازیاری ئەڵمانییان دەستگیرکردبوو، هێنابوونیانە ناوچە رزگارکراوەکان، ئەندازیارە ئەڵمانییەکان زیندان نەکرابوونو لە بارەگاکاندا لەگەڵ پێشمەرگەدا دەژیـان، تا لە نزیکەوە لە ژیانی پێشمەرگایەتیو کێشەی کورد تێبگەن، لە درێژەی گفتوگۆکانی نێوان ئەندازیارە ئەڵمانییەکانو پێشمەرگەکاندا کۆمەڵێک هەواڵو قسەی سەرنجراکێش بـڵاودەکـرایـەوە، یـەک لـەو هـەواڵـە سەرنجراکێشانە ئەوەبوو، کە یەکێک لە ئەندازیارە ئەڵمانییەکان وتبووی، من ئەندامی حیزبی سۆسیال دیموکراتم، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیادا دەنگم بە لیستی (پارتی دیموکرات مەسیح)دا، پێشمەرگەکان بـە سەرسوڕمانەوە پرسیاریان لە هۆکاری ئەو هەڵوێستەی ئەندازیارەکە کردبوو و وتبوویان ئەی حیزبەکەت دەریان نەکردی؟، ئەندازیارە ئەڵمانییەکە وتبووی نا، لەبەرئەوە دەنگم بە لیستی حیزبەکەی خۆم نەداو دەنگم بە لیستی هلمۆت کۆڵی سەرۆکی حیزبی دیموکرات مەسیحدا، چونکە بەرنامەکەی حیزبی دیموکرات مەسیح لە بەرنامەی حیزبەکەی خـۆم باشتر بـوو، زیاتر خزمەتی وڵاتەکەمی دەکردو لە ئەڵمانیا نە حیزبو نە حکومەت لە سەر ئەو جۆرە هەڵوێستانە کەس سزا نادەن.

هەڵوێستی ئەو ئەندازیارە ئەڵمانییە لە هەڵبژاردنێکی وڵاتـی ئەڵمانیاداو بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە لەو کاتەدا کە حیزبە کوردستانییەکان لە پەتای حیزبایەتیدا بێهۆش بـووبـوونو تازە لە شـەڕی براکوژیدا هەستابوونەوە، کاریگەریی لە سەرم دانـاو تائێستاش لە بیرم نەچووەتەوەو ئاواتەخوازبووم ڕۆژێـک لـە ڕۆژان تاکەکانی گەلی کـوردو حیزبەکوردستانییەکان بگەنە ئاستێکی پێشکەوتنی شارستانیو نەتەوەییو دیموکراتی وا کە لاسایی ئەندازیارەئەڵمانییەکە بکەینەوەو هیچ حیزبو لایەنێکیش لەسەر هەڵوێستی سیاسیو دەنگدانی ئازادو نهێنی سزامان نەدات.

لە دوای ڕاپەڕینەوە کاتێک کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لە کێشەی قووڵی سیاسیو ئـیـداریو ئەخلاقیدا دەژیـان، وای بۆ دەچووم ئەگەر ئەو دوو حیزبە کەمێک خۆیان لە حیزبە سۆسیال دیموکراتو دیموکرات مەسیحەکانی ئەڵمانیاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپی نزیکبکەنەوە، بڕێک لە کێشەکانی خۆیان کەم دەکەنەوەو پێوەندیی نێوان حیزبەکانیانو جەماوەری کوردستان بـەرەو ئاساییبوونەوەو ئاشتبوونەوە دەبەن، پێش چەند ساڵێک (ی.ن.ک) بە ڕەسمیی لە ریزی سۆسیال دیموکراتی نێونەتەوەیی وەرگیراو لە ساڵی (٢٠٠٨)یشدا سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک) جەلال تاڵەبانی بووە جێگری سەرۆکی سۆسیال دیموکراتی نێونەتەوەیی، بوون بە سۆسیال دیموکرتی (ی.ن.ک)و پێگەی تاڵەبانی لە سۆسیال دیموکراتی نێودەوڵەتیدا، دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەی بە خۆیاندا بچنەوەو لە قۆناغی بێ ئایدۆلۆژیو بێبەرنامەیی دەربچنو گرفتە ڕێکخستنییەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام واقیع دەریخست کە سۆسیال دیموکراتییەکەی (ی.ن.ک)و تاڵەبانی تەنیا بە نـاوەو عەقڵییەتی دەسەڵاتخوازیو ڕۆحییەتی مادەپەرستی شوێنی بەرنامەو ئایدۆلۆژیای (ی.ن.ک)ی گرتووەتەوە، لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا دەرکـەوت کە (ی.ن.ک) فـڕی بـە سـەر سۆسیال دیموکراتەوە نییەو (پ.د.ک) فڕی بە سەر لیبراڵ دیموکراتو دیموکرات ئیسلامەوە نییە، ڕێگە نەدان بە لیستی هیوا بۆ ئەوەی بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمدا بکات، سەلماندی نە (ی.ن.ک) سۆسیال دیموکراتەو نە (پ.د.ک)یش دیموکرات ئیسلامە، دەنگدانی کارمەندانی حکومەتی هەرێم لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتیدا بە لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا، یەکێتی خستە بەر تاقیکردنەوەیەکی ئاسانی دیکەی سۆسیال دیموکراتبوون، ئەو هەڵوێستو بڕیارە نادیموکراتانەی سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک)و جێگری سەرۆکی سۆسیال دیموکراتی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە ئەندامو لایەنگرانی گۆڕان دایو کرداری بەرپرسەکانی حیزبو حکومەتی (ی.ن.ک) بەرامبەر بەو کەسانەی دەنگیان بە لیستی گـۆڕان دا، یەکێتی لە تاقیکردنەوەی سۆسیال دیموکراتەکەدا ڕاسب کرد.

ڕۆژانە کەناڵی تەلەفزیۆنی KNN گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسانە دەکات کە لەبەر ئەوەی دەنگیان بە لیستی گۆڕان داوە لە لایەن بەرپرسانی حکومیو حیزبییەوە لەسەر کارەکانیان دەرکـراونو نانبڕاوکراون، ئەمە نەک هەر کاردانەوەیەکی نا سۆسیال دیموکراتییانەی سەرکردایەتیی یەکێتییە، کارێکی نایاساییەو لە پێوانەی کۆمەڵگەی کوردیشەوە دوورە، هەفتەیەک لەمەوبەر یـەک لە نەخۆشەکانم کە دووچـاری کۆڵنجی ڕیخۆڵەکان (IRBS) بـووە، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کـردمو پێی وتـم بـاری تەندروستی بەرەو خراپتر دەچێت، وتم بۆ ئەوەی چاکبێتەوە نابێت خەم بخۆیت، ئەگەر خـەم بخۆیت نەخۆشییەکەت چاکنابێتەوە، وتی چۆن خەم نەخۆم لەبەر ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەی ڕۆژی (٧/٢٥) بوومە چاودێری لیستی گۆڕان لە کارەکەم دەریانکردمو ناردمیانەوە ماڵەوەو نانیان بڕیمو ئێستا نازانم چی بکەم؟

بە گـوێـرەی ئـەو زانیارییانەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاودەکرێنەوە، بڕیارەکانی دەرکردنو نانبڕینو هەڕەشەو گواستنەوەو نەخۆشخستنی لایەنگرانو ئەندامانی لیستی گۆڕان لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، هەر هەمووی لەلایەن خودی تاڵەبانی سکرتێری حیزبی سۆسیال دیموکراتو جێگری سەرۆکی سۆسیال ئینتەرناسۆناڵو سـەرۆک کـۆمـاری عێراقەوە دەردەچنو بەرپرسەکانی دیکە جێبەجێیدەکەن، بەمەش دەردەکەوێت کە هەڵوێستو بڕیارەکانی تاڵەبانی هێشتا لە پێوانەکانی سۆسیال دیموکراتەوە دوورنو ئاواتەکەی منو هەزاران پێشمەرگەی دیکە تائێستا نەهاتووەتە دی، کە تاکی کورد هێندەی ئەندازیارەئەڵمانییەکە ئازاد بێتو حیزبی کوردی هێندەی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی دیموکرات بێت، من وای بۆ دەچم، ئەگەر ئێستا تاڵەبانی ببێتە سکرتێری حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی، نەک هەر نانی ئەو کارمەندانەی حکومەتی هەرێم دەبڕێت کە دەنگیان بە لیستی گۆڕان داوە، نانی ئەو ئەندازیارە سۆسیال دیموکراتەش دەبڕێت کە پێش (٢٢) ساڵ لە هەڵبژاردنێکدا دەنگی بە حیزبی دیموکرات مەسیحی ئەڵمانی داوە.

# ئەسپ گالیسکەکە ڕادەکێشێت یان مرۆڤ؟



گۆریان

خەڵک ئاوەدانیو ڕۆشنایی و ژینگەی پاکو بووژانەوەی کەرتەکانی دەوێت، بە لیستێک ئەم ئەرکە جێبەجێ ناکرێت کە لەسەر هەر ڕەنگێک دوو سێ کورسی پەرلەمان چاوەڕوانی بکێشێت

لـە کـۆمـەڵـگـەی پـێـش پیشەسازیدا ئەسپ سیمبولی تـوانـاو هێز بـووە لە شەڕو ئاشتیدا، زۆرجار ئەم سیمبولە بە گیاندارانی دیکەی وەک هەڵۆو شێرو پڵنگ بەپێی شوێنو نەتەوەو جوگرافیا گۆڕانی بە سەردا هاتووەو لەو ڕێگەیەوە تـوانـراوە هـەسـتی مـرۆڤ ببزوێنرێتو بە کارو ئامانجی جـۆراوجـۆر بەکاربهێنرێت، بـــەڵام دوای شـۆڕشـی پیشەسازیو دروستبوونی کـۆمـەڵـگـەی مـۆدێـرن کە ئاڕاستەی مرۆڤایەتییان بە جۆرێکی دیکە وێنا دەکرد، ئەم سیمبولانە ئاوێتەی سروشتو واقیعی ژیانی خەڵک بوون وەک ئەوەی لە بیری سۆشیالیزمو کۆمەڵگەی لیبراڵدا دەبینرێت، تەنانەت بیری ئەو تەرزانەش لە خۆرهەڵاتدا کە بەرەو دیدێکی هەم سیکۆلارو هەم ئاینزایش دەڕۆیـشـت سیمبول وەک کردەیەکی مێژوویی گۆڕانی بەسەر هات.

بە داخـەوە لە زۆر شوێنی ئـەم دنـیـایـەدا کـە هێشتا ئەگەری دروستبوونی کۆمەڵی مەدەنیو فەلسەفەکانی جاڕی گەردوونیو مافەکانی مرۆڤ لە خەوو خەیاڵ نەبێت لە هیچی دیکە ناچێت، سیمبولی حیزبو ناوی کەس وەک تاکو ناوی حیزبو لایەن ئەو هێماو ناوانە دەگرێتەخۆی کە پاشکۆی بیری ئەو کۆمەڵگەیانەن کە گیاندارە بەهێزو بەتواناکانو دڕندەکان تیایدا بـەرجـەسـتـەبـووە لە مـێـژووی حـیـزبو لایـەنـی کـوردیو حیزبە ناسیۆلیستە عەرەبییەکانو پڵنگەکانی تامیلو هەروەها لە هەندێک سوپاو هێزی نیزامیشدا ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت، تەنانەت نـاوی کەسیش وەک تـاک، جـاران زۆر بە بەربڵاوییو ئێستاشی لەگەڵبێت کە وەک پاشماوە دەبینرێت، ناوێک کە هێمای جەربەزەییە دەلالەتی شکۆو ستایش بووەو کراوەتە شوناس.

ئەوەی پەیوەندیی بە ئێمەوە هەبێت ئەو گالیسکەیەیە کە مەدلولی ژیانە بۆ ئێمەو لە سەرێکەوە ئەسپ ڕایدەکێشێت لە سەرێکی دیکەوە مرۆڤ، بوونی حاڵەتێکی وا دەمانباتەوە سـەر ئـەو پـرسـیـارە هـەرە جـەوهـەریـیـەی کـە ئاخـۆ چ عەقڵێک لە پشتەوەی ئەم دوو جیهانبینییەوە بێت، چونکە هـەمـوو دەلالـەتـەکـانـی وەک ئەسپو مـۆمو گـوڵو ڕەنگ دوور لە هارمۆنیبوونیانو هێڵکاریی هەموو ئەمانە لە قوڵاییەکانیاندا باکگراوندێک هەیە کە هەریەکەیان گوزارشت لە جیهانبینییەک دەکـات کە دەتوانین لەو ڕێگەیەوە کەشفی ئەو دەلالەتانە بکەین کە خۆیان مەڵاسداوەو پێویستی بەوە هەیە تەرەدودەکانی بدۆزینەوەو لە کاتی خۆیدا ئۆکەییان لەسەر بکەین، بۆ ئـەوەی کە وێنەو دەنـگو ڕەنـگـی هـەمـوو ئەو کەناڵانەمان بۆ ڕوونببێتەوەو بە مەجهولیو لە چوارچێوەی هەندێک بێنەو بەردەی بێبنەمادا نەمێنێتەوە.

لۆگۆی ئەو لیستانەی کە ئـەمـجـارە بـەشـداربـوون لە پڕۆسەی دەنگداندا بە ڕوونی ئەو هەموو تۆزو غوبارەی لە دیدوبۆچوونی ئـەو لیستانە کەوتووەتەوە فوو لێدەکاتو دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی هەر لە سەرۆکایەتیی هەرێمەوە تا لیستو قەوارەکان فەلسەفەی دەسـەڵاتو حـوکـمـڕانـی بە جۆرێکە، جگە لە ئەسەفو داخ چیتری پێویست نییە، هـەر ئـەم پرسە گرنگەیە بە ڕوونی پێماندەڵێت، هەڵۆکەی ئـەنـجـومـەنـی وەزیـــرانو ئەسپەکەی لیستی کوردستانیو ئەو هەموو ڕەنگوهێڵکارییەی لیستی چاکسازیو چەپەکان پڕن لە عیبرەتی باش بۆ ئێمەو دەمانبەنەوە سەر ئەو بڕوایەی کە بیری ئێمە وەک کورد وەک نەتەوە بۆ جڵەوگرتنی دەسەڵات بیرێکە تـونـد دەستەکانی دەجوڵێنێت، درژ دەڕوانێتو پەرشوبڵاو بەڕێدەکەوێتو ڕقئەستورانە گوێ دەگرێت، ئەی ئەگەر وا نییە بۆ نەڕۆینە ناو کۆڵانو پێچوپڕوچەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیو بزانین چۆنچۆنی ئەم ئەگەرە لە ناخی هەمووماندا پیاسە دەکاتو بە قەهرەوە مژی جگەرە لێدەدات.

ئا لێرەوەیە حەقە هەمووومان ئـەو پرسیارە بکەین، ئاخۆ کـانـدیـدە نـوێـکـان ئەسپ وەک سیمبولێکی کلاسیکو مەترسیدار (١).

دەیانگەیەنێتە ناو پەرلەمان، یان ماناکانی ژیان کە مرۆڤ خـۆی بـۆخـۆی بـە دوایــدا دەگەڕێتو دۆزینەوەشی ئاسانە، چونکە چارەی دەردی خەڵک دۆزە ڕەواکەیەتی، نە وێنەیەکی میتۆلۆژیەو نە ئەبستمۆلۆژیایە کە تـاکـی کـــوردی تـوانـای بینینو هەرسکردنی نەبێت، خەڵک عەدالەتی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئـیـداریو دارایـی دەوێت کە قۆرغکراوە، ئەمە لە سەردەمی عەقڵو مەعریفەدا بە ئەسپ ناگوێزرێتەوە ناو پـەرلـەمـانو چـارەسـەری لۆژیکییانەی پێویستە، خەڵک ئاوەدانیو ڕۆشناییو ژینگەی پاکو بووژانەوەی کەرتەکانی دەوێت، بە لیستێک ئەم ئەرکە جێبەجێ ناکرێت کە لەسەر هەر ڕەنگێک دوو سێ کورسی پەرلەمان چاوەڕوانی بکێشێت، ئـەم هـەمـوو هێڵە تەریبو یـەکـتـربـڕە چـۆن دەتـوانـن وێنایەکی ڕوونو ئاشکرایان هەبێت بۆ ئایندەی ئەو خەڵکە، کە داخوازیی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤبوونی خۆیەتی، ئاخر عـەقـڵ پـەرلـەمـان ئاڕاستە دەکات یان وێنەی کەسێک کە بە سەیرکردنی هەست بەوە ناکەیت بۆ پەرلەمانی ناردبێت، بەڵکو وا دەزانیت بۆ دڵدارو مەعشوقەکەی ناردووە، ئاخر پـەرلـەمـانو سەرۆکایەتیی هەرێمێک مەسئولیەتەکەی بەم ریکلامە کۆمیدییانە بە ئەنجام دەگـات؟ ئـەو دوو دەسەڵاتە گەورەو چارەنووسسازە چۆن دەبێت فلتەرێکیان نەبێت تا لەو ڕێگەیەوە خۆی بپاڵێوێتو خۆی کاندید بکات.

ئەم دوالیزمەیە کە لەنێوان گـوتـارو فـۆڕمو ئەتەکێتی دەرەوە گۆڕانکاریی دەوێت، گۆڕانکارییەکەش لە سفری سەدییەوە دەستپێدەکاتو ناکرێت باز بەسەر هیچ یەک لە ژمارەکاندا بدەینو پێویستە تێفکرێین بـەوەی کە داننان بە هـەڵـەدا گـەورەیـیـە نەک نەنگی، هـەروەهـا ناشکرێت کلتووری دانپیانان ناشیرین بکەینو عەقڵی سیمبولەکانمان کە دەرهاویشتەی عەقڵێکە زەرەرمان لێکرد نەک قازانج.

# پشتکردن لە خاک لەپێناو ژیانی مرۆڤەکاندا



نەبەز گۆران

**بۆ هیچ کەس لەسیاسییەکان بیر لە کەرکوکییەکان ناکاتەوەو هەر بیر لەوەدەکاتەوە، ئەوخاکە هی کوردە، ئێمەش هەمووومان دەزانین کەرکوک خاکی کوردە، بەڵام بەو لۆژیکەی ئێستای سەرکردایەتی کورد باسی لێوەدەکات، نە خاکی کەرکوک دەبێتە بەشێک لەهەرێمی کوردستان‌و نە هاونیشتمانییانی کەرکوک دەتوانن لەژێر سێبەری ئەمجۆرە گوتارەدا خۆشگوزەرانی بەدەستبهێنین**

کێشەی ئەم سەردەمە نابێت کێشەی خاک بێت، دەکرێت کورد گوتاری خۆی لە خاکپەرستییەوە بگۆڕێت بۆ ژیانپەرستی، ئەو ئینسانانەی لەسەر ئەو خاکە دەژیـن، لەوانەیە لە سەدەکانی رابـــردوودا کـورد هەمیشە وەک قوربانییەک خۆی پیشانی ئەوانی دیکەدا بێت، بۆیە وەک قوربانییەک داوای سەرزەمینێکی کــردووە تێدیدا بـژی، کاتێکیش بەشێکی ئـەو سەرزەمینەی وەرگـرتـەوە وەک ئـەوانـی دیـکـە زۆریـنـەی هاوڵاتییەکانی خـۆی کــردەوە بەقوربانیی!! لەئێستاو رابردوودا بـەردەوام گوتاری سیاسیی کورد لەوجۆرە گوتارانەبووە مەیلی بەلای خـاکـو دەسـەڵاتـی خاکدا چـووە، زۆرکـەم روویـــداوە ئـەم گوتارە ئاراستەکەی لەخاکەوە بگۆڕێت بۆ سەر مرۆڤەکان، ئەگەر لەرابردوودا گوتاری سیاسیی کورد گوتارێک بووبێت کێشەی لـەسـەر خاک دروستکردبێت، دەکرێت لەئێستادا دەست لەو گوتارە ناتەندورستە هەڵبگرێت‌و خەمی گەورەی ئینسانی کـوردبـێـت، نـەک بەدەستهێنانی خاکەکەی، هەرکاتێک گوتاری سیاسیی کورد توانی دراوسێکان رازی بکات کە هەقی ژیان بدەنە ئینسانی کـورد، دەشتوانێت باس لەو سەرزەمینە بکات کە ئەو هەقە دەدات بە ئینسانەکان، وەلێ کاتێک گـوتـاری سیاسیی کـورد تەنیا ئاراستەی لەسەر مەیلی شەڕ بوو لەسەر خـاک‌و خۆشی لەرێگەی دەسەڵاتی خۆیەوە بووە بەشێک لە بەدۆزەخکردنی ژیـان لەسەر زەمینی کــورد، ئیدی کۆمیدیایە بێگانەکان باوەڕ بەو جۆرە گوتارە بهێنن کە سیاسییەکانی کورد بەرزیدەکەنەوە.

ئـەوەی ئەمڕۆ کەرکوکییەکان پێویستیانە دورستکردنی شەڕێک نییە لەسەر شارەکەیان، بەڵکو دروستکردنی فەزایەکە تاکو کەمێک جێژ لەژیان بکەن‌و هیچ نەبێت وەک هەقێکی خۆیان ئازادبکرێن تا ژیانی خۆیان ببینن، بەڵام دەبینین گوتاری سیاسیی کورد بەهەمان سـەردەمـی ناوەڕاستی سـەدەی بیستەوە جارێکی دی مامەڵە لەگەڵ هاونیشتمانییانی کەرکوک دەکات، سیاسییەکانی کورد نایەن داوای هەقی ژیـان بۆ کەرکوکییەکان بکەن‌و چاویان ئەو دۆزەخە نابینێت کەرکوکییەکانی تێکەووتوە، بەڵکو خەمی گەورەی سیاسییەکان ئەوەیە، کەرکوک بەشی کوردستانە، ئیدی ئەو بەشە هەرچۆنێک ژیانی تێدابێت بۆ سیاسییەکانی کورد گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە جێبەجێکردنی ئەو گوتارەکلاسیکییەیە کە سەدەیەکە کـــوری کـــوردی بـۆ بەکوشت دەدرێـــت، نەمان دی سیاسییەک بـێـت لـەبـری خـاکـی کـەرکـوک پـڕۆژەی بەخشینەوەی ژیان بۆ هاونیشتمانییانی کـەرکـوک نما بکات، گەورەترین هەڵەیەکیش ئەمڕۆ سیاسییەکانی کورد تێی دەکەون‌و جارێکی دیکە عەزاب بۆ کەرکوکییەکان دروست دەکاتەوە دووبـــارەکـــردنـــەوەی گـوتـاری کلاسیکییەو خەونی تازە نابینێت بۆ کەرکوک جگە لەخەونەکۆنەکان کـە ئـەمـڕۆ جـارێـکـی دی زیندووەکرێنەوە، لەبری ئەوەی ئێمە بڵێین کەرکوک هەردەبێت بکەوێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، باشتر نییە بڵێین کەرکوکییەکان هەقی ژیانیان هەیە، ئیدی لە هەرکوێ بن گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە فەزای ژیانیان بۆ دروستبکرێت، کاتێک سیاسییەکانی کورد هەقی ئەوەیان هەیە باس لە گەڕانەوەی کەرکوک بکەن بۆ سەر ئەم هەرێمە، کە هیچ نەبێت کەمێک لە ژیانی هاوڵاتییانی ئەم هەرێمەیان کردبێتە بەهەشت، دۆزەخ لە شوێنێکەوە ناگوازرێتەوە بۆ دۆزەخێکی دی، چونکە هەر دۆزەخـــەو کەرکوکییەکانیش پێویستیان بەمە نییە.

دەستهەڵگرتن لەو خاکە خیانەت نییە، فەرامۆشکردنی ئەو ژیانە دۆزەخییەی کە کەرکوکییەکانی تێدایە خیانەتە، کـاری ئێمە نییە شـەڕ لەسەر نیشتمانێک بکەین بۆ هاونیشتمانییەکانمان بووەتە دۆزەخ، کاری ئێمەیە ئەو دۆزەخە وەربگێڕین بۆ خۆشگوزەرانی، هەرکاتێک خەمی سیاسییەکانی ئێمە بوو بە ئەو خەمەی کە هەست بە ئازاری کەرکوکییەکان بکەن، ئیدی ئەوکاتە تێدەگەین تروسکاییەک بەسەر هانیشتمانییەکانمان لەو شارەدا کراوەتەوە، ئەمە سەدەی رابـــردوو نییە لـەپـێـنـاوی دوو گوتاری کلاسیکی حیزبیدا جارێکی دیکە میللەتێک بخەینەوە بەردەم شەڕێکی ماڵوێرانکەرو هیچ کەس ئەمە قبووڵناکات، نە کـورد لەم کاتەدا توانای شەڕی هەیە لەگەڵ دەوربـەری‌و نە ئیدی پێویستمان بەوەیە بۆ بەدەستهێنانی خەونی گروپێک دەیان جارێکی دی گەنج بدەینەوە بەکوشت، دەبێت لەمڕۆدا زۆر جیاواز لەجاران تەماشای رووداوەکان بکەین، بۆچی بۆ ئێمە نەنگی بێت ئەگەر کەرکوک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ؟ بۆ کار بۆئەوە نەکەین هەرسێ پارێزگای هەولێرو دهـــۆکو سلێمانی پشتگیریی کەرکوک بکەن تاببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ؟ لەکاتێکدا دەستووری عێراق ئەم هەقە بەکورد دەدات، بەم سێ پارێزگایە ئەم پڕۆژەیە سەربخات؟ ئەم هەنگاوە باشە یان چاوەڕوانی بەدیار مادەیەکەوە، کە تووشی مـەرگ بـووە؟ ئەگەر کـەرکـوک ببێتە هـەرێـمـێـکـی سەربەخۆو بەپێی سەرژمێرییەکانی کوردبێت، کورد زۆرینەیە، ئەوکات لەدەنگدانێدا سەرۆکی ئەو هەرێمەش کورد دەبێت، چونکە قـەول وایە کورد زۆرینەبێت، کەواتە تۆپەکە لای کـوردە نـەک لەشوێنێکی دیکە، ئەگەر ئێمە ئەم پڕۆژەیە بخەینەڕوو هەم دەتوانین بەدوو هەرێم کارتێکی فشاری باشبین بۆ بەغداو هەم ئاراستەی تووڕەبوونی دراوسێکانمان‌و وڵاتە گەورەکان دەگۆڕین، لەهەمووی گرنگتر ژیان دەگەڕێنینەوە بۆ کەرکوکییەکان‌و هەقیان پێدەدەین خۆیان خۆیان بـەڕێوەببـەن‌و شـارەکـەیـان لەو وێرانەیەوە بکەینە بەهەشتێک بۆیان کە هەمووومان شانازیی پێوەبکەین، بۆ کوردێکی وەک من هیچ شانازیی نییە کەرکوک کوردستانە، لەکاتێکدا رۆژانە ئەو ژیانە پڕ لەئازارە ببینم کە کەرکوکییەکان دەیگوزەرێنن، کاتێک شانازیی دەکەم بەکەرکوکەوە کە هاوڵاتییەکانی خـۆش بژین، ئـەگـەر کــورد پـڕۆژەیـەکـی وا پێشنیاز بکات، مانای خیانەتە؟ بۆ هیچ کەس لەسیاسییەکان بیر لەکەرکوکییەکان ناکاتەوەو هەر بیر لەوەدەکاتەوە، ئەوخاکە هی کوردە، ئێمەش هەمووومان دەزانین کەرکوک خاکی کوردە، بەڵام بەو لۆژیکەی ئێستای سەرکردایەتی کورد باسی لێوەدەکات، نە خاکی کەرکوک دەبێتە بەشێک لەهەرێمی کوردستان‌و نە هاونیشتمانییانی کەرکوک دەتوانن لەژێر سێبەری ئەمجۆرە گوتارەدا خۆشگوزەرانی بەدەستبهێنین.

سـەردەمـی ئەمڕۆ سەردەمی خۆشگوزەرانییە، دەبێت فێربین ئێمە چیمان بۆخۆمان‌و منداڵەکانمان ویست ئاواش بۆ هانیشتمانییەکانمان بـوێـت، هـیـچ لـۆژیـکـێـک ئـەوە قـبـوول نـاکـات، کـۆمـەڵـێک لەم خۆشگوزەرانییەدا بڕیار لەسەر ژیانی دەیـان هـەزار کەسی ئەو شارەبدەن، هەر سیاسییەک کە بە راستی لە خەمی کەرکوکییەکانە، با پـڕۆژەی هاوشاریبوون بخاتە گەڕ بۆ چارەسەری کەرکوک، نەک پڕۆژەی ئەوە هی ئێمەیەو دەستی لێهەڵناگرین، بۆ منێکی کورد گرنگ نییە لەسەر چ خاکێکدا دەژیم، بۆ من گرنگە ئەو خاکەی تێدیدا دەژیم هەقم دەداتێ؟ ژیانم دەداتێ؟ ئازادیم دەداتـێ؟ مافم هەیە تێیدا خۆش بژیم‌و حورمەتم دەگرێت؟ دەبێت ئێمە ئەمە بۆ کەرکوکییەکان داوابکەین، چونکە کەس ناتوانێت گرەنتی بەکەرکوکییەکان بدات ئەگەر بکەونەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەم هەقانەیان بداتێ، چونکە تا ئەم حاڵەتە دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە لەژێر حوکمڕانی خۆیدا ئەم مافانە بداتە هاونیشتمانییەکانی خۆی تا بتوانێت سبەی بە کەرکوکییەکانی بدات.

دەپـرسـیـن ئـەگـەر کێشەی سـیـاسـیـیـەکـانـی کـــورد مافی ئینسانەکانە، بۆچی قەت کێشەیەک لەسەر ئەوکوردانە دروست نەکرا کە لە شارەکانی بەغداو شوێنەکانی دیکەدا دەژین؟ بۆ مەگەر ئەوانەش کـوردنـیـن‌و خـاوەنـی کێشەی چەوساندنەوە نین؟ بەڵام لەراستیدا لەم سەد ساڵەی رابردوودا کێشەی گوتاری سیاسیی کـورد لـەسـەر مـرۆڤ نـەبـووە، بەڵکو لەسەر خاکو وەرگرتنی دەسەڵات بووە، کاتێکیش بەشێکی لەخاکەکەی خۆی وەرگرتووە هەمان ئەو ستەمەی لە رابردوودا دەسەڵاتەکان دەرهەق بە ئینسانی کورد دەیانکرد، دەسەڵاتی کـوردی بە کەمێک خەفیفترەوە ستەمەکەی دووبـــارەکـــردەوە، ئـەزمـوونـی ئـەم چـەنـد سـاڵـەی رابـــردوو باشترین گەواهیە کە هیچ کات گوتاری سیاسیی کورد حورمەتی ئینسانی نەگرتووە، بەڵکو کێشەی لـەسـەر خـاکو بەڕێوەبردنی دەسەڵات بووە، کورد وا فێرکرا کە دەسەڵاتی هەبێت هەموو مافەکانیشی بۆ بەدەستدێت، بـەڵام ئـەم ئەزموونەی کە ئێمە بینیمان دەکرێت ببێتە وانەیەک بۆ کەرکوکییەکان کە ئەو فێرکردنە هەڵەبوو، با کەرکوکییەکان خەمی خۆیان بخۆن ئەگینا بووەستن بەدیار گوتاری سیاسیی کوردەوە، هیچ گومانی تێدا نییە شەڕێک دەهێننە بەردەرگای ماڵەکانیان.

بۆیە دەبێت لەخۆیان بپرسن ئێمە لەدایکبووین بـۆ ئـەوەی بژین، یان لەدایکبووین بۆ ئەوەی بجەنگین؟ جەنگی ئـەوان دەبێت لەسەر دروستکردنی ژیانێکی باشتربێت بۆخۆیان، یان جەنگی ئـەوان لـەسـەر بەدەستهێنانی دەسەڵاتە بۆ نوخبەیەکی سیاسیی کـورد؟ من باش دەزانـم زۆرێـک لەسیاسییەکان (موزایەدە) بەسەر ژیانی کەرکوکییەکانەوە دەکەن، بۆیە بەپێچەوانەی هەموو بیروباوەڕە ناسیونالیستەکانەوە لەبری خاک، داوا لەکەرکوکییەکان دەکەم هەوڵی بەدەستهێنانی ژیان بدەن بۆخۆیان، ئەوگوتارە حیزبییانەش کە مێشکو یـادەوەریـی ئـەوانـی پـڕکـردووە، خراپترین جـۆری گـوتـارەکـانـە، پـڕۆژەی هاوشاریبوون‌و پێکەوە ژیان تەنیا کەرکوکییەکان خۆیان دەتوانن بەدەستی بهێنن، با بەلای ئەوانەوە گرنگ ئەوە نەبێت ئەوە بۆ عەرەبەو ئەویدی بۆ کوردەو ئەویدی بۆ تورکمانە، با بەلای ئـەوانـەوە گرنگ بێت هەموویان وەلائیان بۆشارەکەیان هەیەو وەک هاوشاریبوون تەماشای یەکدی بکەن، ئەگەر وا نەکەن گوتاری ئەم دووحیزبە هیچ کات گوتارێک نییە نە ژیـان بۆئەوان بهێنێت‌و نە پێکەوەژیان بۆئەوان دروست بکات، هەرچۆن لەسێ شارەکەی کـوردسـتـانـدا کـورد پێویستی بـەسـەرکـردەیـەک هەیە فـەزای عـەدالـەت‌و هاونیشتمانی‌و مافی هاوڵاتیبوون بۆ ئینسانەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم حوکمە دروست بکات، بەهەمانشێوەش کەرکوکییەکان پێویستیان بە عەقڵێک هەیە بیر لە نەوەکانیان بکاتەوەو بیر لەوە بکاتەوە منداڵەکانیان چۆنیان ویست ئاواو بەو زمانەی خۆیان پێیانخۆشە گۆرانی پێ بڵێن.

بـەهـەرێـمـکـردنـی کـەرکـوک یەکێکە لە باشترین چارەسەرەکان بۆ ئـەوشـارە، هـەر سیاسییەکی کوردیش (مـزایـەدە) لەسەر ئەم پڕۆژەیە بکات دەبێت کەرکوکییەکان وەڵامێکی جەرگبڕانەی بدەنەوە، دەبێت حیکەمەت لەو خاکە چی بێت ژیانی کردبێتە جەهەننەم بۆ هاوشارییەکانی؟ من بەکەرکوکدا تێدەپەڕم تووشی وێرانی دەبم، هەرگیز لەوانە نیم قبووڵ بکەم لەپێناو گوتارێکدا جارێکی دی گەنجێکی کورد خوێنی بڕژێت، لە ئاستە ئینسانییەکەوە سەیری کەرکوک دەکـەم، نەک لە ئاستە ناسیونالیستیەکەیەوە، بۆ من گرنگ نییە خاکی کەرکوک تاپۆ دەکرێتە سەرکێ؟ بۆ من گرنگە کەرکوکییەکان خۆش بژین.

## کوتەکبارانی دروشمە خوێناوییەکان

«یا کەرکوکو خانەقین یا تا ماوین دەجەنگین»، ئەم دورشمە نەعلەتییە هـەزاران رۆحی کردە قوربانیی، بـەڵام کاتێک کـەرکـوک کەوتە دەست کورد، تاڵانی کرد!! سەیری دووفاقی گوتاری سیاسیی کورد بکەن، ئەوشارەی شەڕیان لەپێناودا دەکـردو گەنجیان بەکوشت دەدا بۆی، کاتێک کەوتە ژێرچەمۆڵەیان کەلوپەلەکانی ئـەو شـارەیـان دەگواستەوە بۆ ناو ماڵی حیزب، ئەگەر خۆشەویستییەکی راستەقینە لەناو حیزب‌و گوتاری سیاسیی کوردا بۆ ئەو شارە هەبوایە، هەرگیز ئەو دەستدرێژییانەی نەدەکردە سەر ئەوشارەو گوتارەکان درۆبوون بۆیە ئەوە روویدا.

هەمووومان هەست ناکەین بەم دروشمانە فێڵێک لە ژیانمان کراوە؟ ئەوانەی ئەم دروشمانەیان فێری ئێمەکرد، ئێستا خۆیان لەسەر دەسـەڵاتـن‌و بەهەمان سیستمی رابـردوو مامەڵە لەگەڵ مافەکانی ئێمەدا دەکەن، کەواتە ماف بۆ کەس نایەت‌و دەبێت هەمووومان کاربکەین بۆ بەدەستهێنانی، مەبەستمە بڵێم، دەبێت کەرکوکییەکان تێبگەن ئێمە ناتوانین مافیان بۆ ببەین، دەبێت خۆیان وەریـبـگـرن، تەنانەت لە ئێمەش، چونکە دوورنییە دواجار ئێمەش ئەو مافانەیان لێ بسەنین، ئیدی کەسێک هەیە بـاوەڕ بەم دروشمانەبکات‌و بیەوێت خۆی بخاتە بەردەم شەڕێکەوە کە باش دەزانێت کۆتایی شەڕەکە ماڵوێرانی ئەوەو بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانییە بۆ خاوەن دروشمەکان؟، یادەوەریی ئێمە پڕە لەم دروشمە ناکاملانە، هەرچۆن پێویستە یادەوەریمان بشۆینەوە، ئاواش پێوستە جۆرێکی دی سیاسەت بکەین‌و دروشمی دیکە بەرزبکەینەوە، هەرگیز نەمانبینی لەبری ئەم دروشمە خوێناوییانە جارێک سیاسییەکان دروشمی «ژیان بۆ کەرکوکی‌و خانەقینییەکان» بەرز بکەنەوە، چونکە باش دەزانن ئەگەر ئەمە بەرزبکەنەوە لە ژیان‌و خۆشگوزەرانیدا ئیحساس بەرەو پوکانەوە دەچێت‌و جۆرێکی دیکە بیرکردنەوە دێتە ئاراوە، خەونەکانی ئەوانیش لەمەدا نییە، بۆیە بەردەوام یادەوەریی نەوەکان بەو دروشمانە بەرزدەکەنەوە کە لەپێناو ئەواندایە، با سەردەمی خوێن کۆتایی بێت، با سەردەمی ئەو دروشمانەش کە گەنجەکانی لەناودەبرد هەر کۆتایی بێت، با هـەوڵ بۆ دروستکردنی سەردەمێکی دیکە بدەین، ناکرێت هەمیشە بە دیدی ناسیونالیزمی کوردانە تەماشای رووداوەکـان‌و شتەکانی بـەردەمـمـان بکەین، ئەمڕۆ هـەر گروپێکی سیاسیی لەکوردستان دروستببێت، لەبری ئـەم دروشمانە داوای ژیـان بۆ خەڵک بکات، خربوونەوە لەدەوری هەڵەنییە، ئەگەر لەرابردوودا ئەو دروشمانە پێویست بووبن بۆ گەرمکردنی وەرگرتنی هەقی وڵات، لەئەمڕۆدا هیچ پێویست نین، ئەوەی لەبەردەستمانە خوانی گفتوگۆیە، کێ دەتوانێت لەسەر ئەم خوانە هەق بگەڕێنێتەوە بۆ کەرکوکییەکان، نەک بۆ خاکەکەی، ئەوە باشترینە لەوانی دیکە.

هێزەکانی دەوروبـەرمـان‌و کـێـشـەکـانـی نـاوخـۆمـان لە بـەرژەوەنـدیـی کـەرکـوکـی‌و خانەقینییەکاندا نین، بەفیدراڵیکردنی کـەرکـوکو شـارەکـانـی دیکەی کـوردسـتـان باشترین پـردە کە ئێمە لـەم ژیانە پڕ لە ئـازارەوە بگوازێتەوە بۆ ژیانێکی جیاوازتر، هەرچۆن کاری سیاسییەکانە لە عێراقدا دەسەڵاتی مەرکەز بکوژن، چونکە لە بـەرژەوەنـدیـی ئـەوان نییە، کـاری ئێمەشە لەناوخۆدا دەسـەڵاتـی مەرکەز بکوژین، تا خـۆشـگـوزەرانـی دابەشبکرێت بـەسـەر هـاوشـاریـیـەکـانـدا، بە راستی کەرکوکییەکان گوناهن‌و ناکرێت چیتر لەوەزیاتر لەپێناو عەقڵێکی حیزبیدا تووشی ئازار بکرێنەوە، ئەگەر شـەڕە لەسەر دروشمی قیبلەیەک، قیبلەی کورد لەئێستادا گۆڕینی ژیانییەتی‌و دوورخستنەوەیەتی لەشەڕێکی دیـکـە، ئـەگـەر شـــەڕە لـەسـەر دروشمی دڵێک بۆ کـورد، کورد لەئێستادا دڵی پێوستی بەبینینی شتی جوان‌و گوزەرانی جوانە، نەک خۆ تەیارکردن بۆ شەڕێکی دی، دەمەوێت بڵێم با کەرکوکییەکان خۆیان کۆبکەنەوە بۆ ژیانێکی دیکە، با ناوماڵی خۆیان رێکبخەن‌و لەبری تووڕەبوونە ناسویونالیستیەکانیان بیر لە جوانکردنی شارەکەیان‌و پێکەوە هەڵکردن بکەنەوە، هەر بێگانەیەک بێتە شارەکەیانەوە گوزەرانی ئەوان تێکدەدات، ئیدی ئەو بێگانەیە بە کوردی قسەبکات یان بە عەرەبی‌و تورکمانی، هیچ جیاوازی نییە، بابیر لە نەوەکانیان بکەنەوەو بیر لەوە نەکەنەوە کە خاکەکەیان دەکرێت بەناوی کێوە، نەوەکانیان گرنگن تا خاکەکەیان، بـە نـەفـرەتـاویـتـریـن خـاک ئەو خاکەیە ژیانی کەسەکانی تیدا وێران بکرێت، مەگەڕێن بەشوێن نیشتمانێکدا ژیانتان لێدەسەنێتەوە، بگەڕێن بەشوێن نیشتمانێکدا حورمەتتان بگرێت، ئێمە ئێوەمان کـردووە بـــەدەروازەی خەونە ناسیونالیستییەکانمان، ئێوەش بیر لە خۆتان بکەنەوە.

nabaz.goran@yahoo.com

# دەستلەکارکێشانەوە

ماوەیەکە دەستەی نووسەرانی رۆژنامەو کۆمپانیای وشە بڕیارمانداوە، کە من تەنیا سەرقاڵی کاری پەرلەمانی بموو سەرنووسەری رۆژنامە بۆ هاوکارە بە تواناکانم بەجێبهێڵم، کە ئەوە داواکاری خۆم بوو.

بۆیە لێرەدا سەرباری سوپاسی زۆرم بۆ هەموو هاوکارانی ئازیزم لە رۆژنامەو هەموو دەزگاکانی کۆمپانیای وشە بۆ هەموو جۆرە کارئاسانییو هاوکارییەکی بەردەوامیان، ئەوە بە خوێنەرانی بەڕێزی رۆژنامە رابگەیەنین، کە لە ژمارەی داهاتووی رۆژنامەوە من بە رەسمیی پۆستی سەرنووسەریو هاوڕێم کاک فازڵ نەجیب دەستەی نووسەران بەجێدێڵین، کاک فازڵ بەهۆی دەستبەکاربوونی وەک بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی (KNN)و منیش بەهۆی کـاری پەرلەمانییەوە، بـەڵام لە هەمانکاتدا وەک ئەندامێکی فەخری دەستەی نووسەران بـەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنی رۆژنامە خۆشەویستەکەماندا.

لە ناخەوەش پیرۆزبایی لە هاوڕێمان کاک ئاودێرو ستافی بەڕێوەبردنی رۆژنامە دەکەین.

**عەدنان عوسمان**
**سەرنووسەری رۆژنامە**







# حکومەتی سێبەرو
# حکومەتی بەر سێبەر



ئاودێر شێخ عومەر

**پارتیو یەکێتی هەڵە دەکەن، ئەگەر پێیانوابێت زۆرینەییان لە پەرلەمان درێژەدان بە حکومەتی بەر سێبەریان بۆ بەردەوام دەکات**

چیدی خەڵکی کوردستان حکومەتی بەر سێبەر لە پارتیو یەکێتی قبووڵ ناکات.

ئەمە ئەو پەیامە بوو، کە خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی تەممووزدائاراستەی پارتیو یەکێتییان کردو پێیانوتن؛ ئیدی حکومەت دەبێت حکومەتی ماندووبێت بە بەدیهێنانی ویستی خەڵکو خزمەتکردنیان، نەک حکومەتێکی حەساوەی بەر سێبەربێتو دەزگاکانی حکومڕانیی بکرێنە ئامرازێک بۆ پڤدانی حیزبو جەماوەر کۆکردنەوە لە دەوری حیزبو دەوڵەمەندکردنی حیزبو تاپۆکردنی وڵات لەسەر کەسو کۆمپانیاکانی حیزب.

کە ئەمە بەشێک بووە لە فەلسەفەی حوکمڕانیی حکومەتی کوردی، یان دروستتر بڵێین؛ حکومەتی پارتیو یەکێتی.

بەو هۆیەشەوە حکومەتەکەیان حکومەتێکی حەساوە بووەو بە خەمی خەڵکەوە ماندوو نەبووە، بە بەراورد بە کۆششکردن بۆ بەرژەوەندیی حیزب.

حەساوەیی حکومەتی بەر سێبەری پارتیو یەکێتیو دەرهاویشتەکانی ئەو جۆرە حوکمڕانییە، خەتو خاڵی چارەنووسو ئایندەی کوردستانی بەدەرخست، کە بەرەو چی دەڕواتو بەردەوامبوونی بەو شێوازە کوردستان بەرەو کام ئاقار دەبات.

بۆیە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە بەو بەرنامەیەوە هاتە ئارا، کە خەڵکێکی زۆری لێکۆبووەتەوە، بەرنامەیەک کە فەلسەفەی حوکمڕانییو ئیدارەدانی جیاوازو مۆدێرنی هەیەو لەسەر بنەمای «وەک یەکی بۆ هەمووانو گوزەرانی باشترو حوکمڕانییەکی مۆدێرنو بە پلان» دابەزیوەتە مەیدانەکە.

فاکتەری سەرەکی فراوانی بزووتنەوەی گۆڕان ئەو بەرنامەیەیە، کە بزووتنەوەکە هەیەتی، نەک تاقیکردنەوەی مۆدێلێکی جیاوازو چانسدان بە لایەنێکی دیکە بۆ خۆتاقیکردنەوە لە حوکمڕانییو ئیدارەدان، یان خۆخستنەسەر شەپۆلی نارەزایی.

ئەم بەرنامەیە بووە هۆی ئەوەی خەڵکی کوردستان لە تەممووزدا نەخشەیەکی سیاسیی نوێ بۆ کوردستان بکێشنەوە، جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەش گۆڕانێکی نەوعی هێنایە کایە، کە خۆی لە بزووتنەوەیەکی بنکەفراوانی جەماوەریی گۆڕانخوازدا دەبینێتەوە (بزووتنەوەی گۆڕان)و گروپێکی گەورەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان (فراکسیۆنی گۆڕان) کە شانبەشانی فراکسیۆنی خزمەتگوزارییو چاکسازی وەک گروپێکی ئۆپۆزسیۆن پێکەوە پانتاییەکی گەورەیان لە پەرلەمانی کوردستان پچڕیوە.

وەک چۆن بزووتنەوەی گۆڕان بە نەریتێکی نوێی جوڵانەوەی سیاسییەوە هاتووەتە مەیدانو رەنگرێژیی بۆ کارەکانی دەکات وەک مۆدێلێکی نوێو جیاواز لە بزووتنەوە سیاسییەکانی پێشوو، بە هەمان شێوە لیستی گۆڕانیش دەیەوێت بە کۆمەڵێک میکانیزمی نوێی ئیشی پەرلەمانیو تەنانەت حکومڕانیشەوە ئەرکەکانی رایی بکات. کە یەکێک لەو کارانە دروستکردنی حکومەتی سێبەرە بۆ حکومەتە بەرسێبەرەکەی پارتیو یەکێتی.

پارتیو یەکێتی هەڵە دەکەن، ئەگەر پێیانوابێت زۆرینەییان لە پەرلەمان درێژەدان بە حکومەتی بەر سێبەریان بۆ بەردەوام دەکات، ئەگەر تەنیا حیسابەکانیان لەسەر گروپێکی پەرلەمانی بەرهەڵستکار بکەن بە هەڵەیەکی گەورەدا دەچن، چونکە ئەو گروپە نوێنەرایەتی خەڵکانێک دەکات کە دەنگیان بۆ بەرنامەیەک داوەو بەدوای جێبەجێکردنییەوەن، حسابی وردو کەماڵانە ئەوەیە؛ هێزەکانی پشت ئەو گروپە پەرلەمانییەش بخوێنرێنەوە، وەک گروپێکی فشار کە دەبنە پاڵپشتی نوێنەرەکانیان لەناو هۆڵی پەرلەمان.

بە هەمان شێوەش دەبێت گروپەکەی ناو پەرلەمانیش لە هەموو پرۆژەکانیان ئەو هێزە لەبەرچاو بگرن، کە لە دەرەوەی پەرلەمان هاوشانو هاودەنگیانە.

دەسەڵات بە خواستی خۆی لە سێبەر بێتەدەر بەرهەمەکەی دەچنێتەوە، دەنا رەوشەکە وەهایە کە ناچار بە هاتنە دەرەوە دەکرێت. هەردوو ئەگەرەکەش کراوەنو لە هەردوو باردا گۆڕانێک دێتە ئاراوە، کە لە خزمەت هەمووناندا دەبێت وەک یەک.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

ژمــاره (548) سێشەممە 2009/9/22
birura.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە




بۆتان ئامێدی دەینووسێت

# حکومەتی دامەزراوەو لێپرسینەوە

یەکێک لەو تەحەدییانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان دەبێتەوە، بریتییە لە ڕێکخستنەوەی ناوخۆی خۆی.

پێویستە ئەو میراتەی کە لە ماوەی (١٨) ساڵی رابردوو هاتووەتە کایەوە، بگۆڕێت بۆ بەڕێوەبردنێکی دامەزراوەیی.

بەهێزکردنی دامودەزگاکانی حکومەت دەبێت ببێتە ئەولەوییەتی حکومەتو پەرلەمانی داهاتووی هەرێمی کوردستان.

لەم ڕێگەیەشەوە گەشەیەکی راستەقینەو پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خۆرئاوای لێدێتە بەرهەم.

پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی دەوڵەت، لە ماوەی (١٨) ساڵی رابردوودا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام نەیتوانیوە سەرکەوتنی ئەوتۆ بەدەستبهێنێت، هۆکارەکەشی بریتییبووە لەوەی کە حیزب لە هەموو کایەکانی ژیان دەستێوەردانی هەبووە.

ئەم دەستێوەردانەش بووەتە هۆی ئیفلیجکردنی دەزگاکانی حکومەتو هەروەها نەبوونی سیستمی لێپرسینەوە.

هەتا ئێستا زۆربەی پۆستەکان لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دڵسۆزیی بۆ حیزب دانراوە، نەک ئەزموونو لێهاتوویی، بەمانایەکی دیکە حکومەتی هەرێم مانای حکومەتی لەدەستداوەو بووەتە دەزگایەکی گەندەڵ.

دەسەڵات ئەوەندە لەناو مەکتەبی سیاسییو لقو مەڵبەندەکاندا هەبووە، ئەوەندە لەناو دەزگاکانی حکومەتدا بوونی نەبووە.

لە سیستمی حوکمی مۆدێرندا، بێلایەنیو پرۆفێشناڵیزمو لێپرسینەوە سیفەتی دامەزراوە مەدەنیو سەربازییەکانە.

لە دونیای دەرەوەدا پۆستەکان بەهۆی کەفائەتەوە دەبەخشرێتو پەیوەندیی بە حیزبی سیاسییەوە نییە.

لەکاتی هاتنی حکومەتی نوێش بەهۆی هەڵبژاردنەوە، ئەوا تەنیا چەند کەسایەتییەکی سیاسیی دەگۆڕدرێت، باقی ستافەکەی دەوڵەت دەمێنێتەوە.

لابردنیش هەبێت لە نێو بیرۆکراسیی وڵاتدا ئەوا بەهۆی گەندەڵییو خراپ بەکارهێنانی پۆست دەبێت.

هەروەها، هەر لە سیستمی مۆدێرندا دەسەڵاتو هێز شێوەیەکی دامەزراوەی هەیە، هەر بە گەیشتنت بۆ ئەمریکا دەزانیت ئەمریکییەکان چەند هەستیارن بەرامبەر بە پۆلیسی ئەو وڵاتە، چونکە دەزانن پێشێلکردن چ سزایەکی قانونیی هەیە، بەڵام لێردا ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە، خۆپاراستنی ئەمریکییەکان لە شەخسی پۆلیسەکە نییە، بەڵکو لەبەر ستانداردی وڵاتە، چونکە ئەو جلەی بەر پۆلیسەکە نمایندەی دامەزراوەی حکومەتەکەو ئەرکی پاراستنی ئەمنیی گشتییە.

سیستمی حوکم لە کوردستان پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە، هەم دەسەڵاتو هەم ئۆپۆزسیۆن ئەرکی سەرشانیانە کوردستان بەرەو سیستمی دامەزراوەیی بەرن.

دەزگای مەدەنیو سەربازیی لە کوردستان بە دیموکراسیی بکرێتو لە چنگی حیزبە سیاسییەکان دەربهێنرێت.

ئێستا وەختی ئەوەیە ئیتر کوردستان بەرەو حوکمی قانون بەرێت.

لێپرسراوە گەندەڵەکان، دەبێت لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت. دەسەڵات دەبێت بۆ حکومەت بێت نەک بنکەکانی حیزب.

حکومەتیش تا چەند دامەزراوەیی بێت ئەوەندە لەلایەن هاوڵاتیانییەوە دڵسۆزییو ڕێزی پێ دەبەخشرێت.

حکومەت لە کوردستان، پێویستە بکرێتە دامەزراوەیی.

سەرۆکی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانیەتی، کە کۆمەڵێک کەسی تەکنۆکرات بهێنێتە نێو حکومەتەکەی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بە دامەزراوەیی بوونو دیموکراسییو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤەوە پەیوەندییە ناوخۆییو دەرەکییەکانی لەگەڵ جیهانی خۆرئاوا ئەمریکا بەهێز دەکات.

# غوبنو ئینعزالییەتو نۆستۆلۆژیای سلێمانی



ئاواتی شێخ جەناب

**بەشی یەکەم: «غوبنی سلێمانی»**

> هاوڵاتییانی ئەم ناوچەیە بەهۆی زۆریی کرێی خانوو دابەشنەکردنی زەویی نیشتەجێبوونەوە دەناڵێنن، کەچی زەوییەکانی شارەوانیی لە قەڵادزێو کەلارو چەمچەماڵو دەربەندیخانو سلێمانیو... هتد دەدرێن بە کادیرو مەسئولەکانی حیزب، ئەوانیش بە خەڵکی ئەو شارانەی دەفرۆشنەوە بە گران، خۆ ئەگەر باسی ژێرخانی ئەو ناوچەیە بکرێت کەمترین شت پێی بوترێت ئەوەیە وێرانەو کەلاوەیە

لە ڕۆژی (١٩و٨/٢٣) م.عەتا قەرەداغی وتارێکی نایابی بە دوو بەش بە ناونیشانی «ئایا هەستکردن بە غوبنی سلێمانی دەکات بە فیدراڵی پارێزگا» بڵاوکردەوەو بابەتێکی گرنگو هەستیاری بوێرانەی وروژاند، دەستی خۆشبێت.

ئەم وتارە گەلێک بابەتی گرنگی لەخۆگرتووە، بە پێویستمزانی هەندێک راوبۆچوونی خۆم لەسەر ئەم وتارەو ئەو نووسینەی کاک ئازاد جوندیانی کوردستانی نوێو هەندێک نووسینی دیکەش کە لە وەڵامیدا نووسراون، بڵاوبکەمەوە، بەو ئومێدەی باسەکە دەوڵەمەندتر بکاتو فرسەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕاش زیاتربکاتو سەرەتا لەسەر غوبنی سلێمانیو هۆکارەکانی دەستپێدەکەمو پاشان دێمە سەر ئینعزالیەتو نۆستۆلۆژیای سلێمانی، هەر چاودێرێکی سیاسییو مێژوونووسێک چاو بە مێژووی یەکێتیدا بگێڕێت، تەنیا جارێک نابینێت ئەو حیزبە دانی بە هەڵەکانیدا نابێتو رەخنەی لە خۆی گرتبێتو نابینێت بۆ تەنیا جارێک لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا باسی شکستو هۆکارەکانیو دەرئەنجامەکانی خرابێتە ژێر باسو لێکۆڵینەوەو لیژنەی بۆ دروستکرابێت، هەمیشە هەر وەک هەموو فەرمانڕەوا ستەمکارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هۆکاری شکستو هەڵە سیاسییە کوشندەکان خراوەتە ئەستۆی پیلانی دەرەکیو دروستبوونی هەر ئۆپۆزسیۆنو هەڕەشەیەکیش لەسەر کورسی ئەو دەسەڵاتە بە دەستی دەرەکیو خائینانو تابووری پێنج ناوبردووەو هەمیشە دەستی چەوری شکستو هەڵە سیاسییە گەورەکان بە پلەکانی خوار خۆیانو بەتایبەت ئاستە نزمەکاندا ئەسون، بۆیە نابێت م.عەتا چاوەڕوان بێت یەکێتی لە دەرەوەی ئەم ڕێسایە ببزوێتو کەسی یەکەم دان بە شکستدا بنێتو ئەم دۆڕانە دون کیشۆتانە نەگۆڕێت بە سەرکەوتن.

دیاریکردنی وادەی یەکەم شکستی یەکێتیو گرێدانەوەی بە کاتی دانانی کاک کۆسرەت وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، تێنەگەیشتنە لە واقعی ناو یەکێتیو ئاگادارنەبوونە لە چۆنێتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی پێشتری یەکێتی، جا بۆئەوەی هەڵسەنگاندنو شیکردنەوەکەمان بابەتی بێت، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کۆنگرەی یەکەم، کە تێیدا ناکۆکییەکان گەیشتە ڕۆخی تەقینەوەو لێکترازان.

لەو کۆنگرەیەدا مەسەلەیەکی سیاسیو فیکری گرنگ هاتە گۆڕێو تێکڕای ئامادەبووانی ناو کۆنگرەی کردبوو بە دوو بەشەوە، لایەکیان داوای بەمۆئەسەساتکردنو دابەشکردنی دەسەڵاتو سەرکردایەتی بە کۆمەڵو دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو و شەفافیەتی دەکرد، ئەوی دیکەیان داکۆکی لە دەسەڵاتی رەها بۆ سکرتێرو تاکڕەوییو هێنانە پێشەوەی ناوچەگەریی وەک مەرج بۆ دیاریکردنی سەرکردایەتیو پاوانکردنی حیزبو بڵاوکردنەوەی عەقڵییەتێکی هەلپەرستانەی میکافیلیانەو باوکسالارییو خێڵو عەشرەتو ناوچە پەرستی بوو بە دروشمو سیاسەتی ئەم هەژموونەی ناو کۆنگرەی یەکێتی زیاتر لە دوو هەفتەی خایاندو هەموو هەوڵەکان گەیشتنە بنبەستو سەرئەنجام لایەنی یەکەم بەرپرسیارانە لەجیاتی ئەوەی ناکۆکییە فیکرییەکان بە ئاراستەی بەریەککەوتن بەرێتو هاوڕێو هەڤاڵە چەک بەدەستەکانی بە گژیەکتردا بچنو دەستیان بچێتە خوێنی یەکترییو بۆ ئەوەی بازووی شەڕکەری کورد، کە ئەوکاتە هێزە سەرەکییەکەی پێشمەرگەی یەکێتی بوو پەرتو لاوازنەبێتو یەکێتیش لە بەردەم پارتیو ئیسلامییەکانو لایەنەکانی دیکەدا نەشکێت بڕیاریاندا یەکلاییکردنەوەی ململانێ فیکرییەکانی خۆیان بۆ کاتێکی گونجاو کە هەڕەشەی بەعسو مەترسی لەسەر کورد نامێنێت، هەڵبگرن.

بۆ تێگەیشتن لە توندوتیژیی ململانێکانی ناو کۆنگرە ئەوەندە بەسە کە لە کۆی تێکڕای سەرکردایەتی تەنیا پێنجیان بە دەنگ دەرچوونو هەرسێ سکرتێر بە چەپڵەو باقیانیش بە بڕیار کران بە سەرکردایەتیو ئەندامانی(م.س) بەبێ کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە بڕیار دەستنیشانکرانو دواتر ئەندامانی (م.س) بوون بە تێکەڵەیەک کە سکرتێری گشتیی دیاریکردبوون، کە لە ئاشو حسکو زەحمەتکێشانو شۆڕشگێڕانو لە کۆمەڵەش کاک جەبارو کاک کۆسرەتیش بۆ زیادکرا بۆ دژایەتیکردنی کاک نەوشیروان، لەو ڕۆژەوە ئیتر دەکرێت وا دابنرێت یەکێتی تەپڵی سەری براو کۆ دەنگی لەسەر دەستی «مام»دا نەبێت بۆ کەسی دیکە نەدەکرا دروستبکرێت.

بۆ درێژەدان بەم سیاسەتی مۆنۆپۆلکردنە، یەکەمجار د.فواد مەعسوم کرا بە سەرۆکی ئەنحومەنی وەزیران (کاک نەوشیروان دوای دەرئەنجامەکانی کۆنگرە ئامادەنەبوو هیچ پۆستێکی پەرلەمانو حکومەت وەربگرێتو پێیوابوو بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە هەلی سەرکەوتنی هەبێت پێویستە مام جەلالو مەسعود بارزانی خۆیان سەرۆک حکومەتو پەرلەمان) بن.

دواتر لە کابینەی دووەمدا کاک کۆسرەتو ئیتر قۆناغی بچووککردنەوەی سلێمانیو پەراوێزخستنی پراکتیزەکراو لە کۆنگرەی دووەمیشدا کەمکردنەوەی ڕێژەی سلێمانییەکانی لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا لێکەوتەوە، بۆیە راسترە کۆنگرەی یەک دابنرێت بە سەرەتایی غوبنی سلێمانی لەسەر ئاستی بەرپرسیاریی وەرگرتنی سلێمانییەکان، هەروەک م.عەتا ئیشارەتی پێداوە نەک دانانی کاک کۆسرەت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

سیاسەتی نەخشە بۆکێشراوی پەراوێزکردنی سلێمانی لە شەڕی ناوخۆدا نەک خاونەبووەوە، بەڵکو دەرئەنجامەکانی شەڕەکەو ئابلۆقەی ئابووریی پارتی لەسەر سلێمانی سەرباری ئابلۆقەی بەعسو (UN)، مەینەتییەکانی سلێمانی هەر لە برەودابوو، بەتایبەتی پاش دەرکردنی یەکێتی لە هەولێر لە (٣١)ی ئابداو دامەزراندنەوەی حکومەت لە سلێمانی غوبنو مەینەتییەکانی سلێمانی چەندبارەبوون، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەمان لەیادنەچێت کە بەشە هەرە گەورەکەی زیانی شەڕی ناوخۆ لە رووی مرۆییو ئابوورییو وێرانکارییو ئابلۆقەو دەرهاویشە کۆمەڵایەتییەکانی شەڕەوە بەر گەرمیانو سلێمانی کەوتو بەشی هەرە زۆری شەهیدو کەمئەندامو بریندارەکانی ئەو شەڕەو دەرهاویشتەکانی کۆمەڵایەتییەکانی ئاوارەبوونو هەتیو و بێوەژنو بێسەرپەرشتیو نەبوونیو بێ خانەییو سەقەتبوون لێرەن، ئەمە بێجگە لەوەی بەشی شێری زیانەکانی شۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێ بە بۆردومانی قەڵادزێو هەڵەبجەو کیمیاییو ئەنفالیشەوە تا راپەڕین با هەر لەوێ بوەستێت؟!. دیارە لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە خوێن لەبەر ڕۆیشتنی ئابووریی ئەم ناوچەیە تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە هەموو تێچوونی شەڕەکە لەسەر حیسابی گیرفانی هەموو تاکێکی ئەم ناوچەیە بووە، سەر باری سێ ئابلۆقەی ئابووریی پارتیو بەعسو (UN) درێژەکێشانی تا ساڵی (٢٠٠٣) بوو، تائێستاش ئەو خوێن لەبەر ڕۆشتنە ئابوورییە نەوەستاوە هەموو ساڵێک (٤٢٠) ملیۆن دۆلار لە بودجەی سلێمانی دەچێتە باخەڵی حیزبەوەو مووچەو نەسریەی هەموو بارەگاو کادیرو پێشمەرگەکانی یەکێتیو ئاوارەکانی شەڕی ناوخۆ لە موسڵەوە تا بەغداو خانەقینو هەموو هەرێم لەسەر گیرفانی هەموو مرۆڤێکی ئەم ناوچەیەیەو پاشماوەی بودجەکەش بەهۆی گەندەڵییەوە دەڕژێتە قاسەی حیزبو مەسئولینەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە هاوڵاتییانی ئەم ناوچەیە بەهۆی زۆریی کرێی خانوو دابەشنەکردنی زەویی نیشتەجێبوونەوە دەناڵێنن، کەچی زەوییەکانی شارەوانیی لە قەڵادزێو کەلارو چەمچەماڵو دەربەندیخانو سلێمانیو... هتد دەدرێن بە کادیرو مەسئولەکانی حیزب، ئەوانیش بە خەڵکی ئەو شارانەی دەفرۆشنەوە بە گران، خۆ ئەگەر باسی ژێرخانی ئەو ناوچەیە بکرێت کەمترین شت پێی بوترێت ئەوەیە وێرانەو کەلاوەیە، ئەگەر گەرمیانی ئەنفالستان بە نموونە وەربگرین لە ماوەی (١٨) ساڵی رابردوودا یەک بست جادەی قیری بەخۆیەوە نەبینیوە، لەم ناوچەیە هەموو خەڵک بووە بە بەکاربەرو تەنانەت گوندو کشتوکاڵیش فەوتا، لێرەوە چینی مامناوەندیی نەماو تەنیا هەژارو دەوڵەمەند هەیەو هیچ فەرمانبەرێکیش نابینیت بتوانێت بە تەنیا کارێک بژیو خۆ ئەگەر ڕۆژێک نێوانی کوردو بەغدا تێکبچێتو چەند مانگێک ئازوقەو مووچەی لە بەغداوە بۆ نەیەت خەڵکی ئەم ناوچەیە لەبرسا دەمرن.

م.عەتا باسی نەبوونی خەڵکی سلێمانی لە پۆستە حیزبییەکاندا لە شاری سلێمانی دەکاتو رەنگە ئەوەی لەیادچووبێت لەسەرتاپای یەکێتیداو لە هیچ مەکتەبێکی گرنگی یەکێتیدا سەرباری ئەوەی هەموویان بە سکرتێری گشتییەوە پەیوەستن، وەک ڕێکخستنو راگەیاندنو ڕێکخراوەکانو زانیاری سلێمانییەک نادۆزرێتەوە؟! ئەم فەرامۆشکردنە تەنانەت مێژووی حیزبەکەشی گرتووەتەوە هەمووی تەنیا بۆکەسی یەکەم نووسراوەو بەدەگمەنیش نەبێت ناوی کۆمەڵە نابیستیت، لەکاتێکدا کۆمەڵە پەیوەستە بەدەستەبژێری سلێمانیو مێژووەکەشیەوەو بڕواناکەم کاری ڕێکەوت بێت لە ماوەی (١٨) ساڵدا سکرتێری گشتیی بۆی نەلوابێت تەنیا جارێک سەردانی گۆڕی شەهید شەهابو ئارام بکات؟!

ئێستا ئەگەر بێینو بەشێوەیەکی ئەبستراکت سەیری تابلۆ سیاسییەکەی کوردستان بکەین، دەیبینین بە خوێنو دەنگو سەر زەوی سەوزیو بن ئەرزو بودجەی سلێمانی هەموو پۆستە سیادییەکانی کوردستانو عێراقو باقی وەزارەتەکانی دیکەو ڕێژەی بەشداربوون لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو کوردستاندا بەدەستهاتوون، با بزانین چەندیان سلێمانینو چەندی هی شوێنەکانی دیکە، لەگەڵ رەچاوکردنی پلەی خزمایەتی لە سکرتێری گشتییو باقیاتی مەسئولینەوە، سەرباری ئەوەی هەر وەک م.عەتا دەڵێت: ئەوانەش خەڵکی سلێمانین مەرج نییە نوێنەری سلێمانی بنو قسەکەشی راست دەرچوو، لەم هەڵبژاردنەدا سلێمانییەکانی یەکێتی متمانەیان بە دەست نەهێنا؟! لێرەوە ئیتر جێی خۆیەتی پرسیارێک بکەین، ئەگەر ئەم دۆخە سیاسییو ئابوورییو کۆمەڵایەتییەی ئێستا گەرمیانو سلێمانی دەیگوزەرێنێت؟! ئەگەر غوبنو غەدر نییە، چییە؟!

تێبینی:

لە زۆربەی فەرهەنگە عەرەبیو کوردییەکاندا «غوبن» بە زوڵمو فێڵکردن لە معامەلاتو قۆڵبڕینو بیرچوونەوە دێت، من نەمویست دەستکاری بکەمو بیگۆڕم بە یەکێک لەمانە.



# بێهەڵوێستی نێچیرڤان بارزانی!

**سیروان ڕەشید**

سزادانی سیاسیی، بە بڕینی مووچەو گواستنەوەی نائوسوڵی لەدژی کارمەندانی حکومەت تادێت لەلایەن بەرپرسە حکومییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بەردەوامیی پێدەدرێت.

ئەم شاڵاوە نامرۆڤانەیە، کە تائێستا زیاتر لە (١٧٠٠) خێزانی گرتووەتەوە، هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم عەدنان عوسمان بە «پاکتاوی ئیداریی» گوزارشتی لێکردووە. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووی مۆراڵیو یاساییەوە بەرپرسیی یەکەمە لە هەر ناهەقیو پێشێلکارییەک، کە لەلایەن هەر دامودەزگاو لایەنێکەوە بەرامبەر هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە بکرێت، بەوپێیەی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێمی کوردستاندا.

نێچیرڤان بارزانی لەو کاتەی بوو بە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی یەکگرتوو لە کارنامەی حکومەتەکەیدا باسی ئەوەیکرد، کە «پاراستنی مافی مرۆڤ وکەرامەتی ئینسانەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ئەستۆدایەو رایگەیاند: ئەم کابینەیە پارێزەری مافی هەموو هاوڵاتییان دەبێت بە یەکسانیو بەبێ جیاوازی، پابەند دەبین بە ئازادیی تاکو هەموو هاوڵاتییان بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، مافی بنەڕەتی هەیەو پێویستە بپارێزرێت. «دەقی وتاری نێچیرڤان بارزانی لە مەراسیمی سوێندخواردنیدا، ڕۆژنامەی خەبات رۆژی (٢٠٠٦/٥/٨) بڵاویکردووەتەوە»، بەڵام جەنابی سەرۆک وەزیران ئێستا ئەو هەڵسوکەوتەی بەرپرسانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی لە دەزگا حکومییەکاندا ئەنجامیدەدەن شتێکە پێچەوانەی مافی هاوڵاتیبوونەو رەفتاری رژێمە تۆلیتارو دیکتاتۆرییەکانە، چونکە لە هیچ وڵاتێکی دنیادا کارمەندی حکومی نانبڕاو ناکرێت لەبەرئەوەی بیرو بۆچوونی سیاسیی جیاواز بێت.

**بەڕێز سەرۆک وەزیران.** دەزانی ئازاری ئەو خێزانانە چەند بەسوێیە، کە سێ مانگە مووچەیان بڕاوەو منداڵەکانیان بۆ ئەم جەژنە مەحرومبوون لە کڕینی جلی جەژن!.

من دەزانم کە هەندێک لەو کەسانەی کە سزادراون لە ئۆرگانە حیزبیەکاندان و ڕەنگە حیزبیش ئەو مافە بەخۆی بدات نانی ئەندامەکانی ببڕێت، بەڵام من قسە لەو بەشە سەرەکییەی نانبڕاواندەکەم، کە مووچەخۆری حکومەتەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانینو لە سلکی (فەرمانبەران، پۆلیس، پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، پاسەوانی سنوور)ن، کە هەندێک لەمانەش گواستراونەتەوەو لێپێچینەوەی نائوسوڵییان بەرامبەر کراوە.

لێرەدا پێویستە لە بەڕێز سەرۆکی حکومەت بپرسین، ئایا ئەو رەفتارە کە دەرهەق بە کارمەندانی حکومەتەکەت دەکرێت، ئێوە پرستان پێکراوەو ئاگاداری ئەو نانبڕینو سزا ئیداریانەن؟ ئەگەر وایە بەڕاستی قبوڵکردنی لەلایەن بەڕێزتانەوە کارەساتەو زەرەر لە داهاتووی سیاسیتان دەدات!، خۆ ئەگەر ئێوەش ئاگادارنین ئەمەشیان کارەساتێکی گەورەترە، کە لەژێر دەسەڵاتی ئێوەدا رۆژانە تاوانی لەو چەشنە ئەنجامدەدرێ و ئێوە لێی بێئاگان.

نێچیرڤان بارزانی توانی لەماوەی (١٠) ساڵی رابردوودا وەک کەسایەتییەکی سیاسییو ئیداریی خۆی بسەپێنێت، ئێستاش جێگەی شانازییەکی گەورە دەبێت کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو بڕیارە فەرمییو زارەکییانە بدات، کە دەرهەق بەو کارمەندە حکومییانە کراوە (کە ئێستا بە لیستێک ناوو پیشەی زیاتر لە (١٧٠٠) مووچەخۆر لەبەردەم سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەماندایە).

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی.** دەزانی ئەو پاکتاوە ئیدارییەی لەژێر دەسەڵاتی پێشووی هەرێمی سەوزو حکومەتەکەی تۆ دەگوزەرێت ئەگەر سنوورێکی بۆ دانەنرێت رەنگە کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا بێنێت و بەدڵنیاییەوە ئێوە بەشێکی گەورەی بەرپرسیاریەتیەکەی لەئەستۆ دەگرن.
















چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩